ئیرۆسکێ

# هەڵکەندنی مانگ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئیرۆسکێ

# هەڵکەندنی مانگ

## ئەزموون و دەقی والا

دڵشاد عەبدوڵڵا



ناوی کتێب: ئیرۆسکێ – هەڵکەندنی مانگ – ئەزموون و دەقی والا
نووسینی: دڵشاد عەبدوڵڵا
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٩٤
دەرهێنانی هونەری ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ڕەزا ئازموودە
چاپی دووەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٥٧٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

بەشێکی ئەم کتێبەم بە ناوی «ئیرۆسکێ» لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ بووە، بەڵام لەبەر کەمی تیراژ، لە کتێبخانەکاندا، تەواو بوو چەند جارێکیش لە لایەن دۆست و برادەرانەوە داوام لێ کراوە کە سەرلەنوێ چاپی بکەمەوە، منیش ئەو داوایەم ڕووبەڕووی برادەری ئازیزم کاک «بەدران ئەحمەد حەبیب» کردووە، ئەویش بە سوپاسەوە بڕیاری جێبەجێکردنی دا. ئەوەی پێویستە لەو پێشەکییەدا بیڵێم ئەوەیە، کە ئەو کتێبە لە سەرەتادا کۆی چەند گۆشەیەکی ئەدەبی بوو لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوبوونەتەوە، دەسکاریی بەشێکیانم کردووە و ئەوانی ترم وەکی خۆی هێشتۆتەوە. ئەو گۆشانەش لە نێوان ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٦ نووسیومن. ماوەتەوە بڵێم کە ئیرۆس هێزی خۆشەویستی و پاراستنی خود و بەردەوامبوونە، (کێ) پاشگر و دەلالەتە بۆ جووڵەی ئەو هێزە.

دڵشاد عەبدوڵڵا

# پێشەکی

ئەم کتێبە ڕامانێکە تا چۆک شل دەبێ لە بەرامبەر جوانیدا... تەماشەکردنێکە تا چاو بڕ دەکا. بە ئاگری لەش دەست پێ دەکەم، کەون و کائینات بلێسەی ئەو ئاگرەیان پێ خامۆش نابێ. نازانم حیکمەت چی بوو مرۆڤایەتی ئەو ئاگرەی کرد بە بەرۆکی پرۆمسیۆس و هێندە لە کلپە سەندنی ترسا و دایە بەر لەعنەت و تووڕی هەڵدا ناو مەتاهاتی عەقڵ و ئەخلاق و مەعریفەوە، گۆیە لەش ئەو شتانە بەرهەم ناهێنێ، بەڵکو هێزێکی شەبەقییەو هەر جۆرە دەست تێوەردانێک دەبێتە مایەی ورووژاندنی شانە سەرەتاییەکانی. ئۆکتافیۆ پازی شاعیری مەکسیکی (کە نۆبلی ئەدەبی ساڵی ١٩٩٠ی وەرگرت) دەربارەی لەش دەڵێ: (لە ناکاو هیچ سنوورێک نەما). باشە هێزێک بتوانێ لەناکاو هیچ سنوورێک نەهێڵێ دەبێ چ جۆرە هێزێک بێ. بێ شک ئەو هێزە ئەگەر مەنتیق و ئەخلاق و مەعریفەیەک بەرهەم بهێنێ دەبێ هەموویان وەکو بێ سنوور شکێن بن، ئەوەی سنوور شکێنە ئازادییەو ئەوەی سنوور پارێزە (دەسەڵاتە). یەکەم تاوان دەرهەق لەش ئایین کردی، کە سەیری تابلۆ و نەخشی ئێجگار کۆنی سەر دیوارەکان دەکەی، دەبینی لەش و هێزی ئیرۆس و ئیرۆتیکا چەند ڕوون و بێ گرێ دەردەکەوێ و نەخراوەتە ناو قەفەسی یاسای کۆمەڵایەتی و مۆراڵەوە، دەرگای زیندان و قوتابخانەو ماڵ و سیاسەت و کتێب و مزگەوتی لەسەر دانەخراوە، خۆی وەکو باڵندەیەک ئازادانە دەفڕێ. کە بیر لەو هەموو کۆت و پێوەندە دەکەیتەوە کە خراوەتە کەمەری لەشەوە، ئەو هەموو پەڕۆ ئەستوورە دەبینی کە کراوەتە بەر جەستەی ئەو ئاگرەوە، ئەو کات هەست دەکەی کە هێزی لەش چەندە بەسامەو جەبەرووتی چەند لە ڕادە بەدەرو چەند جێگەی مەترسییە لە بەرامبەر دەسەڵاتەکاندا. یەکەم ژن کە کراسی تا سەرووی ڕانی شەق کردو بەو تلیشە سەرنج ڕاکێشەوە سەمای کردو ڕان و پشتی ڕووتی خۆی نیشان دا لای من یەکەم یاخیبوونی ئازادی لەش بوو دژی شەوی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی.



لە ناو کتێبە پیرۆزەکاندا لێرە و لەوێ شەوق و بریسکەی لەش دەرکەوتووە، سلێمان پێغەمبەر لە سروودی سروودەکاندا دەقێکی ئیرۆتیکی پیرۆز و ئێجگار جوان و دانسقەی تۆمار کردووە، سروودێکی بۆ خرۆشاندنی لەش گوتووە هیچ کەسێک نەیگوتووە ئەو دەقە دەچێتە خانەی ئەدەبی رووتەوە، هێندە سەرامەدانە باسی سک و مەمک و ناوک و ڕانی ژنی کردووە ئێستا جورئەتی ئەو ڕاست و ڕەوانییە لە دەربڕیندا نابینرێ. لە ئایینی هیندۆسی و بوزاییدا لەش شوێن و پایەیەکی بڵندی بۆ دانراوە، سەرچاوەیەکی بێگەرد بووە بۆ زانیاری. ئەو ڕۆژگارەی جیمس فرێزەر بە قۆناغی (سیحر) ناوزەندی کردووە لە مێژووی کۆمەڵگادا، قۆناغی زێڕینی لەش بووە، قۆناغی ئایین بە سەرکوتکردنی هێزی لەش دەستی پێ کرد و بایەخی بە گیان و ئەخلاق دا، لە بەرامبەردا لەش بووە شوێنی هێزە پیس و تێکدەرەکان! لە گۆڕستانی (ئەدیابین) لە کوردستانی تورکیادا هەندێ پەیکەر لەسەر گۆڕەکان دروست کراون کە هەموویان لای سەرەوەی لەشن، شوێنی عەقڵ و گیان، کە ڕەمزی نەمری و مانەوەن و نیوەکەی خوارەوەی لەش کە شوێنی شەهوەت و ئیرۆتیکایە جیاکراوەتەوە بایەخی پێ نەدراوە، گۆیە ئەو شوێنانەی کە لە خوار ناوکەوە دەست پێ دەکەن نەمر نین و نامێننەوە، ئەو بیرکردنەوەیە ڕەنگە کوردیش لە یۆنانی وەری گرتبێ کە ئەو ناوچانەی کوردستان نزیکترن لێیان بە حوکمی هەڵکەوتنی جوگرافییەوە. هەر لەو دابەشکردنەی فرێزەرەوە کە قۆناغی زانست دەستی پێ کرد لەش وەکو تاقیگەیەک تەماشاکرا بۆ نەخۆشی و دەردەکان و هەروەها وەکی هێزێک بۆ بنیاتنان لە دەرەوەدا. هەرچەندە ڕۆژگار درێژ دەبێتەوە هێندە زیاتر ئەو ڕێگا باریکە بەرەو هەڵدێر دەبێتەوە، ئێستاکە نەک تەنیا لەش ڕوحیش تووڕ هەڵدراوەتە دەرەوەی گۆڕان و دیاردە و جموجۆڵەکان. هەر گەڕانەوەیەک بۆ ڕوح لە ڕێی گەڕانەوە بۆ لەش دەست پێ دەکات، چکو یەکەم شەرتی ڕوحی پاک لە لەشی دروست و خرۆشاو دایە. لە ئەفسانەی (نەرسیس–نێرگز) دا لەش دەگاتە کامڵترین ئاستی خۆ نواندنی، ئەو کاتە موغامەرە دەکا بۆ یەکگرتنەوەی بوون و وێنە لە ڕێگەی مردندا. ئەو موغامەرەیە تەواو جیاوازە لە گەڕانی مرۆیی ئەفلاتوونی بەدوای نیوە بزربووەکەی خۆیدا، چکو نەرسیس بەکامڵی خۆی دەبینێ و موغامەرە دەکا بۆ گەیشتن بەو کامڵبوونە لە ڕێگەی مەرگەوە نەک لە ڕێی هزر و هۆشدا. لەتکردنی ئەفلاتوونی حاڵەتێکی ئیرۆسی

نییە بەڵکو بە فەلسەفە کردنی عەزابی مرۆیە لە میحنەتی خۆشەویستیداو مەغزا و مانای ئایینی لە پشتەوەیە، کەچی ئەوەی نەرسیس دەیخولقێنێ کردەیەکی وجوودییە. لە قەسیدەی (سووتانی ڕەنگەکان )دا نووسیومە: ئایینی لەش سەرخۆشییەکی قووڵی دەوێ! . ئەو سەرخۆشییە بۆ سڕینەوەو لابردنی سانسۆرە، گوشارە دژی دەسەڵات بۆ ئەوەی لەش بچێتە حاڵەتی تریفەیییەوە و حەرام و حەڵاڵی نەمینێ. لەش خاسیەتی رووناکی هەیە، لە خاڵێکەوە دەست پێ دەکاو هەر چەندی نزیک بێ هێندە گەورەتر و گەرمتر و بەخشندەتر دەبێ.

لەش لە تۆی گـــــــوڵێک دەچێ
تا نەڕوێ قـــیـــمـــەتی نازانرێ

# بۆنی مێخەک

هەر گۆشەیەک پڕە لە باڵندەی نوستوو، من بە مەنتیقی باڵندە ژیان دەدوێنم و تەنیا خشپەیەک بەسە بۆ ئەوەی دنیا بە ئاگا بێ لە بن باڵەکاندا. هەر باڵندەو خەون بە باخچەی دڵانەوە دەبینێ وەکی سەهرەوەردیەک، یا چوون نایەک کە نهێنی مەسنەوی دەکاتەوە. من لە گوڵە مێخەکەوە بۆنی خۆم دەڕژێنمە گەردوونەوە، شاعیرێکی بە ئەزموون پێی وتم: ئەگەر ویستت شیعر بنووسی و بۆنی نێرایەتی لێ بێ، بە گوڵی مێخەک بینووسە، سۆر بچێتەوە لەناو دڵەکاندا. گوڵە مێخەک هەزارویەک مەعنای هەیەو هەر هەموویان بۆ جوانی و دڵگیری و بۆنخۆشی و تاوسەندنی هێزی ئیرۆتیکا بەکاردەهێنرێ، هەر بۆیە ژنان دەیکەنە ملیان، یا لە یەکەم نوستنیان لەتەک مێردەکانیاندا لەبەر دەرگای دادەنێن تا نەوەی زیاتریان لێ بکەوێتەوە. دەڵێن لێوی کچان بۆنی گوڵی مێخەکی لێ دێ... کێ چاندوویەتی؟ لە تابلۆدا بۆن و بەرامە دەبەخشێ بە ڕەنگ، وەکو چۆن پووش و پەڵاش بۆنی پایز دەبەخشێ بە سروشت. حیکایەتی مێخەک تەواو نابێ، لە پورتوگال شۆڕشێک بەناوی مێخەکەوە ناونراوە، لەناو بورجەکانیشدا، جۆرە بورجێک هەیە بەناوی گوڵەکان و لە ناو ئەوانیشدا بورجی مێخەک هەیە کە دەکەوێتە نێوان (٣-١١) ئەیلولەوە. مێخەک بەو هەموو جوانی و سیحرەوە چۆتە دەیان دەقی شیعریی و تابلۆی سەرنجڕاکێش و داو دەرمانی لەش جوانی و چارەسەری ئازارەکانی لەشەوە.

مێخەک نێرە
بۆیە ژنەکان حەزیان لە نووستنی تەک مێخەک و
ژێر سەهەندیەتی
تا ئاوس بن پێی
بۆندار بن بە بۆنی
ڕۆژێ ژنێک بە ڕێکەوتیش



نەچووە لە ژێر گوڵە پاتۆنیایەک بنووێ!
یا گوڵە حاجیلەیەک بخاتە ژێر بالیفیەوە.
لەش شمشاڵە یا لە شمشاڵ دەچێ
ئاوازی خۆش
لەو شوێنانەوە باڵ دەگرێ
کە پەنجە بەریان دەکەوێ.
لەش بریتییە لە چاو
ئەویش چەشنی سەبەتەیەک
گوڵی تێ بکەی گوڵ دەگرێ .
لەش بریتییە لە دەست
ئەویش وەکی چڵ، تەنیا بێ، وشکە
کەسک و تەڕە ئەو کاتەی
گەڵا سەردەکەن بە قۆڵیا.
گوڵە مێخەک ئازار دەکوژێ
لەش پڕە لە ئازار،
گوڵە مێخەکی زۆرترم دەوێ.

*

(نالی) لە ڕووبارێک دەچێ کەناری خۆی بسڕێتەوە
کوڕ دەخاتە لای ڕاست و کچ دەخاتە لای چەپیەوە
لەو چەپ و ڕاستەدا مەعنایەک دەخولقێنێ
نە چەپ و نە ڕاست.
(کوڕ ئایینەیی، حوسنی تا وەک کچە، مەنثورە
گرتی کە غوباری موو چینی کوڕ و مینا کچ )
(بایێکی هەیە دونیا بۆ عەشقی مەجازی، بەس
"نالی" چیە ئەو بایە: ئادەم کوڕ و حەوا کچ)

ئەی پێش ئەوەی غوباری موو بیکا بەچینی
ئەو عەشقی مەجازییە چی بوو لە ئادەمدا؟
مێخەک نێرەو حەبیبە مێ و
قالە نێر
لەناو ئەو سێگۆشە ئەندازەییەدا
ڕووناکییەک دەردەکەوێ
نە نێرەو نە مێ
(کوردی) ڕاستی کرد بەری خۆی دا ڕاست
(نالی) راستی کرد بەری خۆی دا چەپ
هەردووکیان بە دوو ڕێگادا
بۆ یەک هەوراز هەڵکشان



# زمان و نامۆیی

زمان هێندە پەلوپۆی هاوێشتووە، هێندە ڕەگی ڕۆیشتووە وا مەزەندە دەکەی شتێک نەبێ لە دەرەوەی زماندا، تا ئەو ڕادەیەی بڵێی بوون بریتییە لە زمان. زمانی کوردی بە ئەندازەیەک نزیکە لە سروشت کە یەک ڕیتمی و یەک ڕەهەندی (ئەوەی لە سروشتدا زۆرە) تەواو کشاوەتە ناوی. من لەناو ئەو زمان و فەرهەنگە یەک ڕیتمی و یەک ڕەهەندییەدا هەست بە نامۆ بوون دەکەم، بۆیە پێم وایە یەکەم هەوڵی شیعریی لە بواری تازەگەریدا، هەوڵی ڕزگار بوونە لەو نامۆیییە، یا زاڵبوونە بەسەریدا.

دیمەنێک لە ئاقاری ئەم نامۆییەدا:

ئەو چەقۆیەی سێوێکی پێ قاش دەکرێ، هەمان چەقۆ نییە کە بە دەست قەسابێکەوەیە، ئەویش هەمان چەقۆی دەست دکتۆرێک و چەقۆی ناو جامخانەیەک نییە. چەقۆیەک کە بە دەست پیرێکەوەیە تەواو جیاوازە لە چەقۆی دەست منداڵێک، پاشان چەقۆیەک کە لەناو تاریکیدا ببریسکێتەوە سام و ترسی ئێجگار جیاوازە لە چەقۆی بەر تیشکی هەتاو، لەوەش بترازێ چەقۆی چێشتخانە هەر تەواو جیاوازە، بەتایبەتی ئەو، کە ئولفەتی گرتووە لەگەڵ کەوچک و چەنگاڵ و قاپ و سفرەوە... چەقۆ کە لەگەڵ ئەوان دایە جیایەو کە بە تەنیاش بوو پڕە لە وەحشەت. لە شیعری کوردییدا، چەقۆ ئێجگار کەم بەکارهاتووە و چەقۆیەکیش کە مەجازی بێ و بەکارهاتبێ بریتییە لە: چەقۆی سەر ملی ئیسماعیل پێغەمبەر (ملی قوربانی)! چەقۆ ڕەنگی خۆڵەمێشی ڕابردووی هەڵگرتووە، وەکو هەموو وشەکانی تری ناو فەرهەنگی کوردی، ڕەنگێکی مات، کەس نەهاتووە باسی چەقۆیەک بکات بە دەست خانمێکەوە بووبێتە تریشقەو شەوی باینجانی بە شریخەی ڕووناک کردبێتەوە! خانمێک کە بەو مۆسیقا و خەمناکە تەمەنی خۆی دەژەنێ و چەقۆیەکی زیوینی بریسکەداری دەسک پرتەقاڵی خۆرنشین ئاڵاوە لە دەست و مەچەکی بلوورینیدا.

لەش زەلیلی قبوڵ ناکا
دەست خۆی دەشکێنێ بۆ بزر بوونی دۆست
چاو خۆی کوێر دەکا

لەش لە سێگۆشەی پەرمۆدا دەچێ
ئەوەی پێی گەیشتووە نەهاتۆتەوە.

*

لەش دەمرێ!

گیان پەلە پەل ڕادەکا... وەکی چۆن یەکێ ماڵی بسووتێ و بەتاو بیەوێ خۆی ڕزگار بکا.

هیندۆکی و بوزاییەکان وا مەزەندە دەکەن کە گیان لە وادەی مردندا لە کەللەسەردا حەشار دەدرێ، بۆیە ئەوان جەستەی مردوو دەسووتێنن تا کەللەی بتەقێ و گیان دەرپەڕێ و ئازاد بێ و بچێتە ناو جەستەیەکی ترەوە. میسرییە کۆنەکان بە جۆرێکی تر لەشیان دەپاراست تا بۆ (لەدایکبوونێکی تر) ئامادە بێ، ئەوان لەشیان بەتاڵ دەکرد و گلێنەیان پڕ دەکرد لە شەمێ، زاریان پڕ دەکرد لە شەمێ، کونی لووت، گوێیان پڕ دەکرد لە شەمێ، لەشیان دەئاخنی بە داری چینی و ڕۆنی درەخت و قیڕ و قەتران و شەڕابی خورما و بەری عەرعەر و... هتد، ئەوان لەشیان لە جەستەیەکی مرۆیی زیندووەوە کردبووە جەستەیەکی مێژوویی و فەلسەفی.

*

شەبەنگی لەش لە ئاوێنەدا دیار ناکەوێ
ئەگەر چی ئەو یەکەم جار هەڵتۆقانی ژێر پێست و
گەندە مووی لامل و خەت خەت و لۆچی هەنیە و
قۆپانەوەی لا ڕوومەت و سێبەری تەمەن دەنوێنێ،
وەلێ ئەوەی لە ئاوێنەدا نابینرێ
دیوی ڕاستەقینەی لەشە لەکاتی خرۆشاندا
ئەوەی بە هەزار گرێ و گۆڵ گیان خڕی دەکاتەوە
لەش بە چاو نووقانێک پێتی دەڵێ،
ئەویان لە شیعرێکی ڕەمزی دەچێ
ئەمیان لە شیعرێکی سەهلی مومتەنیع!
لەش گەورە و بێ پایانە مەعنای
وەلێ بچووکە دەرکەوتنی.



# سیحری ئەنگوستیلە

ئەنگوستیلە قامکی ڕێک و خەیاڵی بڵند و کورسی حوکم و سیحری سیحربازانمان دێنێتەوە یاد.

(هەر حوکمە و
ئەنگوستیلەیەک دەیسووڕێنێ
من گوڵی مێخەکی سوورم
خستۆتە نێوان پەنجەکانمەوە
هەر حوکمە و
کورسییەک دەیگێڕێ
من لەسەر فەرشی گیا
دانیشتووم
حوکمی ئەستێرەیەک دەکەم
لەو سەری دونیا دا).

دەڵێن: لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفاندا ئەو ئەنگوستیلەیە کەوتە ناو بیرێک کە لە دوای پێغەمبەر ماوەتەوە. کە ئەو ڕەمزەش بزر بووە ئیتر فیتنە کەوتۆتەوە.

ئەنگوستیلە/ لە ئاوێنەیەک دەچێ هەریەکەو بەختی خۆی تێدا بخوێنێتەوە
دەسەڵاتداران چارەنووسی حاکم و
عاشقانیش ئاکامی عەشقیان.

دەریاوان بەردی گرانبەها لە بنی دەریاوە دەهێنن، وەستای زانا هەرجارەو پارچەیەک لەو بەردە کە هەر هێندەی بیلبیلەی چاوی بولبولێک بێ دەیخەنە ناو سیحری ڕەنگەوە، دەینەخشێنن بە نەخشی سیحر و باڵندە و هێمای حەز و مەراقی گەورەوە، ئەوسا قامکە باریکەکان خۆیانی پێ دەڕازێننەوە، هەروەها قامکە درشتەکان حیکمەتی خۆیانی پێ دەردەخەن و هەر یەکەو ناوی دڵخوازی خۆشی تێدا هەڵدەکۆڵێ.

ئەنگوستیلە بەشێکە لە حیکمەتی جەستە لە نواندندا
پەنجەرەیەکە بۆ هەوری خەیاڵ
خاڵێکە بۆ سەقامگیریی.

*

ئەرکی وشە لە شیعردا فڕینە، فڕینیش بەشێکە لە ڕاپسکان و تاودان بەرەو ڕەهایی، بۆیە ڤرلین دەڵێ: «شیعرلە
مۆسیقا و
وشەی تەماویی و
سێبەری وشە دروستدەکرێ.»
شیعری جوان و بێگەرد ڕەنگدانەوەی لە ناو کۆمەڵدا نییە.

*

هەموو جارێک بەردێک دێتە سەر ڕێگام و حیکمەتێک
دووبارە دەکاتەوە:
واز لە بابەتە گەورەکان بێنە و
ببە هاوڕێی بچووکترین دەنکە خۆڵی
سەر رووی گوڵێک!
هەموو جارێک دەریایەک دێتە خەومەوە و بە چرپە پێم دەڵێ:
من زاکیرەی یەکەم دڵۆپم
بیری ئەو دڵۆپە دەکەم.
کە بەئاگا دێم دەبینم، دەریا، قەترە ئارەقەیەکە
بە ئاستەم بەسەر روومەتما هاتۆتە خوار

*

بۆ یادی مەسیح:
ئێوارە پڕە لە سێدارە
تا چاو بڕکا
ئێوارە پڕە لە مەرگ
لەناو هەموو سێدارەکان



تەنیا سێدارەیەک توانی
ئەو ئێوارەیە بەناوی خۆی ناوبنێ
من لە دوا ئێوارەی مەسیحدا
بۆنی بەیانییەک دەکەم

*

ئەنگوستیلە لە قوڕ و لیتەدا بزر دەبێ
بەڵام کەسم نەدیوە لە بەفرێدا
ئەنگوستیلەی بزر بکا!

حەزرەتی سلێمان خاوەنی بەناوبانگترین ئەنگوستیلەی سیحراوی بوو، ئەو بەڵقیس شاژنی سەبەئی لەبەر ڕۆژەوە هێنایە ناو کۆشکی بلوورینی خۆیەوە، ئەو کات بەڵقیس کراسی بەرزکردەوە وایزانی لەسەر ئاوێ دەڕوا، نەیزانی سیحری جوانیپەرستی زەوی کردووە بە شووشەی تەنک و ژێر ئەو سیحرە پڕ بووە لە ماسی و ئاقیق و وردە شەپۆڵ.

تا ئەمڕۆش گەورە عاشقانی دنیا
سوجدە دەبەن بۆ حەزرەتی سلێمان
جن و باڵندە سوجدەی بۆ دەبەن
ئەنگوستیلە پشتی ڕادەگرێ
ئەویش سواری بۆ سەرکەوتنی!

*

ئێوارەی مەسیح و
ئەنگوستیلەی سلێمان
هەردووکیان پڕن لە ڕووداوی هەمەجۆر
هەندێکیانمان دیوە
ئەوانی تر نابینرێن لەبەر تیشکی خۆر.

# ئیكسیری شڵەژان

دوای چەندین سەدە لە گەڕان و تاقیکردنەوە، ئێستا زانایان دەڵێن ئیکسیری خۆشەویستیمان دۆزییەوە، لە شەڕابی عیفریت (کە ڕۆحی گوڵێکە و پاشای جنەکان شەیدای بوو). کۆمەڵەی شانشینی بەریتانیا بۆ ئیشوکاری کیمیاگەری لەو دەقەی شکسپیری کۆڵیوەتەوە کە لە"خەونی شەوی هاوینە" دا باس لە ئیکسیری خۆشەویستی دەکات، کەسیحری گوڵێکە لە جۆری وەنەوشەی کێوی و ئارامی دەبەخشێ بە دڵ. شەکسپیر شارەزاییەکی زۆری لە گژوگیا و ڕووەک هەبووە، ئەو جۆرە شارەزاییە هەر لە کەسی داهێنەر دەوەشێتەوە. ئەفراندن لە هەستە بچووکەکان و لە شتە بچووکەکان و لە پەیوەندییە لاوەکییەکانەوە دروست دەبێ، هێندەی ئەو جۆرە شتانە بایەخیان هەیە لە ئەزموونی نووسیندا، هێندە بابەتی قەبەو زەق بێ کەلکن بۆی. لەو ڕوانگەوە دەبینین زانیاری و سووچی بینین و شێوەی ئاڕاستەی هەست و بایەخدانی داهێنەر زۆر جیاوازە لە هی ڕۆشنبیر، ئەگەر چی ئەفراندن بەبێ ڕۆشنبیریی بەرهەم نایێ، بەڵام ڕۆشنبیریی چ ئاقار و سەرزەمینێک؟ بەپێی ئەو حیکمەتەی گۆتی، (کە داری ژیان هەمیشە کەسکە)، ئەفراندن پشت بەو هێزی کەسکاییە دەبەستێ تا هەردەم چڵی ڕوانین و گەڵای دەربڕینی سەوز بێ.

گوڵە حاجیلە چەند پێویستی بە هەتاوە
هێندەش حەزی لە گرمە گرمی هەور و
داکردنی باران و تەڕایەتییە
بۆ گەورە بوونی پنج و کردنەوەی گەڵاکانی.



# وەرزی شڵەژان

١

کەس نازانێ وەرزی شڵەژان دەکەوێتە کام سەری ژیانەوە، هەندێ جار لە سەرەتاوە بەتاو دێ و تا تەمەن بەرەو ژوور هەڵدەکشێ ئەو کزدەبێتەوە. هەندێ جار لە کۆتاییەوە هەستی مردن دەیجووڵێنێ بەلای خۆیدا،

وەکی دی،

ئەوە دێوانە و یاخی و داهێنەرەکانن
کە وەرزی پێنجەمی هەموو ساڵێکیان شڵەژانە
ڕۆژی هەشتەمی هەموو هەفتەیەکیان
سەعاتی بیست و پێنجی هەموو ڕۆژێکیان
چرکە دوای چرکە
تەمەنیان لێواو لێوە لە شڵەژان
شڵەژان هەوێنی داهێنانە
هەمیشە لە بن ڕەقترین هەست و
بن بەردی قورسی ئازار و
چەقێندا
هەڵدەقوڵێ
ئەو ڕێک وەکو ئاو وایە.
شیعر لە بەردی ماتی ژێر ئاو دەچێ
تا نەچێتە ناو ئاوەوە
هەستیان پێ ناکەی
ئەوان نەبن لە قوڕ و لیتە دا نوقم دەبین.

٢

کتێب دەفرۆشرێ کتێب دەکڕدرێ
من هەموو فرمێسکەکان

ناخەمە ناو دیوانمەوە
ئەوانەی دەمخوێننەوە
گەرەکیانە
گریانی من بخوێننەوە لە چاوی خۆیاندا
من بەجۆرێکی ترو
بۆ مەبەستێکی تر گریاوم
فرمێسکم لە شوێنێکی نادیارەوە ڕژاوە
من وشەم نەگۆڕیوەتەوە بە فرمێسک
جۆگەیەک ئەسرینم کردۆتە هەناوی وشەیەکەوە
تا تەڕ بێ گەڵاکانی
دارستانێکی مەراقم گوشیوەتە ناو گەرووی بولبولێکەوە
ئەی نابینی چەند غەریب دەخوێنێ؟!
ئاسمانم کردۆتە کتێب و
زەویم کردۆتە گریانم.
من لەسەر ئایینی هاجەرم
کە وشکایی نزیک دەبێتەوە
گریان چاوی دەکاتەوە و
دەڕژێتە دوورترین کێڵگەی بێ هوودەییەوە
من لەسەر ئایینی هاجەرم
ئاو لە سەحراوە
دەلالتر خۆی دەدا لە لێوی وشک بووی مەراق و
باشتر تەڕ دەبێ ڕەگی گیاکانم.
کتێب دەفرۆشرێ
کتێب دەکڕدرێ
کتێبی گریان بەچەندە؟



## گۆڕە شووشەییەکان

شووشە هەمیشە دنیای جەستە دەردەخا وەکو چۆن هەواو با دنیای روح دەنوێنن. شووشە، شێوەیەکی شکۆداری نواندنە کە تێیدا هەست بە ئارامی و دڵنیاییەکی لووس و بێگەرد دەکرێ، پەیوەندی مرۆ بە شووشەوە فرە ئاست و فرە لایەنە، شێوەکاران پەنایان بۆ ئەو شێوە نواندنە بردووە بۆ ڕەنگ کردن و هەڵکۆڵینی. شووشە چەند تاریک بێ هێندە باشترە بۆ هەڵکۆڵین، منیش لەو گۆشەیەدا لە تاریکترین باری دەروونی بۆیە خاڵ و هێڵ و نەخشی هەڵکەنراوم جوانتر دیارن.

ئەسرین ئاوێکی وەنەوشەییە
ڕوح هەڵیدەدا
بۆ ئەوەی نەژاکێ
بۆیە:
بەزەیی و
سۆز و هەستی پاکی خۆشەویستیمان
بە ژمارەی فرمێسک و
خوڕەی بارینیان دەپێورێ.
گریان جوانترین پردە
لە نێوان خەون و ژیاندا
نا... هەرگیز نیشانەی بێ دەسەڵاتی نییە.

٢

"لە ڕۆخی گۆڕدا خەونێ هەیە: من لایەنی سێیەمی خەونم"
لە ڕۆخی گۆڕدا خەونێ
لە ڕۆخی گۆڕدا پەپوولەیێ
بە دەوری بەردێکی قاوەییدا دەفڕێ
کە ماندوو دەبێ

سەردەکا بە کۆشی بەرد و
بە جووتە خەویان لێ دەکەوێ.
"هەندێ خۆشەویستی گۆڕە"
هەندێ جار هێندە بێزارم
بە درەخت دەڵێم قەدی خۆی بشکێنێ
شەرمەزارییە دار شکۆی خۆی
بداتە دەرگایەک و
زاڵمێک پێیدا تێپەڕێ!
هەندێ جار هێندە بێزارم
بەمن بێ ئاو نەڕژێتە چاوی کانییەوە
نەبادا کار مامزێک دەمی تێ بنێ و
ڕاوچییەک، لە پشتەوە تەقەی لێ بکاو
بیپێکێ.
هێلکەیەک نوستووە لە ژێر بەردێکداو
دەستی بۆ مەبە، با نەترووکێ!
هەندێ جار دەڵێم
لافاوێکی تر پێویستە بۆ ڕاماڵینی
قوتووە موعەلەبەکانی ئایدۆلۆجیاو
کیسە نایلۆنەکانی ڕیاو
قونکە جگەرەکانی زانین و
شتی ترو شتی ترو شتی تر...

٣

لە "گۆڕە نا ئارامەکان"دا
ڕوخسارتان چۆن بناسمەوە؟
لێویشتان نەبێ دەتوانم زەردەخەنەتان بناسمەوە



چاوتان نەبێ دەتوانم تەماشاتان ببینم بە دیارمەوە
دەستتان نەبێ دەتوانم تەوقەتان لەگەڵدا بکەم
ترسم هەیە:
ڕوحتان لێرە نەمابێ
ئەوسا من چی بکەم؟
نیشتەجێی گۆڕە نائارامەکان لە باڵندەی گەردەن سپی ناو کونەداران دەچن
لە وردە ماسی بچووکی دەم ئاوان
جەللادەکانیشیان، لە ماسی خۆرکەی دندووک ئەستووری ناشیرین.

٤

خوا زەوی لە شێوەی دەمو چاوی خۆشەویستێک
دروست کردووە، ساماڵێکی تەنکی داوە بە ڕوویدا،
لە خوار چەناگەی هێمای حەرفێکی گرمۆڵە
کردووە، هەریەکەو بەجۆرێک ئەو حەرفە دەخوێنێتەوە
هەندێ جار ئەو حەرفە هێندە خەمبارە
لە شێوەی دڵۆپێکدایە
دەڕژێتە ناو چاوی گریانی تاریکییەوە.
خودایە!
ئادەمیزاد کە بێزار بوو لەسەر زەوی چی بکا؟
نیچە دەڵێ: بفڕە ببە بە سوپەرمان!
ملڤێل دەڵێ: ڕووبکە ئۆقیانووس
هزرت بدە دەم شەپۆل و گەرداوەوە
ئەکزۆبەری لە فڕیندا چارەنووسی خۆی دۆزییەوە
ئەی نیشتمانی بێ دەریا و بێ فڕۆکەخانە!
من بچمە کوێ؟
کە مردم...

لەسەر گۆڕەکەم بنووسن:

لێرە مرۆڤێک نێژراوە

نەیدەزانی بچێتە کوێ

چاوەڕێ بوو

سیمرخێک بێ و بیبا بۆ وڵاتی سیحر و ئەفسانەی نوێ!

* ئەوەی خراوەتە ناو دوو کەوانەوە دوو دێرە شیعری شاعیری هاوچەرخی عەرەب"قاسم حداد"ن لە پەرەگرافی(٣) دا: گۆڕە نائارامەکان ناونیشانی ڕاپۆرتێکی(میدڵ ئێست ووچ)ە دەربارەی ئەنفال.



# چیای ڕۆح

"چیای ڕۆح" ی چاو زینجیانم نەخوێندۆتەوە، وەلێ ئەو نووسینانەی دەربارەی نووسراون وایان کردووە تا سەر ئێسقان حەزم بە خوێندنەوەی بێ، نەک لەبەر ئەوەی خاوەنەکەی نۆبلی لەسەر ئەو کتێبە وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆمانە زادەی ڕامان و وردبوونەوەی دوا گەشتێکی دووروو درێژە بە کەنار ڕووباری"یانگزی" چیندا، کە دە مانگی خایاندووە و هەموو وردەکارییە هەستپێکراوەکان، لە ڕووناکی و تاریکیدا، هەور و باران، گەلای بۆنخۆش و پان و باریک و درێژکۆلانە، دەنگی مەل و فرەفرِی مێش و مەگەز، ترس و لەرز و لەناکاو ڕاچڵەکین و کەوتن و هەستانەوە، خۆشەویستی و ماجەرای پیاوێکی بەساڵاچوو لەگەڵ کچێکی دەروون گەرمی بێزار تا ئەندازەی پلان داڕشتن بۆ خۆکوشتن و دواتر شەیدابوون بەو پیاوە بەتەمەنەو بەردەوامبوون لە گەشتێکی ڕوحیدا لە چیای ڕوح، ئەو هەموو ڕووداوە تێکەڵ بە نامۆیی جێهێشتنی چین و گیرسانەوە لە فەرەنسا و پرسیارەکانی مردن بۆتەوە، ڕۆمانی گەورە لە بۆشایی دروست نابێ و پرسیارەکانی هزر بەتەنیا بەس نین، بەڵکو موغامەرەی گەڕان و پشکنین زمان پاراو و بێ گرێ دەکاو جورئەتی دەربڕینی دەگەیەنێتە دوا پلەی ڕوونی.

خاڵی بە یەک گەیشتنی نێوان تەمەنەکان خۆشەویستییە

بۆنی لەش و گەڵا و گوناح

لێرەوە دەڕوا

تا دەگاتە چیای ڕوح

من سیمۆنی سیحر باز نیم

ڕوحی پیرۆز لە قەدیسەکان بکڕم

من لە نەسلی ئۆرفیۆسم

ئایینم مۆسیقایە

لەپشت سنوورەکانەوە دەنگێک بەیانی باشم لێ دەکا:

چیای ڕوح لەکوێیە، من ڕووم لەوێیە.

٢

هەناوی زەوی ئاوی تێدایە
هەناوی زەوی تەژییە بە ئاگر
جۆش دەخوا بورکانێک لە ناخما

٣

هەفتەیەکە لەو ماڵەدا بۆنی تۆ دێ
مناڵەکان دەنوێنم و
بیر لە تۆ دەکەمەوە.
دەنگێک لەو دیوی تەلەفۆنەوە
لە پشت دیوارێکی کۆن و
پشت خەیاڵێکی بەجێماو
لە پشت حەزێکی ناکامدا
وەکو چۆلەکە جریوە جریویەتی.

٤

چییە ناهێڵی زەوی بەسەر مردووواندا برووخێ و
ئاسمان
بەسەر زیندوواندا بەربێتەوە؟
چییە ناهێڵێ بیرەوەرییە ئاگرینەکان
بمانسووتێنن و
بەستەڵەکی نائومێدی ڕەقمانکاتەوە؟
لەو دیو هێڵی تەلەفۆنەوە دەنگێک دەیسەلمێنێ
بەفر زەوی دەپارێزێ لە توانەوەیدا
خۆر ئاو دەپارێزێ لە بەهەڵمبووندا
ئەویش ... من دەپارێزێ لە خۆشەویستیدا.



٥

کێشەم لەگەڵ خۆمدا زۆرەو گەوهەری قسە:
من سەبەبکاری ئەو هەموو وێرانییە نیم
من هەڵگیرسێنەری ئاشووب نیم
کەچی قوربانی ئەوانم.
[ئەی خوای مەزن چاوت بنووقێنە
کە سەیری خوارەوە دەکەی، نەبادا
جوانترین مەخلووقاتی خۆت ببینی
بەو شێوەیە ورد و خاش بووە] و
بۆتە وردە کا و
با دەیبا وەکو دەنکە پووشێکی بەجێماو.

– سیمۆن (سەمعان) سیحربازێکە دەیەوێ ڕوحی پیرۆز لە قەدیس یۆحنا و پەترۆس بە پارە بکڕێ و دانتی لە سرووودی نۆزدەمی دۆزەخدا باسی دەکات.
– دوایین پەرەگرافی ناو کەوانە لەسەر زاری ئادەمەوەیە لە "تراژیدیای مرۆڤایەتی"ئیمیری مواداچدا.

# بەرد و هاوشێوەکانی

١

بەرد و مۆرو ئێکسسوارن بۆ نواندنی لەش، لەناو ئەنگوستیلە و ئەڵقە و سەعات و ملوانکەدا تێکەڵ بە زێڕ و زیو و ئەڵماس دەبن ، وەکو چۆن مۆسیقا تێکەڵ بە ڕستەی شیعری دەبێ هەندێ جار ئەو بەرد و مۆروانە لە شێوەی مەل و گوڵ و ئەستێرەدا ، هەندێ کەڕەتیش دەخرێنە شێوەی ئەندازەیی و هەر هەموویان لە ناو فەزای زەرد و سپی و سووری زێڕ و زیو و ئەڵماسدا دەچنە ناو نەسەقی توانا و بەهرەی دەست ڕەنگینەکانەوە، ئەوانەی وەکو وەستای بە سەلیقەو هەڵکەوتوو ناسراون، کەچی لەش خۆشی بە بەردی مەڕمەڕ و بە ئەڵماس و زیو و عاج و شتی تر دەشوبهێنرێ، ئەوەیان دیوی دیاری لەشە کاتێ تیشک دەهاوێژێ بۆ دەرەوە، وەلێ لەش هەر دیوی دەرەوەی نادرەوشێتەوە، دیوی ناوەوەی لە دەریایەک دەچێ، دەریاش پێویستی بە ئەندێشە و جورئەتە نەک ئێکسسوار!

لەش لە دیوی ناوەوەیدا بەردێکی خڕو لووسە و
هیچ شتێکی لەسەر ناوەستێ.
بەرد و مۆرو پڕن لە هێڵ و شەپۆڵی ڕەنگاو ڕەنگ
هەندێ جار بەر کەناری لەش دەکەون و
جوانییەک دەخولقێنن
تەواو لە خەون دەچن.

٢

لە ژێر چەتری دوو برۆدا
دوو ئەستێرە دەڕژێنە گەرووی باخچەیەکەوە
دوو مەل بۆ یەک چڵ دەفڕن
لە یەک سنگدا



دوو بەهێ پێکرا پێدەگەن
بەو شێوەیە و
بەو ڕیتمە ئارامی بەرپا دەبێ.
دوو پەپوولە بەسەر پەڕی گوڵێکەوە
جوانی هەمیشە تاکەکان کۆدەکاتەوە!
تۆ سەیرکە
دوو چاو لە یەک سات تەماشای
دوو گۆم بکەن
ماسی کامیان دێتە ناو شەپۆلی بینینەوە؟
جوانی کامیان دەخزێتە ناو لۆچی سەرنج
کامیان زیاتر دەمێننەوە؟
کە بینین دەشڵەژێ
خەیاڵ دەشڵەژێ و
زمان دەشڵەژێ و
ئاوازی وتن دەشڵەژێ
دوو لێو لە یەک سات ماچ ناکرێن!

٣

ئاوازی وتن لاڵ دەبێ
کە دەیەوێ شتێک بڵێ و
تۆ دەبینێ و هیچی بۆ ناوترێ
میلی سەعات شەو و ڕۆژ بۆ تۆ دەگەڕێ
دەست ببەم بۆ گوڵە شلێر
دەستی تۆ دێتە ناو دەستم
بۆنی هەر پەلکێک بکەم
بۆنی تۆ دەڕژێتە خوێنم

هەموو شتێک لە دەورمدا
ڕەنگی تۆی پێوەیە
بۆنی تۆی گرتووە
هەرشتێک دەبینم هی تۆیە
یا لەلای تۆ بینیومە.
نازانم دڵی خۆم بۆ کەسێ بکەمەوە
من لە عەشقدا بازرگانم
کەسێکم خۆشویست
دڵمی دەدەمێ.

٤

بەردی حیکمەتی جوانیت بنێرە
هەڵیدەمە ناو گۆمی ئەندێشەمەوە
مۆرووی هەورێکی خۆت بنێرە
بیکەمە چاوی خوێندنەوە
هەزار و یەک شەو تەواو بوو
تۆ هێشتا ماوتە
دەربەندی حیکایەتێک ببڕی
لەو دیو هەورازی ئەو حیکایەتە
چەند هەورازی تر دیارن
من نازانم
تۆش نازانی
بیگێڕەوە...
تەمەن هەر تەنیا ئەو خۆشییەی تێدا ماوە.



٥

"تۆ کە سروشت دروستی کردووی بۆ جیهان
چۆن ژنێک گرێی داوی بە خۆیەوە؟"
هەندێ جار خەون دەچێتە بن باڵی مەلێکەوە
کە دەفڕێ
لەو سەرەوە دەبینێ
گەردوون هەمووی
بە زەوی و بەرد و ئاویەوە
بە هەسارەو هەور و هێر و ئاسمانیەوە
چۆتە ناو پێستی ژنێک و
دەست هەڵدەبڕێ بنیشێتە ناو لەپیەوە
هەندێ جار ژنێک دەچێتە ناو لۆچی
خەیاڵ و بیرکردنەوەی
هەموو خەڵق و جۆگەو ئاو و
دارستان و ساماڵەوە
شار پڕ دەبێ لە سیمای
گوند پڕ دەبێ لە بۆنی
هەندێ جار
سەرم سوڕ دەمێنێ کامیان
جیهانەو کامەیان لەشی ژنێکە کە خۆشم دەوێ.

# ئیمان بە باڵندە بێنن

١

باڵندە هەر تەنیا بوونەوەرێکی سەر گۆی زەوی نین، ئەوان شەریکی ئێمەشن لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا، لە شەڕ و ئاشتیدا، لە گەرما و سەرمادا... ئەوان نەوەی بێوەژنێکی ئاسمانین، کوڕەکانی چوونەتە شەڕێ و نەگەڕاونەتەوە، شەڕ هەموویانی لە شینێکی تۆخدا بزر کردووە، ژنەش لە حەژمەتان هێندە باڵی لێک داوە تا فڕیوە، بەسەر دەشتایی و گردۆڵکەو نەویاندا ڕۆیشتووە، بیابانی تەی کردووە، شاخ و کێو گەڕاوە کەسیانی نەدۆزیوەتەوە، شەکەت بووە و خەو چۆتە چاویەوە و نووستووە، کە بە ئاگا هاتووە، لەشی تەڕ بووە بە خوڕەی کوڕی رووبار و سکی پڕ بووە و ئەوەی لێی کەوتۆتەوە، نەوەی ئاسمان و رووبارە!

باڵندە هەر تەنیا شەریکی ئێمە نین، ئەوان
ئیلهام و ئارامی بەخشن و خواش سەبووری
پێیان دێ، بۆیە نەتبیستووە لافاوێک
داهاتبێ لەبەر باڵندەیەک
یا لایەکی دنیا رووخابێ لەبەر گوناحیان!

باڵندەکان هەمیشە کۆچ دەکەن و خەونەکانمان لەگەڵ خۆیان دەبەن، بۆیە هەموو گۆرانییەکان بۆ کۆچی ئەوان دەوترێ و بۆ هاتنەوەیان، ئەفسووس خەونەکان دەڕۆن و ناگەڕێنەوە. باڵندە مەنتیقی خۆی و زمانی خۆی و شێوە هەڵسوکەوت و ژیانی خۆی هەیە، کەسێک کە هێندە بە نەزاکەت بجووڵێ و ئیلهام لە باڵندە وەربگرێ دەچێتە خانەی پیاو چاک و پێغەمبەرانەوە.

باڵندەکان کە خانوو چێ دەکەن
بیر لە دەرگا ناکەنەوە
ئەوان ئاسمانیان مەبەستە
نەک بستۆکەیەکی زەوی
ئاسمان دەرگایەکی شینە



پڕە لە نەخشی ئەستێرە و
ئەندێشەی فڕیو
مانگیش شوێنی تەقولبابە
من دەمێکە دەستم بەسەر
ئەو ئاسنە ساردەوە تەزیوە
کەس نایکاتەوە.

٢

ژیان بە ئومێدەوە دەخورێ
کە ئەو نەما، وەکو ئەوە وایە خڕنووکی
تفتوتاڵ بجووی.
باڵندە چەند ڕقی لە دەرگایە
من هێندە ڕقم لە جەنگە
ئەو چەند لە جەنگ دەترسێ
من زیاتر.
جەنگ دەریایەکی غەیبە بەسەر بووندا
گەرمایی دۆزەخ لەوێوە
دێتە سەر زەوی.

٣

ناتوانی بەو عەقڵە تێم بگەی کە هەیە
باشتر وایە، ئیمانم پێ بێنی،

٤

ئەم شەممەیە شتێک روودەدا
هەسارەیەک لە مەودای خۆی دەردەچێ
ئاوێک سەرەو ژوور هەڵدەکشێ

بەردێک غلۆر دەبێتەوە
تا ئەو پەڕی بوون
دەپلیشێیتەوە لە ژێریا
بەخت گرەوەیەک ئەمەی پێ وتم.
ئەم شەممەیە شتێک روودەدا
ماڵەکان پڕ دەبن لە سیحر و تەسلیم و جادوو
ئەم شەممەیە گوڵ بۆنی خۆی بزر دەکا
باڵندە فڕینی
چاو دیتنی
ئەم شەممەیە
ئای! ئەم شەممەیە چ شەممەیەک دەبێ
سەرەتای چ هەفتەیەک و
سەرەتای چ گریانێک و
سەرەتای چ بارانێک.
لێگەڕێن ئەو شەممەیە وەکو چاوەڕوان دەکرێ
کەس دەسکاری بەیانییەکەی نەکا
کەس میلی سەعاتی نەگۆڕێ
کەس چڵی نیوەڕۆی رانەوەشێنێ
کەس نارنجی ئێوارەی نەگووشێ.
بۆن نەخشی سەر پەڕی گوڵە
باڵندە نەخشی ئاسمان
من ئیلهامیان لێ وەردەگرم
بۆ ڕستەیەک لەم شەممەیەدا
مەرج نییە ئومێد لەلای ڕاستەوە بێ
یا لای سەروو
هەندێ جار ئەوپەڕی نائومێدی دەیهێنێ
هیچ ڕەشەبایەکیش نایهەژێنێ.



# لە خەمی پایزدا

١

سروشت دۆستێکی میهرەبان و دوژمنێکی دڵڕەقە، دۆستێک کە جێگەی هەمووان لە ماڵە گەورە و بەخشندەکەیدا دەبێتەوە، دوژمنێک کە هەموو لە ڕقهەستان و تۆڵەسەندنەوەی دەترسێن ( لافاوەکانی ئەم دوایییە لە هەندێ دیمەنیدا لافاوەکەی سەردەمی نوحی دەهێنایەوە یاد). میللەتان هەر هێزێک لە هێزەکانی سروشتیان کردۆتە بت و لە شێوەی خواوەند پەرستوویانە بۆ ئەوەی دڵڕەقییەکەی بکەن بە میهرەبانی. ئەو هێزانەی زستانان لە بەفر و باران و رەشەبادا... خۆی نمایش دەکا، هاوینان لە گەرماو وشکاییدا...، بەهاران لە ڕسکانی بێ ئەندازەی شتەکاندا... کە هەندێ جار لە پیاوی خورت دەچێ، چاوانی سوور هەڵدەگەڕێ، پایزانیش لەو وردە خەم و وردە ئومێدە کاڵانەدا خۆی دەنوێنێ کە لەگەڵ نەرمترین بادا هەڵدەوەرێن و مرۆ لەگەڵ زەمەندا بە ڕووت و قووتی دەمێنێتەوە.

خەریکە پایز دێ
پایز کورتە و بەشی ئەوە ناکات
بەو دوو چاوە وردانە تەماشای بکەم
هێندە خێرا دەڕوا
بەشی تەماشاکردنێکی قووڵ ناکا.
لەو دیوی پەنجەرەوە
وەرزێک بە هەڵەداوان دێ و سەردەمێکی زووترم
بیر دێنێتەوە و هێندەی نامێنێ بمرم
وەرزێکی زراڤ لە شێوەی پەپوولە
تەمەن کورت
دڵی دارستان کون دەکا بە ئاهی و
بە بێ دەنگی دەمباتەوە بەهەشتی بزربووی

گەڵا گەڵا جلی درەختەکانم دادەکەنێ
لەبەر ئاوێنەی ئەو وەرزە
ڕووت دەبمەوە
دەبم بە ئادەمێکی تر
لە بەرامبەر دار سێوێکدا

٢

ژیان پڕە لە ئەندێشەو هێزو گریمانەی نوستوو، نازانم بۆ هەمیشە کە دەگەین بە ئومێدێک، شیمانەی هەموو ئومێدەکانی ترمان لەبیر دەچێتەوە، ئەو ساتە مرۆ وەک باڵندەیەکی بچووک دێتە بەر چاو کە تەنیا یەک جۆر فڕین و
یەک جۆر چڕین بزانێ.
شیعری نوێ هەوڵدانە بۆ جۆرەکانی تری فڕین و
جۆرەکانی تری چریکاندن.
بەلەمێک بەسەر پشتی ئاوێکەوە
شەڕ دەکا لەگەڵ شەپۆلی
ماسیگرێک لێی دەخورێ و
هەزارو یەک خەونی گەورە و
خەونی بچووک
دەنووک باریک
بن باڵ سپی
لەسەر ئاوێ دێن و دەچن
باڵ دەدەن لە هەور و
پاشان
لەسەر ڕۆخی بەلەمەکە دەنیشنەوە
قولاپ لە ژێر ئاوەکەیدا دەفیشکێنێ
یەکەم نێچیر کە دەیگرێ



قورس دادێ دەستی ڕاوچی و
ڕەوتی گەمیەو خەونی فڕیو.
ماسیگرێک
بەسەر پشتی بەلەمێکی گرانەوە
خاو خاو دەڕوا
هەزار و یەک ماسی گەورە و
ماسی بچووک
لە ژێر سنگی بەلەمەکە
یاری دەکەن لەگەڵ شەپۆل
نە فیشکەی قولابێک هەڕەشە دەکا
نە ماسیگر سەرنج دەدا
لە دیمەنیان.
ماسیگرێک
بەسەر پشتی ئاوێکی پڕ خەونی نوستووی
دوای گەشتێکی کورت خایەن و
پڕ لە ماسی و
گریمانەی زەرد و سوور و
پڕاوپڕ لە جووڵەی بە ئەنقەست خەفەکراو
شانی داوەتە ڕۆخی بەلەم و
ماسییەکی گەورە هێندەی خەونی شاخێک
لە پشتیەوە
تیشکی هەتاوی لێدەدا
دەڵێی شارێکە دەبریسکێتەوە
چی بکا ماسیگر چی بکا؟
گەڕانەوە هەروا بووە و

هەروا دەبێ
ئەو چی بکا،
هەزارو یەک خەونی گەورە و
خەونی وردی هەڵفڕاند و
لە ناویاندا
خەونێکی دڵخوازی ڕاوکرد
یا دەتوانی بڵێی:
خەونێک خۆی کرد بە خەونی دڵخواز
هاتە ناو چارەنووسی ئەوەوە
بەو شێوەیە
ماسییەک خەونی ئەمڕۆی برد
تا خەونی سبەینێ
شتێک نەما پێی بووترێ
موغامەرەو
شەڕکردن لەگەڵ چارەنووس.



# کۆنشیرتۆی هاوبەش

١

"کۆنشیرتۆی ١١ ئەیلوولی ٢٠٠١ بەر لەدایک بوون"...

"نیوەی لە مس و نیوەکەی تری ئەفسانە" یە ئەو هەردوو دیوی ئاگرەکە دەبینێ: بە ڕاست ئاگر دیوی تری هەیە؟ ئەیلولی ٢٠٠١ بەر لە دایک بوون و... ئەیلولی ٢٠٠١ دوای لە دایک بوون... مەملەکەتی هەزار و یەک شەوە و مەملەکەتی دۆن کیخۆتە، هەر یەک مەملەکەتن، کەچی ئەوانەی لە دوای ئەوانەوە دێن و هەریەکەو بەشی خۆی دەبا ئەوان دەیکەن بە دووان و سێ و هەزار... ئێستا دوای ئەو هەموو (نەوە/بچووکە) جیاوازییەکان بێ ئەژمارن: ئایا خوێنە ڕژاوەکان جیاوازن؟ "بەهەشت لێرەیە/ لەوێیە... لە ژێر پێت دایە". ئێستا کێ لە خەیاڵی خۆرئاوا دایە؟ ئێستا کێ لە خەیاڵی خۆرهەڵات دایە؟ بەهەمان هەناسەی ئەحمەدی شاملۆ هاوارێک:

من خۆرهەڵاتێکی خۆرئاواییم و
خۆرئاواییەکی خۆرهەڵاتیم
لە گەردوونێکی سەرتا سەرییدا.
ئەستێرە ماڵی هەمووانە (لانی کەم لە خەیاڵی شاعیرێکدا).
"ئیبنو رشد، دیکارت، هیگڵ،
ئێوە عەقڵتان لە کوێیە؟ لە تەبەرییە؟ لە هدسۆن؟ یا لە نێوانیاندا لە خولخولەیەکی سووردا؟"
"ژیار تەنوورێکی ئەتۆمییە"
"هەموو یەک خەونمان هەیە:
لە هەسارەی مەریخدا بسووڕێینەوە؟"
یەک خەون/ بوو بە دووان (خەونی قابیل... خەونی هابیل)
بوون بە سەد و بە هەزار و ملیۆنەها... کوا خەون؟ چۆتە ناو تۆپەڵە
بەفری کام وەرزەوە؟
دڵۆپ دڵۆپ

دەتوێتەوە
خەونەکانمان.

٢

هەندێ جار...
شاعیر ڕێبوارێکە
بە چلەی زستانێ
لە ڕۆژانێ...
شیعر زستانە
تەواو خرمان دەکاتەوە
دامان دەپۆشێ.
هەندێ جار...
شاعیر لە ڕێبوارێک دەچێ
بە چلەی هاوین لە بیابانێ
شیعر هاوینە
جلەکانمان پێ فڕێ دەدا
ڕووتمان دەکاتەوە.

٣

"بوزا، بە جەستەی دەخوێنێتەوە و حەزی لە شیعرە" "ئەمڕۆ هەموو هەستەکانم پێویستییان بە خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکانە" هەر سەردەمەو کتێبی پیرۆزی خۆی هەیە و کتێبیش هەیە هی هەموو سەردەمەکانە. کتێبی سەردەمەکان پشت بە
ڕۆحێکی شیعریی و
مۆسیقای ئەفسانەیی و
بە زەبییەکی خواوەندانە دەبەستێ
دۆن کیخۆت، تەورات، شەوی هەزار و یەک گەمژە، مادام بۆڤاری، مەم و زین... تاد



کتێبە پیرۆزەکان سێ بەشیان شیعرە و بەشێکیان هەموو ئەوانی تر.
کتێبی سەردەم سێ بەشی قسەیەو بەشێکی شیعرە!
کەس بە یەک جۆر خۆراک ناژی:
ئەفراندن نانی ڕوحە!
بۆ هەموو سەردەمەکان.

٤

بخوێنە ... یەکەم وشەی قورئان بەو فرمانە دەست پێ دەکا... خوێندنەوە گەڕانە بە دوای ڕاستیدا بخوێنەوە..." ئەو جوانییەی جەستەی دەریا جیادەکاتەوە بریتییە، لە گیرۆدەی ئەو، بۆ سەر کێشی شەپۆلەکان؟" ئەو جوانییەی جەستەی ئەفراندن جیادەکاتەوە بریتییە، لە گیرۆدەی ئەو، بۆ سەرکێشی وشەکان.
وشە چۆن دەچێتە پلەی سفرەوە؟
وشە ڕەگی هەیە
بەڵام ڕیشی نییە!
ڕیش وابەستە بوونە بە ڕابردوویەکی پیرۆزەوە!
ڕیش تەسلیم بوونە بە مردن کەچی ڕەگ نیشانەی زیندووبوونە
وشە هێمایە بۆ زیندوویی.

٥

"جەهالەت لێرە/ لەوێیە، کلیلی زانستە."
"ئایا ڕاست ناکەم گەر بڵێم: ڕۆشنبیری بۆتە تونێلێک تێیدا فێری خۆشگوزەرانی دەبین کەچی مرۆڤ دەکوژین؟"
"ئایا ڕاست ناکەم گەر بڵێم:
ڕێگە بەرەو سبەینێ
برینێکی کراوەیە؟" " هەموو ئەو شتانە لە نامەیەکدا ڕوون دەکەمەوە
کە بۆ خۆری دەنێرم"

" ئەی ژیان... نامەوێ شکایەتت لێ بکەم... یا شەکوای
حاڵی خۆمت لە لا بکەم...
نامەوێ هیچت لا بڵێم جگە لە یەک وشە:
کە خۆشم دەوێی".

* ڕستەکانی ناو دوو کەوانە بچووک لە شیعری کۆنشیرتۆی ١١ ئەیلولی ٢٠٠١ بەر لە دایک بوونی ئەدۆنیس وەرگیراوە کە ڕۆژنامەی "السفیر" ی لوبنانی و گۆڤاری "القدس العربی" لەندەن لە یەک ڕۆژدا بڵاویان کردەوە. ئەو ڕێکخستنەوەیە سەر سوڕمانە بۆ هەندێ لە بۆچوونەکانی ناو شیعرەکە.



# تخووبە تێکەڵاوەکانی لەش- ڕوح

١

شیعر حاڵەتێکی بەرزە لە پاکیزەیی.

بەو ڕستەیە وەڵامی هەندێ برادەر دەدەمەوە کە ئامۆژگاریم دەکەن واز لە ورینگە وورینگی لەش بینم و بچمە ژێر بارانی ڕوحەوە. هەندێ لەوانە لەوەش زیاتر پێ دادەگرن و دەڵێن کەس نەبووە لە لەش تێر بێ سلێمان پێغەمبەر وەکو لە تەوراتدا هاتووە حەفت سەد ژنی هەبووە هەموویان شازادە، ژنان دڵیان پەرێشان کرد. وەڵامی من: سروودی سروودەکانیانی بۆ نووسی! لەش شتێکی ڕووت نییە، گەڵایە بۆ نواندنی ڕوح. پاشان شیعر پاکیزەییەو ئەوەی ئەو دەیڵێ تا چ سنوورێک بڕوات، ناچێتە خانەی ئیرۆتیکاوە. شیعر مونادە، پلەیەکی ئێجگار باڵایە لە ڕوح و خولقاندنی دیمەنە نەک کردار، تاکە پێوانەیەکیش بۆی شیعریەتە کە دەچێتە هەوراز پەیامەوە.

٢

لە گۆڤارەکاندا شیعر گەلێکی زۆر دەبینرێ و کەمیان بۆ خوێندنەوە دەشێن، جەدوایان تێدا نییە، ڕستەی شیعریی و وێنەی شیعریان تێدا نادۆزرێتەوە، کۆمەڵە ڕستەیەکی ئاسۆیی و ئاسایی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەناو چوارچێوەیەکی لەرزۆکدا خڕ کراونەتەوە، هیچ جۆرە وەستایی و داناییەکیان تێدا بەدی ناکرێ لە کارکردن لەناو وشە و زماندا، لە خولقاندنی مانای شیعریی شکۆدار و بەرزدا. ئایا ئەو هەموو زیادە ناشیعریە کەڵەکە بووە بۆچییە؟ ئایا شیعر هونەرێکی ئاسان و حازر بەدەستە و هەرکەسێ بێ و دەتوانێ خۆی تێدا بجەڕێنێ، یا بەربەستێکی بەهاو ڕەخنەیی نییە بۆ پاراستنی شیعر؟

٣

لە خوێندنەوەی ئەو نموونە ناشیعریانەدا، فەرهەنگی شاعیر و شێوازی تایبەتی شاعیر بوونیان نییە. هەندێ جاریش بابەت هێندە زاڵ و زەقە زیان لە شیعرییەت

دەدا. دیارە ئیشکردن لە جیهانی واقیعیدا زۆر هەستدارە و پڕ مەترسی، کارایی و توانا و ئەزموونی شیعریی پێویستە ئەگینا شاعیر تووشی هەڵدێر دەکا. لە شیعردا کات چڕە، بۆیە وێنەی شیعریی کورت و پوخت دەبێتەوەو خەسڵەتی کات وەردەگرێ و سیماکانی دەرەوە دەگۆڕێ و ئەوەی لە شیعردا دەیبینی لەو شتانە ناچێ کە لە واقیعدا دەژین، چونکە وێنەی شیعری زاتییە تا ئەگەر تەعبیر لە بەرانبەریش بکات، ئەوەش بەو مانایەیە کە شیعر مەنتیقی خۆی هەیە و جیاوازە لە مەنتیقەکانی تر.

وشە وەکو هەنگوین وایە بۆنی ئەو گوڵانە هەڵدەگرێ
کە هەنگی شاعیر بە سەریانەوە دەنیشێ
کەچی لای ئەو جۆرە نووسەرانە:

وشە هەمان وشەی ئاسایی ناو زمانە و نەخولقاوە، بەڵکو لە کارکردنێکی میکانیکیدا دەردەهاوێژرێ سێ

بەشی لاسایی کردنەوەیە و بەشێکی لەغوەیەکی ڕووت.

*

"گوریس چوار سەری هەیە"
شیعر بپچڕێ
بێ سەرە

(ئەو قسەیە بە هەردوو باری سلبی و ئیجابیدا دەبێ و شیعری پەخشان دیوەکەی دووەمیەتی) چونکە وەکو بۆدلێر وەسفی پەخشان دەکا دەڵێ ماری بێ سەرە!

٤

شاعیر بە جۆرێک تێکەڵی مێژوو دەبێ سنوور نامێنێ لە نێوانیاندا
شاعیر بە چەشنێک دەنووسێ
ئاگر ئاسا
چڵ و پووش و ئێسک و موو
تەنیا بە بۆنی کرووز و دووکەڵیان
دەناسرێنەوە.



فەرهەنگی شاعیر لە یەکەم شیعریەوە دەست پێ دەکا
تا ئەزموونەکە دەوڵەمەند بێ
فەرهەنگ گەورە دەبێ
بە پێچەوانەشەوە.
شاعیر بەو زمانە دەناسرێتەوە
کە دەیخولقێنێ
نەک ئەوەی دەیگوازێتەوە.

٥

یەکەم پرووشەی باران
ڕستەیەکی شیعرییە
بە بۆنی خۆڵ دەست پێ دەکا و
بە تۆفان کۆتایی دێ.

# بۆ میهرەبانی پاریس

١

پاریس شاری تازەگەری بووە لە هەموو کاتەکاندا. ئەگەر شار سیمبولی شارستانیەت بێ، پاریس بەو هەموو ئەدەب و هونەر و عەشق و ئازادییەوە سمبولێکی شکۆدار بووە. بەو وەسفانە پاریسمان ناسیوە. شارێک: پەناگەی ئازادیخوازان بووە بە شۆڕشگێڕ و ئەنارشیزم و بوهیمییەوە. هەموو ئەوانەی لە زێدی خۆیاندا ڕاو دەنران یا وڵاتیان لێ دەبوو بە زیندان لەلایەن پۆلیسی نهێنییەوە، پەنایان دەبردە فەرەنسا و لەوێ لەژێر سێبەری بیروباوەڕەکانی شۆڕش و ئازادییدا دەژیان، لە سالۆنەکانی ئەوێدا هەناسەی ئازاد و شیعر و پەیڤی بێ سانسۆریان دەدا بە گوێچکەی هەمووواندا.

باسی شارێک دەکەم لە خەونی ئینسانیمدا
باسی عەشقێک دەکەم پڕاوپڕ لە ئیلهام
باسی جوانییەک دەکەم، نەمدیوە! بەڵام دەیناسم.

لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، فالیری (شاعیری گەورەی فەرەنسا) هاواری کرد: ئێمەی شارستانی، مردن لێمان نزیک بۆتەوە، شەڕ هات و پاریسی لوول دا، فالیری ڕاستی وت. فاشییەت هات و باخچەکانی پاریسی تێکدا. شەقامەکانی وێران کرد. بەکورتی جوانی پاریسی شێواند. لەسەر گردەکانی پایزدا یادی ئەو شارە خەونە دەکەمەوە، یادی درەوشانەوەی بۆدلێر و ڕامبۆ و مالارمێ و لۆتریامۆن... یادی سرووده ئەبەدییەکانیان، یادی ئەیقونەو سالۆنەکانی، یادی قوتابخانە ئەدەبی و فیکرییەکانی، یادی هەموو ئەوانەی کە زمانی فەرەنسییان گەیاندە ترۆپک.

یادی سان جۆن پێرس و قەسیدەکانی باو دەریا!
یادی ئەڕاگۆن و شیعری ئەلیزایی!

لەسەر گردە پایزییەکاندا، چاوم بڕیوەتە ڕووباری (سین) کە بە زەحمەت بەژێر پردەکانی عەولەمەدا دەپەڕێتەوە، وەکو ڕێبوارێکی ماندوو دێتە بەر چاوان کە لەدەرەوەی ڕابردووی خۆیدا بژی! جیهان لای ڕامبۆ تەنیا فرانکفۆنی نەبوو،



ئەو خەونی بە یەک جیهانەوە دەبینی لە تۆفانەوە بۆ بەهەشت. یەک جیهان بوو لە شێوەی غەیبدا، شاعیران ئێشکچین لەوێدا. جیهانی پرۆست فرانکۆفۆنی نەبوو، ئینسانی بوو. جیهانی مالارمێ ڕەمز بوو، ڕەمزێکی پڕاو پڕ لە ڕوحی موغامەرە. ئێستا فەرەنسا خەون بە ژیانێکەوە دەبینێ لە جەستەیەکی پەککەوتەی نیمچە مردوودا.

کەچی خەونە گەورەکان لەوێ دا
لەوێ لە سێبەری گۆڕستانە مەزنەکاندا ماونەتەوە.

٢

شیعر شوێنی کۆبوونەوەی دژەکانە، مەلحەمەی بەریەک کەوتنی پرسیار و وەڵامە، ئەو کاتەی پرسیار لە هەناوی وەڵامدا، وەڵام لە ناو پەڕەکانی پرسیاردا سەر دەردەکا، کیانی بە یەکگەیشتنی ژیان و مردنە، وەکو دوو هێز لە خاڵی سفری بووندا، خاڵی تێکەڵبوونی دەرەوە و ناوەوە لە کاتێکی کوێریدا، لەوی دەکرێ بەفر گەرم بێ و ئاگر سارد، هەموو دژەکان توانای پێکەوە ژیانیان هەیە. بەو شێوەیە... شاعیر خولقێنەری جیهانێکە بە کەرەستەو ڕیتم و ئەندێشەی نوێ، لە ڕستە و حاڵەتی بێگەردی شیعریی بینا دەکرێ. شیعری فەرەنسی لەسەر دەستی ڕەمزە گەورەکانیەوە ئەو ڕاستییانەی سەرەوەی کرد بە مەنتیق بۆ شیعر. شیعری فەرەنسی هەیبەتی بۆ وشە گێڕاوە، بەو مانایەی لە وشەدا شاعیر ئازادی خۆی دەسەلمێنێ و کۆتی فەرهەنگ دەپچڕێنێ. شیعری فەرەنسی لە ڕێی بایەخدان بە تەکنیک تا ئەندازەی زیاد لە لزوم ڕێگەی خۆش کرد بۆ فڕین و شێوەیەکی بێگەردی دەربڕین کە بە(ناشێوە) و ئاژاوە دەچوو، ئەمەش لە یەک حاڵی نەبوون و ڕووبەری جیابوونەوەی نێوان شیعر و خوێنەری فراوانتر کرد، بە چەشنێک هەندێ لە شاعیران گەیشتن بە تەمەنێکی درێژ ئینجا ناسران. لەوێوە ئیتر شیعر نووسین بۆ هەڵبژاردە برەوی سەند.

٣

ئەدۆنیس نزیکترین شاعیرە لێمانەوە کە لە ڕێی کاریگەری زمان و ئەدەبی

فەرەنسییەوە، گەشەی بەئەزموونێک دا کە لە شیعری فەرەنسیدا ڕەگی هەبوو،

ئیشکردن لە ناو وشەدا

ئیشکردن لە ڕووبەرو شوێنێکی جیاوازدا .

بەمەش مۆدیلێکی شیعریی جیاواز و ریتمێکی دەربڕینی جیاواز و شێوازی بیرکردنەوەیەکی جیاوازی لە ئەدەبی عەرەبیدا خولقاند. ئەدۆنیس ڕۆڵەیەکی شەرعی ئەدەبی عەرەبییە لە ژینگەیەکی  تێکەڵاو لەگەڵ ڕۆشنبیریی فەرەنسیدا ،

فەرەنسی بە مانای بۆدلێر و مالارمێ و ڕامبۆ...

بە ڕستەی دەریایی پێرس و خەونی یەکسانی...

شاعیران دەتوانن بە داوێک جیهان بەیەکەوە گرێ بدەن

ئەو کاتەی سیاسییەکان لێکی جیادەکەنەوە.

فەرەنسا لە ڕێی ئەو داوەوە دەتوانێ بێتە ناو خوێن و هەناسەوە

وەلێ لە ڕێی هاو پەیمانی و کۆنگرە و ململانێوە، ڕێگا کوێرە!

ڕێگای دڵ جیاوازە

دەپرسم: ڕێگای دڵ لەکوێیە؟

ڕێگای عەقڵ و درەوشانەوە لەوێیە.



دڵشاد عەبدوڵلا(٤)

# قەسیدەی پەخشان

١

قەسیدەی پەخشان یا پەخشانە شیعر گرێدراوە بە ناوی هەندێ لە شاعیرە مەزنەکانەوە، بۆدلێر، رامبۆ، لۆتریامۆن... لە ناو عەرەبیشدا بە ئەدۆنیس و سەلیم بەرەکاتەوە. ئەوانەی شاعیری بلیمەت و بە توانان، شاعیری یاخی و دۆزەرەوە و پرسیارکەری لێوان لێو لە موغامەرەن، کەچی لە سەردەمی خۆیاندا لەگەڵ جمهوری ئەدەبیدا تووشی لێک حاڵی نەبوون هاتوون، ئەو جمهورەی کە بە شێوە نووسینی تەقلیدی ئەو سەردەمانە گۆش کرابوون. شیعری تازە هەمیشە ئەو کێشەیەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە کاتی خۆی بە شیعری (گۆران)یش وتراوە، ئاڵۆز و گران... کەچی شیعری ئەو لە بەرامبەر شیعری کلاسیکی دا ڕوونتر بووە. ئەو شێوە نووسینەی (ڕوانگە) لە حەفتاکاندا دایهێنا هەمان گرفتی بۆ دروست بوو. قەسیدەی پەخشان هەمیشەو بەردەوام دوژمنی سەرسەختی هەبووە، لەناو جمهور و لەناو شاعیران خۆشیاندا، بە بیانووی جۆراو جۆرەوە. پەخشانە شیعر لە پێش هەموو شتێکدا شیعرە، بەڵام لە هەناوێکی یاخیدا دێتە دەرێ، یاخی نەک تەنیا لە دەرەوە بەڵکو لە ناوەوەی شیعر خۆشیدا، یاخی لە ڕیتمی باو و ڕستەی شیعریی باو، بە ئەندازەیەک (کێش و سەروا ) کە چوارچێوەیەکی هاوبەشی نێوان شاعیرانە، لە قەسیدەی پەخشاندا ئەو بایەخەی نییە، ئەو ئەزموونە شیعرییە هەمیشە دژی ئەو پێوانە هاوبەشانە بووە و پێی وایە نەک هەر شاعیرەو بەڵکو هەر قەسیدەیەک پێوانەی خۆی دەخولقێنێ لە پرۆسەی ئەفراندندا . هەندێ لەو شاعیرانەی دژی قەسیدەی پەخشانن وای بۆ دەچن کە ئەو جۆرە شیعرە ڕوحی شیعریەت دەکوژێ، کەچی باسترناک پێی وایە "قەسیدەی ڕاستەقینە ئەو قەسیدەیەیە کە دەتوانرێ بە پەخشان بنووسرێتەوە" هەندێ لەو ڕاو بۆچوونانە لە ئەنجامی ئەو دەقە بێ بنەماو ڕووت و ناشیعریانەدا گەڵاڵە بوون کە بەناوی قەسیدەی پەخشانەوە بڵاوبوونەتەوە، ئەوەش بیر و بۆچوونێکی وای هێناوەتە گۆڕێ، گۆیە نەهێشتنی پێوانەی هاوبەش بۆتە مایەی ئاسانکردنی کاری شیعر نووسین و بەو شێوەیە هەموو کەسێک و

خەڵکی بێ بەهرەش دەتوانن شیعر بنووسن. وەکو چۆن شیعری قافیەداری خراپ و شیعری کێشداری خراپ هەیە، شیعری نایاب و داهێنەرانەی قافیەدار و کێشدار هەیە، بە هەمان شێوە پەخشانە شیعری کاڵ و کرچ و بێ جەدوای وشک و برینگ و قەسیدەی نایاب و داهێنەرانەش هەیە و تەنیا پێوانەیەک کە هاوبەش بێ لە جیهانی شیعردا، شیعریەتەو بەس. ئەو شاعیرانەی قەسیدەی پەخشانیان نووسیوە (بۆدلێر، رامبۆ، ئەدۆنیس...) دەسەڵاتیان بەسەر قەسیدەی تەقلیدیدا شکاوە وەکو زەروورەتی گۆڕان و گەشەسەندن و دەستەبەرکردنی ئازادی زیاتر و وەکو پێویستی جۆش سەندنی گیانی یاخیبوویان ئەو شێوازە نووسینەیان خولقاندووە. قەسیدەی پەخشان لە ئەوروپا شان بە شانی شۆڕشی دژ بە تەشقی ئوسولی و ئایینی سەری هەڵداوە، دژ بە شێوە دەربڕینی کێشداری تەقلیدی و کۆن هاتۆتە ئاراوە. شاعیرێکی عەرەب دەربارەی زەرورەتی کێش و قافیە لە شیعردا دەڵێ: ئەو دوو پێوانەیە زەروور نین بۆ شیعر وەکو چۆن پەرستگا بۆ عیبادەت زەروور نییە. زۆربەی ئەوانەی قسەیان دەربارەی قەسیدەی پەخشان کردووە، سێ خاسیەتی دیاریان باس کردووە، کورت و پوختی و چڕی دەربڕین، پڕشنگداری و درەوشانەوە، لادان و جیاوازی و گرژی لەگەڵ واقیعی باودا. لە هەشتاکاندا ئەو جۆرە شیعرە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئەدەبی کوردییدا دیار کەوت، پێشتر چەند هەوڵێکی کەم درابوو. هەندێ ڕایان وایە ئەو جۆرە شیعرە لە تەشقە ئایینیەکان و سۆفییەکاندا، یا لە حەیران و موەشحاتدا هاتووە و ئەو جۆرە ڕیتمە شیعریە هەبووە لە خۆرهەڵاتدا، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەو شێوازە لە خۆرئاواو ئەوروپاوە هاتۆتە ناو ئەدەبی عەرەب و کورد، نەک لە ڕێی سەر لە نوێ خوێندنەوەی کەلتووری ڕابردوو، کە ئەوەیان یەکێکە لە خاڵە تایبەتییەکانی ئەدەبی میللەتانی وەکو کورد بە هەردوو باری پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەوە.

٢

شاعیر کە دەنووسێ
خوا لە وێنەدا دەردەخا
وێنە لە شیعر و
شیعر لە وشە



وشە لە ڕوحی سەرکێشدا.
ڕووباریش کە شەپۆل دەدا
یەکەم شت ڕۆخی خۆی دەشکێنێ.

٣

شاعیرێکی بە ئەزموون پێی وتم: (لە تەشبیهی شیعردا):
کانی و ڕووبار و دەریا
هەرسێکیان لە ئاون
وەلێ هیچیان لەوی دیکە ناچن.

قەسیدەی پەخشان تا ئەو ڕادەیە ئازادی بە ئاهەنگ و مۆسیقا داوە کە تەواو لە لێواری پەخشان نزیک بێتەوە، بەڵام نە ئەوەیان بۆتە ئەم نە ئەمیش وازی لە عەرشی خۆی هێناوە بۆ ئەویان. لەو نێوانەدا دەقێکی قەلەقی بزێو خولقاوە و ئەو دوو زمان و زەمەنە جیاوازە لە چڕی و خەستی و خێراییدا تێکەڵاوی یەکتر کراون. هەندێ لەوانەی قەسیدەی پەخشانیان نووسیوە، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری سەرکێشی و یاخیبوونی ژیانی تایبەتی خۆیانەوە، بواری سەنعەتکارییان نەبووە. ئەوان هێزی ژیان بەو گەرموگوڕییە پەلکێشی ناو هەناوی خۆی کردوون و لەو پڕۆسەیەدا مەعناو سنووری تازەیان دۆزیوەتەوە، سەرچاوەی تازەگەری و جیاوازی لای ئەوان ژیانی تایبەتییان بووە کە قەسیدەی خاوەن ئاهەنگ و مۆسیقای تازەی لێ کەوتۆتەوە. (لۆتریامۆن، حوسێن مەردان،...) نموونەی ئەو جۆرە کەسانەن، پێشتر باسی رامبۆم کردبوو پێویستی بە دووبارەکردنەوەی نەدەکرد. لە بەرامبەر ئەو ئەزموونەدا، ئەزموونی تر هەن کە لە ئەنجامی خوێندنەوەو ڕامان و سەر لەنوێ دۆزینەوەی هاوکێشەی تازەو شێوە دەربڕینی تازە بەرهەم هاتوون، ئەوانە وەکو پێویستی و زەرورەتی فیکری و شیعری، قەسیدەی پەخشانیان دۆزیوەتەوە، دۆزینەوەی ئەوان کاری وەستای دانا بووە نەک موغامەرە و (صیرورە) لە دەرەوەدا. بەشی زۆری ئەزموونی شاعیرانی لوبنانی (ئەدۆنیس و ئونسی حاج و یوسف خال...) لە جۆری دووەمە، هەروەها ئەزموونی شاعیرانی عیراق (مەحمود بریکانی، فازل عەزاوی،

سەرگۆن پۆلس، زاهر جیزانی، خەزعەل ئەلماجدی...)، پاشان ئەزموونی سەلیم بەرەکات لە سوریا و قاسم حەداد لە بەحرێن، محەمەد ئەلماغوت هەجینێک بوو لە نێوان موغامەرەو پرۆژەدا، کاتێ موغامەرە کزبووەوە کەمتر بە لای شیعردا چوو، رووی لە کاری گروپ و کاری کۆمەڵی کرد. لە تەماشەکردنی نەخشەی شاعیرانی قەسیدەی پەخشاندا دەردەکەوێ کە ئەو شێوازە لە شیعر نووسین، شێوازێکی بەرزی دەربڕینە و بەشێکی زۆر لە شاعیرە دیارەکان بەو شێوەیە نووسیویانەو سەرچاوەکەشی زیاتر شیعری فەرەنسییە. قەسیدەی پەخشان قەسیدەی سەردەمێکە کە کێشەو بابەتە قەبەو گەورەکان لەت لەت بوون و لە ڕێی عەزابەوە بەسەر تاکەکاندا دابەش بوون، ئەو حاڵەتە لە ڕێی ئاژاوەیەکی جیهانییەوە دروست بووە، یەکێک لە شاعیرانی ئەو ڕێبازە (ئەگەر بشێ بوترێ ڕێباز) دەڵێ، ئێمە نەوەیەکی ترین لە دوای نەوەی قەزیە گەورەکانەوە هاتووین. لە ئەدەبی کوردیدا دوای نشوستی ١٩٧٥ و لە سەرەتای هەشتاکاندا قەسیدەی پەخشان بەو شێوەیەی مەبەستە باسی بکرێ، نووسراوە. عەباس عەبدوڵلا یوسف، بەختیارعەلی، هاشم سەراج،... هەندێ ناوی دیاری ئەو بوارەن. لە هەشتاکاندا شەڕ و ئاشووب و کێشەکان لە بابەتی گەورەی وڵاتەوە رەگاژۆ ببوون بەرەو ژیانی تایبەتییەوە بە ئەندازەیەک بۆ رزگاربوون لە هەژموونی دەسەڵاتی دەوڵەت (داگیرکەر و فاشی) کە شەری کردبووە مەسەلەی سەرەکی وڵات و خەڵک، دەبوو شاعیران خۆیان لە باسکردنی ئەو بابەتە زەقانە بپارێزن و لە دژی ئەو ئاراستەیە بایەخ بە بابەتی پەراوێز خراو و بچووک بدەن کە نزیکترە لە ڕوحی ئینسان و ژیانی تایبەت، بەو شێوەیە بە پێچەوانەی سیاسەت، لە ڕێی شتە بچووکەکانەوە بایەخ بە وڵات و خەمەکانی وڵات دەدرا. سیاسەت بە هەردوو ئاراستەی (داگیرکەر–شۆڕش) ببووە دوو بەرداش و ئەفراندنیان دەهاڕی، یەکەمیان لە ڕێی قەدەغەکردنی ئازادی و ئیرهابی فیکر و تووندکردنی سانسۆر لەسەر بڵاوکردنەوەدا، دووەمیان لە ڕێی ئیلتزام و پابەندبوون بە بیروباوەڕ و چوونە ناو مەیدانی کاری فیعلییەوە، کە ئەویش ئاسۆی بەردەم ئەفراندنی تەسک کردبووەوە، بە واتایەکی تر شیعر بە هەندێ ئەرکی ئیزافی بارکرابوو کە هەڵگرتنی ئێجگار دژوار بوو. بابەتەکانی دیاریکراو بوو،



هەروەها رەمز و هێماکانی قەسیدەی تەقلیدی بە ئاهەنگ و مۆسیقا و رستەی شیعری باو تەعبیری باوی لەو سەردەمە دەکردەوە و کەوتبووە خۆ دووبارەکردنەوەو توانای موغامەرە و دەربازبوونی نەبوو. قەسیدەی پەخشان وەکو پێویستی دەربڕینی روحیەتی سەردەمێکی تازەو جیاواز هاتە ئاراوە، ئەگەر چی ئەو تەرزە نووسینە تازە نەبوو لە جیهاندا نموونەی سەرکەوتووی زۆر بوو، بۆیە ئاسایی بوو ئەگەر بگوازرێتەوە ناو ئەدەبی کوردی. سەرەتای قەسیدەی پەخشان ئەگەر لێرە و لەوێ تاک و تەرا وەکو هەوڵیش بەر لە حەفتاو پێنج لە شیعری کوردیدا هەبووبێ، وەلێ لە دوای ئەو ساڵەوە دەرکەوت و لە هەشتاکاندا بووە ڕێچکەیەک لە ناو ڕێچکەکانی شیعری کوردیدا.

# لەپشت شەودا

**نامەیەک بۆ سەعدی یوسف**

با من و تۆ دڵنیابین
ئەمڕۆ وەکو دوێنێ نییە
خەونەکانمان دوو خەونی جیان
لە یەک شەوی ڕۆخ دیجلەدا
چی بکەین، سەعدی!
ئومێد وەکو وردە موو
لە دەوری لێوماندا دەبریسکێتەوە
هەموو شتێکمان هەڵگرتووە بۆ بەیانی.
کە دڵنیا بوومەوە
بەڵێنی براکان هەر قسەی رووت نییە
بەڵێنت پێ دەدەم
تا دنیا دنیایە هاوڕێ بین.
ئەمڕۆ وەکو دوێنێ نییە
دڵنیابە هەموو شت ناسووتێ
وەک ئەوسا،
کە شاخی من و
دار خورمای تۆ دەسووتان
هەموو شتێک وشک نابێ وەک ئەوسا
کانیاوەکانی من و
زۆنگاوەکانی تۆ.
لەناکاو،
من و تۆ لەیەک دابڕاین



من بە دیار چڵە ئومێدێکی لە خاک چەقیودا گیرم خوارد
تۆ سواری شەپۆل بووی
لەیلا دوور بوو.
خوشکێک نەبوو وەکو جاران
سەفەرتاسی پڕ لە چێشتی گەرم بێنێ
بۆ زیندان
دایکێک نەبوو
رامانژەنێ تا بەرەبەیان.
زەماوەندی چەقەل نییە، سەعدی!
ئوتێلەکە هەمان ئوتێلی جارانە
رێی شام دوورە و
رێگای مۆسکۆ بەستەڵەکە و سەهۆڵبەندان
هەمان پێچاو پێچی جارانمان لەپێشە
بۆ ئێمەی شاخنشین زەحمەتە سەرکەوین
بەو رێگا دوورانە
چی بکەین سەعدی!
لای خواروومان بیابانە
وشکە و بێ ئامان
لای سەرووشمان هەر هەمان رێگاکەی جاران
بەڵام روونتر
کە ئەوسا
من چووم و نەگەیشتم بە گوڵی شۆڕانم
تۆ رۆیشتی و نەگەیشتی بەماڵی مەوالت.
ئێستاکە هەردووکمان دانیشتووین
تۆ بە دیار پەنجەرەی ئومێدی دوورەوە

من بە دیار تەلەفۆن،
زەنگ لێداو ڤیزەکەم بێتەوە و
بچمەوە ولاتی ناو بەفر و باوبۆران
خەونمان دوو خەونی جیاوازە، سەعدی گیان
لە شەوی درێژی کەناری دیجلەدا .

**تێبینی:** سەعدی یوسف شیعرێکی لە ٢٠٠٢/١٢/١١ دا بلاوکردۆتەوە بەناوی"عرس بنات آوی" لە دژی کۆنگرەی لەندەنی ئۆپۆزسیۆنی عیراق.



# لەپێشوازی ساڵی تازەدا

**زنجیرە بیرەوەرییەکان لە کۆتایی هەر ساڵێکدا:**

ساڵ چڵی مانگەکانی خۆی ڕاوەشاند
مانگ گەلاّی ڕۆژەکانی ڕووت دەکردەوە
گەلاّ چرکەی دەماری گرژ دەکرد و
هیچ کامیان، نەیدەزانی من لە کام چرکەدا
یەکەمجار تۆم دیوە
یا لە کامە مانگدا دەرکەوتی
بەڕاست کامە ساڵ بوو هاتی؟
من لە بیرم نەچۆتەوە،
یەکەم نیگا
پایزێک لەگەڵما هاتە تەماشا
ئەو بۆ ڕەنگێکی خەمبار تر دەیویستی
من بۆ عومرێک.
ئاوڕ دەوە، لە دوای ئەو هەموو ساڵانە
پایز هاتووە ڕەنگی خۆی بباتەوە
من لەبەر دەرگا وەستاوم
نازانم چی ببەمەوە،
چی هی منە لای تۆدا؟
لێم تێکچووە،
با لە نوێوە دەست پێبکەین
هی تۆ بخەینە لایەک و
هی من لەلای تردا بخەین
شەوێک کە تەمەن دەشڵەژێ

جارێکی تر لێم تێک دەچێ و
هەر تۆ بۆ خۆم دەبەمەوە.
ساڵ... کام ساڵ بوو؟
لە باغچەکەی قەراغی شار
کڵاو سوورێک
شەش حەفتێکی بە دواوە بوو
ناو گیرفان و
جەنتای دەست و کتێبەکانیان پشکنین
وتیان ئەوانە پێشمەرگەن!
هەموو شتیان تەفتیش کردین
هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنن،
داگیر کەرن...
بە ڕاست ئەو ساڵە چ ساڵ بوو؟
ئەوسا تەمەن
نە بە ساڵ دەپێورا
نە بە مانگ و نە بەڕۆژ نە بە سەعات
دەبوو بڵێی،
ئەو دەقەیە وام بەسەر دێ
دواتر نازانم چی دەبێ...
ساڵ بە عومرێک نە دەگەڕا
شەڕ مارێک بوو
ئاڵا بووە ناو قەد و زمان و
خەونەکانمان
نەماندەزانی کەی دەفیشکێنێ
لە چ دەقەیەک پێمانوەدەدا...



لە چ دەقەیەک پێمان دەردەدا...
بەر لە کۆتایی هەموو ساڵێک و
بەر لە هاتنی هەموو ساڵێکدا
زنجیر بیرەوەرییەکان دەئاڵێنە گەردنمەوە
سەحرای عەرەب ڕامدەکێشێ
لە وێستگەیەکی سنووردا
داوای پەساپۆرتم دەکەن
من لە ئەنفالدا ونم کرد!
بەر لە سەرەتای هەموو ساڵێک و
لە کۆتایی هەموو ساڵێکدا
یادی خۆشەویستێک دەکەمەوە
لە سەحرای ئەنفالدا بزر بوو
خودایە!
لێم تێکچووە،
هەشتاوهەشت نەبوو
یا هەموو عومرم بوو.

# به بۆنەی لەدایکبوونی"حەوا"ی ناو تاقیگەکانەوە

١

(حەوا) دایکی گەورەی هەمووومان بوو
(دایکێک کە لە دایکی ئاسایی ناچێ)
کەس شتێکی ئەوتۆ دەربارەی نازانێ،
نازانێ چۆن چووە بەردەمی درەختی حەرام و
چۆن لە تەلبەندی نەزانینەوە پەڕییەوە؟
کەس نازانێ چۆن قابیل و هابیلی بەخێو کرد
چۆن و بە چ زمانێک، شەوان
حیکایەتی گەردوونی پڕ ئەفسوونی
دەگێڕایەوە؟
هەموو شتێکی ئەو دایکە لە قۆزاخەی ئەفسانەدا ماوەتەوە
لەسەر زەوی بۆتە سیحر و پەنهانی
تۆزە تۆزەی لە کەلی کتێبە پیرۆزەکاندا
بە دەم تاڵی ڕووناکی میهرەوە هاتۆتە دەرێ.
دایکێک ئەو هەموو نەوە، فرە ڕەنگ و فرە ڕەگەز و
فرە زمان و فرە دینەی لێ کەوتبێتەوە
ئێستا چۆن چۆن بتوانێ
نەوەی نەوەکان بناسێتەوە؟
ئەو کاتەی لە ئاسمانەوە بە پەیژەی پەشیمانیدا هاتنە سەر زەوی
لاسکی هەموو شتێک شیلەی ئومێدی لێ دەچۆڕا
هەموو شتێک زاری کردبووەوە
بۆ ژیانێکی نوێ و سەردەم و ڕۆژگارێکی تازە.
ژیان بەو گەرم و گوڕییە لەسەر زەویدا پەیدابوو



خەون بەو هەموو مەزنییە لەوێ ڕوا.
من تەواو قەڵسم
ئێجگار نائومێدە
ترسم لێ نیشتووە، چۆن تەلیسم لە پێستی ژیان داماڵم
بێ ئەوەی برووشێ
چۆن قەتماغە لە برین بکەمەوە و خوێنی لێ نەچۆڕێ.

٢

(حەوا)! ئەی کچە نادیارەکەی ناو تاقیگەکان!
بوخچە نەکراوەکەی ناو شووشە داخراوەکان!
ئەی هێمای ژیانی موجەڕەدی سەردەمی پووچی
چ دەکەی لەوێ؟
ئەگەر مایت و عیزرائیل ڕوحی نەکێشای
کام دایانگا هەڵدەبژێری
(قوڕ بەسەر خۆت ئەوەشیان بەدەست خۆت نییە)
لە کام کۆڵاندا یاری دەکەی
کام مندات دەکەیتە هاوڕێ
کە هەراش بووی کێ بۆت دەبێتە ئادەمێکی تر.
تۆ کە لەناو نامۆیی ئامێرەکاندا سۆز و میهرەبانیت نەدی
چ هێزێکی وەڕسی بەرۆکت دەگرێ و
چ تەنهاییەک دەتکوژێ؟
خۆشبەحاڵی نیگار کێشێ، ڕۆژێ لە ڕۆژان لە مەرسەمەکەی خۆیدا،
دەتوانێ (حەوا) بکا بە مۆدێل
شاعیر دەتوانێ شیعرێ بنووسێ ئێجگار واقیعی
لە وەسفی لەشی،
حەوایەک وا بەڕێوەیە حەڵاڵە بۆ هەمووان.

بەڵام ئەوەی لێی دەترسم
ئەو سۆزە نەبیستێ کە هەڵدەڕژێ بۆ جوانی
لاڵ بێ و نەتوانێ بێتە گۆ
لەگەڵ جوملەی عاشقانی
یا هێندە تاریک و ڕەشبین بێ
کەس خۆی نەکاتە میوانی.
پێشنیار دەکەم،
پێش باڵقبوون
لەگەڵ پۆلە کۆترێکدا
هەڵیفرێنن بۆ دوورگەیەک
تا لەوێ لەناو سروشتدا
نەوەیەکیان لێ بکەوێتەوە
نیوەی کۆتر و نیوەکەی تری چەند قەترەیەک بێ لە شەودا.
لە ماڵی حەوا بۆنی نەتریک دێ
لەناو تیوبی باریکدا،
ڕەنگی زەرنیخ هەناسە تەنگ دەکا.
خودایە! حەوای ناو شووشە چ حەوایەکە؟
دایکی ناو شووشە چ دایکێک؟
ئەی ئیلهامبەخشی بەردەمی فڕنی مایکرۆ و
ناو تاقیگەکان،
ئیلهامێ ببەخشە بۆ باسی،
بۆنی نەتریک
لە گۆی مەمکێکی رووت ڕووتدا.



## پایزە میوان

١

"پاییزە میوان" دوا دیوانی شاعیری هاوڕێم شێرکۆ بێکەسە. یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی شیعر لای شێرکۆ بێکەس گەڕان و ئارام نەبوونەوەیە، ئەوە بۆتە مایەی بەردەوامبوون و ڕۆژ بە ڕۆژ هەڵکشانی ئەو ئەزموونە. ناتوانم حوکم لەسەر ئەوە بدەم ئایا شێرکۆ لەم دیوانەیدا چ زیادەیەکی خستۆتە سەر دیوانی"ڕەنگدان" یا "دەربەندی پەپوولە"وە، وەکو هەندێ جار و هەندێ لە برادەران داوای دەکەن، من هەرگیز ئەفراندن بەو پێوانەیە ناپێوم. لە ئەزموونی هەر شاعیرێکدا هەندێ ترۆپک هەن و هەندێ دۆڵ و لێڕەواریش... هیچیان جوانی ئەوی تر ناشارنەوە بەڵکو ڕوونتر دەری دەخەن. ئەوەی گرینگە بەردەوامی و هەمیشە هەوڵی نووسینی دەقی زیندووە. ڕەنگە هەر شاعیرەو لەکۆتاییدا دیوانێکی پوخت و نەمری بۆ بمێنێتەوە، یا تەنیا چەند قەسیدەیەک، بەڵام ئەوەی لەهەر ئەزموونێکدا دەمێنێتەوە، جیاوازی و سەرسوڕمان و جیدیەت و میهرەبانییە."پاییزە میوان" هەوڵێکی تری شێرکۆ بێکەسە بۆ سەلماندنی ئامادەبوونی شیعریی، ئەفراندنێکی تریەتی لە ئاقاری نووسینەوەی سروشت و داڕشتنەوەی لە ڕستەی شیعرییدا. لەو دیوانەدا شێرکۆ بێکەس "بە سواری گەلای هەنجیرێ" لە نێوان جیهانی گەورەبوون و منداڵی دێت و دەچێ و "بەسواری گوڵە ژاڵەیەک" دەڕوا بەنیازی سەفەر، کەچی منداڵێک دەیهێنێتە خوارێ و لەناو ئاگری پەنهانیدا دەیکاتەوە قەقنەس.

شێرکۆ بێکەس لە نێوان پیربوون و منداڵ بوونەوەدا
چەند وێستگەیەکی خولقاندنی شیعرییە
بۆ کوشتنی پیریی پەنا دەباتە بەر هێزی پاییز و
لە پرۆسەیەکی خوڵقاندنی جوانیدا
خۆی نوێ دەکاتەوە.

٢

سەدای پیرە پاییز وا گەیشتە ئێمە
"پاییز لە من بە ئەنگۆرە"
دەچمە ئەو سەری شەقامێک
سوور سوور بچنەوە درەختی
شین هەڵگەڕێن خەیاڵی سەر بەرەو ژووری
سپی بن ئێوارەکانی.
پاییز بەو هەموو ڕەنگەوە پاییزە
نەک بە سەدای تەسلیم بوون و
هەڵوەرینی مەعناکان و
گەواڵەی ڕەنگی مردن و
دەست لێک بەردانی.
سەدای پاییزی ئێمە وا گەیشت
ئەو کاتە خۆشە، وەکی بە پرچی سپییەوە
سڵ نەکەیتەوە لە بۆ جێ ژوانێ،
ژنێکی پاییزیش چووبێتە
ناو تاڤگەی بەخوڕی شیعرەوە
لەو سەری سەرەوە،
شێتانە برژێتە ناو حەوزی ڕووناکی و
تێک بشکێنێ هەموو وێنەکانی پێش خۆی.

٣

پاییز لەمن بە ئەنگۆرە
ئەو کاتە خۆشە، گەڵای مەغزایەک
لە پشت سیس بووندا



ڕەنگێک بنوێنێ پێشتر نەبووبێ
دەستی منداڵێک لەو سەری شەودا
چرایەک هەڵکا پێشتر نەتدیبێ
وەرزێک بێتە پێش وەرزێکی سۆفی
لەناو خەڵوەتی خورمایی عومرا
هەتا زەردتر بێ ڕەنگی تەماشای
ئەوە نیشانەی ئەوەبێ،
زیاتر بە پەیژەی خۆر هەڵگەڕاوە
لووتکەش وەهایە
تا سپیتر بێ زیاتر لەوانی تر هەڵکشایە.

**تێبینی:** ئەوانەی لە ناو کەوانە دانراون دێڕە شیعری پاییزە میوان و حەیرانی"پاییزە"ن

# نامەیەک بۆ خەزعەل ئەلماجدی

١

برام خەزعەل، ئێستا لەکوێی...؟ لەوێ،
لەژێر دار خورماکانی بەغدا دا، گوڵی کاغەز
مانگی کاغەز، پەپوولەی کاغەز و
بەرەبەیانی لە کاغەز دەنەخشێنی
یا تۆش لە ترسی (کۆلێرا)
بە ڕێی بیاباندا ڕۆیشتی
تاوێک سەرابی سبەینێ و
تاوێک ئەستێرەی کاروانکوژە تەفرەیان دای
ئای! ئێمە چەند زوو تەفرە دەدرێین بەو وەهمە جوانانە.
ئێستا لەکوێی؟
لە شوێنێکدا، دوور لە عەربەدەی ئەبو نەواس و
دوور لە خزم و کەس
وەکو مانگی ساردی سەحرا
خۆت دەخۆیت و خۆت دەخۆیت و خۆت دەخۆیت
یا هەر لەوێ، بەدیار کتێبی ڕەنگ زەرد و
شاری ڕەنگ زەرد و
ئاسۆی ڕەنگ زەردەوە نائومێدی هەڵتدەکۆڵێ
نازانم چەند دووری لە دیجلە؟
ئێمە هەمیشە دیجلەمان لە بەینە، خەزعەل گیان!
ئەو ڕووبارە، نیوەی لاوکە نیوەی مەوال
ئای چەند دەستم بەیەکدادا بۆ بەبادانی خەفەتی
کۆچی یار لەوادەی چڕینتدا
ئێستا کە نۆرەتە، دەست بنێ بنگوێت و بچریکێنە



ئێمە هەردووکمان سوێندمان خوارد
ئاوێک بین و دوو کەنار
شارێک بین و گەڕەکێکمان ئەوی ترمان تەواو بکا
شەقامێکمان شەقامەکەی ترمان ببڕێ
با دەنگت بێ و ئەو زمانە بۆ گۆناکا؟
ئێستا لە کوێی؟
لە ژێر دابارینی تەورەکاندا،
تۆ برینی قەدی دارخورمای تا پێتدا هەڵگەڕێم بۆ سەرێ
یا ناعوری جوتیارێکی موسەیەبی
بێمە خوارێ بۆ قومە ئاوێکی سازگار
خەزعەل گیان، لەو نیشتمانەی ئێوەدا
ئەو جۆرە ئاوانە دەگمەنن
مەگەر چۆڕاوی ڕوح نەبێ.

٢

شاعیر بە خوێنی وشە سوور بووە
یا بەتیری شەڕەنگێزان
دەی، تیرهاوێژ!
(دوا تیری کەوانی خۆت بهاوێژە)
شاخێک وەستاوە خۆی بکا بە پەنا
من دڵم هەمیشە لای تۆیە
تۆ چۆن بەو سنگە ڕووتەوە
دەچی بەرەو ڕووی ئەو هەموو تیرانەوە.
شاعیر سوور بووە بە وشە
ئاسمان سوور بووە بە کەسەر
پەنجەرە سوور بووە بە خوێنی ئێوارە
مێژووش سوور بووە

سوور سوور بەخوێنی بێگوناهەکان.
شەهرەیار چەند دوور بوو لە خەونی سبەینێ
بەڕاست چەند دوور بوو لە خەونی شیعرێکی پێشەنگ و
چەند دوور بوو ئەوکاتەی شەهرەزادیان هەڕاج کرد
بە چەند بەرمیلێک نەوتی خاو گۆڕیانەوە؟
لە بیرتە، خەزعەل گیان!
چۆن چۆنی (بابل) یان ڕووخاند و بە بەردی دزراوی نەبوخت.
پەیکەریان دروست کرد لەبەردەم (زەورا) دا
لەبیرتە، چۆن خوێنی حوسێنیان
لە دەنکی شیرینی خۆخێکدا دۆزییەوە
چۆن باخیان پشکنی
چۆن دڵیان پشکنی
لە سنگی هەڵەبجەی سپیدا
چۆن هاربوون لە سەحرای ئەنفال و
چۆن شیت بوون لە هۆڕی خواروودا؟
لەبیرتە، چۆن ترسام لە بۆنی
گوڵە باخ، بۆنی سێو، بۆنی گیا
لە هەموو بۆنی خۆش چۆن ترسام
ئێستا دەترسم لە بۆنی کەلاک و
لە بۆنی غەریبی و
لە بۆنی کەلاوە و لە بۆنی دیکتاتۆر
ئەو شەڕە جیاوازە و ئەو مەرگە جیاوازە
دیدەنی ڕۆخ دیجلە ئەمجارە جیاوازە
خەزعەل گیان هەموو شت ئەمجارە جیاوازە

---

* خەزعەل ئەلماجدی: یەکێکە لە شاعیرە پێشەنگەکانی عیراق
*(کۆلێرا): ناونیشانی شیعرێکی (نازک الملائکه)یە.



## نەفخی باشوور

بەرەی خۆرئاوا ئارام نەبۆتەوە
هێشتا مردووەکان لەوێن
بەچاوی پڕ خۆڵ و بە لێوی سپییەوە
تەماشای مانگ دەکەن
کە لەو دیو هەوری زەرنیخی چڵکندا
گۆچانی شەوی گرتۆتە دەست و
هێواش هێواش دێتە خوارێ
بەری خۆرئاوا لەمن بەدەنگە
عارەبانەکان کاتێ تێپەڕین
بە مشەمما داپۆشرابوون
کەس قوربانییەکانی نەدی
ئەوەی دواتر گەواهی دا
خوێنی تەڕ بوو لەسەر ڕووی ئاسندا!
( چۆن جولەکە هۆڵۆکۆست و
چۆن شیعە غەدری حوسێن لەبیر ناکەن
ئێمەش ئەنفال چۆتە ناو خوێن و
دەمار و ئێسقانەوە)
بەرەی خۆرئاوا ئارام نەبۆتەوە
عارەبانەکان لەدوای ڕۆیشتنیان
خوێنیان جێهێشت
بەو خوێنە ناسیمنەوە
بەتایبەتی لەدوای ئەواندا
ئاسمان سوور بوو سوورێکی تاریک

بەهیچ شێوەیەک ئەو ڕەنگەی لێ نەبووەوە
( هێشتا ژمارەی ونبووەکان دیار نییە و
شتێکی ئەوتۆ دەربارەی چارەنووسیان نازانرێ
ئەوان بەقەد خەڵکی ولاتێکن
خودایە، ولاتی ئەنفال لەکوێیە؟)
کێ لەوێیە تکایە با دەنگ هەڵبڕێ،
لەو هەزاران هەزارەی بەسواری زیل و
تراکتۆر خڕ کرانەوە
ئەو هەموو خۆراکە ئادەمییە
لەسەر کام سفرەی داوەتدا کۆکرانەوە؟
چ فڕنێک سووری کردنەوە؟
چ مەکینەیەک ئەو هەموو رۆحە ماندووەی هاڕی؟
بەرەی خۆرئاوا لەمن بەخوێنە و
گورگێک دەلوورێنێ و بۆنی گۆشتی خاو
ڕۆژەڕێیەک دەڕوا
کێ لەوێیە، کێ؟
با دەنگ هەڵبڕێ
( ئێستا کە ئێواران تەماشای ئاسمان دەکەم
چاوەڕێی ئەوانم بێنەوە
وەک پۆلە مەلی سووری بن باڵ سپی
پێ درێژ و مل باریک و بەسەزمان
بێنەوە لەو ناوە ببارن
خۆم بەخۆم دەڵێم، رەنگبێ ئێوارەیەکیان
کۆشی بەزەیی ئاسمان دابکا و
هەرچی مەلی ئەنفال هەیە هەڵی بڕێژێ



هەریەکە دەست ببەین بۆ باڵ و دەنووک و
بۆ پەڕ و پێ و دەست و
لای خۆمان گلیان دەینەوە
نەچنەوە هەواری خاڵی!)
بەرەی خۆرئاوا ئارام نەبۆتەوە
هێشتا بارتەقای ولاتێک
مردووەکانمان لەوێدا ماون
بەچاوی مەرگەوە تەماشای
ژیانێک دەکەن لەلای باکووردا .

**تێبینی**: (بەرەی خۆرئاوا ئارامە) ناوی رۆمانێکی ریمارکە.

# تۆمارەکانی ڕۆژانی شەڕ

**بۆ گیانی مەحمود ئەلبریکان و ئەوانی تر...**

بارانی نەوتاوی دەبارێ و لە بەسرای نەنوستووی لێواری شەتاو دا
دەستێک دەبینم رادەشەقێنرێ
شتێک لەناو قوڕ و لیتەدا دەبریسکێتەوە
لە شێوەی وردە بەردو
پوولەکە و گوێچکە ماسییەو
وەکو ئەوان، سادە و بێ گرێ و غەل و غەش
کامەیانە، دەفتەری شیعری سەیابە
با لێی دەداو
ئەستێرەکانی هەڵدەوەرێنێ
یا برینی تازە تەڕی مەحمود بریکانە
باڵی گرتووەو بۆ باکوور دەفڕێ
ناگاتە فورات دەکەوێ.
خەونی ئێمە لە شارێکدا جێگەی نەبووەوە فڕی بۆ وڵاتێک
لە وڵاتێکدا جێگەی نەبۆوە فڕی بۆ گەردوون
هەندێ جار، مەزەندە دەکەی ئەوێش
قەفەسێکی ئێجگار تەسکە
وەکو سنگی چۆلەکەیەک.
شەڕ بایەکی توندەو بە چەپۆک لە دەرگا و پەنجەرە دەدا
چۆن بتوانم پرتەقاڵی دڵی خۆمتان بۆ بنێرم
چۆن دەستم بکەم بەپرد
بۆ پەڕینەوە؟
لەژێر هەوری ن ە و ت ا و ی د ا



کەسێک خەریکی هیوایەتێکی کۆنیەتی
وڵاتێک سواری سەر پشتی بەلەمێک دەکا
ترسناکتر لە بەلەمی
قاچاخچییەکانی رۆخ بەحری ئیجە
کەسێک خەریکی هیوایەتی کوشتنەو
ناو سکی مێژوو هەڵدەدڕێ
هەموو شتێک بەتاڵ دەکا
لەپێش هەمووشیاندا
دەمانجەکەی خۆی
لەجەستەی عیراقدا.
شەڕ ژوورێک نییە بۆ نووستن
تکایە دەرگا دامەخەن
هۆزی ئەنفال بەڕێوەیە و
کەس ناخەوێ.
شەڕ نهێنییەکان دەکوژێ
تکایە...
من نهێنییەکەم پێیەو دەمەوێ پێتانی بڵێم:
ناو لەپم پڕ خۆڵ کردووە
ورد ورد تەماشای دەنکەکان دەکەم
لەناو هەریەک لەو دەنکە خۆڵانە
چاوی قوربانییەک دیارە
دڵم پێم دەڵێ، ئەوانە دێنەوە
چاوەڕێن دکتاتۆر نەمێنێ و
ببنەوە قوڕ و
سەرلەنوێ دروست ببنەوە و
بێنەوە ناومان.

(ئێمە دژی شەڕ ئیمزامان کۆکردبووەوە)
(ئەو کاتەی ئەوان شەڕی ئێمەیان دەکرد)
ئەو کاتە گوڵەکان بێ باخچەبوون
گەرمایی دۆزەخ دەگەیشتە ئێرە
ئەوان شمشێریان بەدەست بوو
هەڕەشەیان دەکرد
سکی مێژوویان هەڵدەدڕی
ملی مێژوویان پەل دەدا
ئەوەی دەیانکوشت نەیاندەشاردەوە
ئەوانە پاڵەوانەکانی عرووبە و
سوارەکانی سەحرای بەعس بوون
پۆستاڵیان لە هەوری نەوتاوی و
چەکی دەستیان ترسناک بوو.
بارانی نەوتاوی دەبارێ
خوای قوربانییەکان لە پشت هەورەوە
بەسواری برووسکە دێتە خوارێ
لەو ڕۆژی حەشرەدا کامیانن،
لە پێشی پێشەوەی پێشوازی؟
کەسێکە لە شێوەی تۆپەڵە بەفرێکە و
لە شێوەی پەپوولەیەکە و گوێچکە ماسییە
سادە و بێ گرێ و غەل و غەش
کەسێکە و هەموومان دەیناسین.
دەرگا دامەخەن
شەڕ ژوورێکی نووستن نییە.

* مەحمود ئەلبریکان شاعیرێکی نوێخوازی عیراقی بوو لەدوا ساڵی حوکمی سەدام لە بەسرا لە ڕووداوێکی ئاشکرا نەکراودا کوژرا.



## ڕۆژانی سەرەتا

لە ڕۆژی دووەمدا:
لەسەریەک چڵ بەدیار کەوتن
ئازادی وتاڵان
وەکو درک و گوڵ
مرواریییەکان– ڕووم لە ئێوەیە–
فڕێی مەدەنە بەردەم بەراز
نەبادا بەپێ ورد و خاشیان کا
پاشان ڕووبکاتە ئێوە و لەت لەتتان کا
–لە ئینجیلەوە–
لە ڕۆژی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و... دا:
نامەوێ بتبینم
دیمەنێک دیارە نامەوێ بیبینم
دەستێکی تفەنگ و یەکێکی زنجیرە
دەستێکی ڕادەشەقێنرێ و ئەوی تر یەخسیرە
نامەوێ بتبینم
پێم شەرمە گوڵێک لە باخچەی گشتیدا بقرتێنم
بینێرم بۆ ئەوەی دەستێک بیگرێ
کە گیرفانی براکەی خۆی دەبڕێ.
لە نێوان ئازادی و لەعنەتی سنوور و
خەونی لەت لەتدا
ڕۆژەکانم بەزەحمەت دەخوێنەوە
دەستێکی گۆج ناتوانێ بایان بدا
ترسێکی ئەستوور دەماری گرتووم

گریان دەدا
وا بڕوا ناگەمە بەیانی و
پێش وادەی خۆر هەڵات
دڵم لە لێدان دەکەوێ و ناگاتە لات
ئازادی وەک شیعرە
تەنیا جوانی دەیخولقێنێ و
موغامەرە سنوورەکانی  دەشکێنێ
تکایە تکایە تکایە
لە ماڵی ئازادیدا کەس مافی ئەوەی نییە
ڕەنگی ئاسمانم بگۆڕێ
ئازادی ڕەنگی مرۆڤە– ئاراگۆن دەڵێ–
تووڕەبوونم قاوەییە قاوەیی تۆخ
ئازادیشم خۆڵەمێشی
تکایە تکایە تکایە
سەیری گاڵتە جاڕی بکەن
(سەرۆک)... کۆشک و پەیکەرەکانی
زۆرتر بوون لە دۆستەکانی
تکایە تکایە تکایە
بەجەستەی قوربانییەکان خۆتان گەرم مەکەنەوە
ئێمە بەڕێکەوت نەخزاینە ناو بازنەی دیکتاتۆریەت و
هەر بەخۆڕایی و کت و پڕ نەبووینە قوربانی
هەموو شتێک دەسپێک و سەرەتای خۆی هەیە
کەلقێک سووتا نەسووتای
چاوەڕێ بە،
دارستان بسووتێ



کە شووشەی پەنجەرە شکێنرا نەشکای
چاوەڕێ بە،
دیواری ناوەندی خانوو
لە بنەوەڕا بڕووخێ
گورگێک چنگی گیر کردووە لە ناسکترین شوێنی جەستەمدا
ترس دیواری دڕکاوی هەڵبەستووە
لە دەوری گوڵە نەسریندا
ئازادی چەند جوان دیارە
لەناو پەلکی تەڕ و پاراو
وەلێ چەند تەڵخە و دژوارە
لە پەنای دڕکی تاڵان و ڕاو و ڕووتدا.

# هەزار و یەک شەوە

١

هەندێ جار بەدوای دۆزینەوەی هۆیەک یا بیانوویەکدا دەگەڕێم بۆ ئەو خولیا و سیحرەی لە کاری نووسین دەکەوێتەوە، هەردەم لە دەرەوەی قەناعەتدا پرسیارێک یا زیاتر دەمێنێ. زۆر جار نووسین لە پرۆسەی کوشتن دەچێ، بکوژ دەتوانێ حیکایەتی کوشتن بگێڕێتەوە وەلێ کوژراو نازانێ چی و چۆن رووی دا. کۆتایی حەفتاکان بوو نوێترین چاپی کتێبی (هەزار و یەک شەوە)م کڕی لە کتێبخانەیەکی بەغدا و کە گەڕامەوە هەولێرو پەڕەکانییم هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد بینیم چەند لاپەڕەیەکی کۆتایی بەشی دووەمی چوار جلدەکە سپییەو هیچی تێدا چاپ نەکراوە، شەوێکیان کە کەوتبوومە ناو خولیای نووسین، بڕیارم دا ئەو چەند لاپەڕەیە پڕ بکەمەوە. دەبوو بچمە ناو نەسیجی رووداوەکان و لە پەنجەرەی حیکایەتێکی شەهرەزادەوە رووی دەمم بکەمە شەهریار، هەستم کرد پرۆسەی داهێنان مێیە چونکە لەسەر زاری ناسکی شەهرەزادەوە دەڕژێتە ناو گەردوونەوە، پرسیارەکان هێندەی تر بە قووڵاییدا ڕۆچوون و نازانم بۆ ئەو کاتە نەمتوانی ئەو جورئەتە بدەمە خۆم و بەو چەند لاپەڕە سپییە کەوام مەزندە کرد چاوەڕێی قەڵەمی من دەکا! خۆم بخزێنمە ناو دەقێکی فراوانی رۆژهەڵات کە مۆڵکی هەمووانە و بەتەنیا قەڵەمی داهێنانێک تۆماری نەکردووە، دڵنیام ئەو کارەم ئەنجام دابا ئێستا جورئەتی زۆر کاری تریشم دەبوو. هەزار و یەک شەوە یەکەم کتێب بوو کە سیحری ژیان و ئەو دیوی رووداوەکانی نیشان دام (ئێستا بە بۆنەی سەر لەنوێ خوێندنەوەی، ئەو چەند دێڕەم بە خەیاڵدا هات). لە یەکێک لەو تابلۆیانەدا کە کتێبەکەی پێ رازاوەتەوە وەلامێکی ئێجگار ماقووڵی تێدا بەرجەستە کراوە سەبارەت بەکاری داهێنان کە من تا ئێستا لەوە جوانترم بەرچاو نەکەوتووە، ئەویش بەم شێوەیەیە: پیاوێک کە لە حاڵەتی جەزبەیەکی قووڵدایە و چۆکی داداوە بەسەر چوارچێوەی وێنەیەک کە هیچی تێدا نییەو بەئاستەم سووچێکی شکاوە. لە دەرەوەی چوارچێوەکەدا ژنێک بەوپەڕی سیحرەوە سەما دەکا! ئەو جوانییە لەو چوارچێوەیە هاتۆتە دەرێ و وەلێ هەیهات... هیچ هێزێک ناتوانێ بیباتەوە ناو چوارچێوەکە، رێک پرۆسەی ئەفراندنە ئەو حاڵەتە و ئەو پەیوەندییەیە.



٢

وشە لە مەرەکەب دروست دەکرێ بۆیە کە جیهان دەنەخشێنێ بەو ڕەنگە دەردەکەوێ کە لە شووشەکەی ئەودایە. لە شیعردا وشە بە ڕوح دەپێورێ و کەس هێندەی شاعیر شاگەشکە نابێ بە سیحری وشەوە، هەندێ جار ئەو سەرسام بوونە دەبێتە ماخولیا، بۆیە یەکەم عەشقی شیعر لەگەڵ وشەدایە و یەکەم بوونەوەریش کە شاعیر بیناسێ وشەیە، وشە نهێنی سەنعەت و کارزانایی دەردەخا، شاعیران! تکایە رێزی وشە بگرن و هێندە ئازاری مەدەن نەبادا لە ناسکیدا بشکێ.

٣

دەست لەناو هەموو ئەندامەکانی لەش زیاتر پەیوەندی لەگەڵ شیعردا هەیە، ئەو شیعر دەنووسێتەوە، دەست سەرسامترین ئەندامی لەشە کە هەزارویەک بیانوو هەیە بۆ بوونی و یەک بیانوو نییە بۆ نەبوونی. دەست بڕیار دەدا بۆیە دەستی کورت و درێژ هەیە!

دەست بەرگری دەکاو کە شوێنێکیش لە لەشدا دێشێ دەستی دەخرێتە سەر
مرۆ بەخەتی دەست و بەهێڵەکانی سەرپەنجەی دەناسرێتەوە،
ناو لەپی دەست دەخوێنرێتەوە (ئەو شوێنەی گۆمی ئایندەو چارەنووسە)
دەست ماچ دەکرێ و دەست دەبڕدرێ و هەردەستیش لە قەبرا دێتە دەرێ
لە نوێژکردندا دەست بەکاردێ لەکاتی سلاو و سەفەردا هەر دەست رادەشەقێنرێ
شتەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و

کە مرۆ دەستی بەکارهێنا خۆی لە باقی گیانلەبەرەکان جیاکردەوە، دەست کە لە بیست و حەوت ئێسک و چەندەها دەماری ورد و درشت و پێستی زبر و تەنک و ملیۆنەها هەست پێک دێ، مەملەکەتێکە بۆ خۆی دەستی مرۆ تەواو جیاوازە لە دەستی باڵندە و مامز و دەستی گورگ و فیل، دەست وشەیەکە و ئەندامێکی لەشە هەمووومان هاوبەشین لە بوونیدا و وەلێ هەریەکە و بەجۆرێک و بە نەخش و هێڵ و هونەرێکەوە بەکاری دەهێنین و هەریەکەشیان مەعناو مەغزاو سیحرێک دروست دەکا.

# سێگۆشەی مردن

١

(دنیا کۆنە ئێجار کۆن
لێوان لێوە لە نهێنی)
ئەم قسەیە لە بەردەم کەللە سەری مرۆیەکی
نیاندەرتاڵ هەڵکۆڵرابوو
(دنیا تاریک و دژوارە ئێجگار دژوار
پڕاو پڕە لە غەدر و
پڕاو پڕە لە کوشتن)
ئەم رستەیە لەبەردەم کەللە سەری
مرۆیەکی ئەنفالکراودا پچڕا بوو...
(نێوان دەرگای ئەشکەوتی شانەدەر و
بیابانی خواروو
پڕاو پڕبوو لە نهێنی پڕاوپڕ لە غەدر و
پڕاو پڕ لە مردن
ئەی دنیای کۆن!
وەکو چۆن نهێنی تەواو نابێ
وەکو چۆن مردن تەواو نابێ
غەدریش تەواو نابێ.

٢

شار وەک مرۆ وایە
ئەویش ناسنامەی تایبەتی خۆی هەیە
خەسڵەت و حەز و ئارەزووی تایبەتی خۆی



خەون و ئەندێشە و
جۆری قسەکردن و هێما و جۆری جووڵانەوەو
چڕین و شتی ترو
شتی تری تایبەتی خۆی... هتد
لە دوا سەردانی خانەقیندا تێگەیشتم کە ئەو جۆرە شارانە
شتە شاراوەو نهێنییەکانیان جوانترن لە شتە بینراوەکان
دەنگە نەبیستراوەکانیان بەسۆزترن
لە دەنگە بیستراوەکانی
بەو شێوەیە،
ئەو جوانییەی بە ئاستەمێکی ماوەتەوە
لەناو لۆچی رۆژگاردا
سەرسام و بەپرسیارترە لەوەی
لە یەکەم سەرنجدا خۆیت نیشان دەدا.
خودایە! گوناهی ئەو شارانە چییە؟
ئەوانەش شاری تۆن
ئەی بۆ هێندە رەنگ پەڕیو و ماندوو شەقین
تکایە دەستی بەرینی خۆتیان بۆ راخە
با بحەسێنەوە پاشان بەرەو بەهەشت بفڕن.

٣

*بۆ مەرگی جان دەمۆ*

پیاڵەیەک دەشکێ لە مەست بووندا
بەو شێوەیە شاعیر دەمرێ
(گەر بمتوانیبا وەک تیمساح
چاو گەرم بکەم...) ئای ئەگەر بمتوانیبا...
شاعیر دەگەڕێ تا شارێک بدۆزێتەوە

تا لە پاڵ وردە گوڵە مەستەکانیدا بمرێ
شاعیر دەگەڕێ تا بمرێ
ئەو حیکمەتە جان دەمۆ پێی وتین.
لە کەرکووکەوە تا سیدنی
جەستەی هەزاران قەسیدەی ئازاد سوور بووە
هەزاران شەقام غەریب و
هەزاران درەخت مەست بووە
لە کەرکووکەوە تا ئاسمان
هەر مەرگ پەرت بووە و
هەر مەرگ پەرت بووە.
شاعیر دەمرێ و
هەر تەنیا شیعرێکی لەلا دەمێنێ
ئەویش دەبێتە گوڵە حاجیلە لەسەر گۆڕیدا
تەنیا شیعرێکی دەچێتە سەر کێڵی
باقی شیعرەکان
دەبنە ئەسێرەو دەدرەوشێنەوە
لە تاقی ئاسمان.



## بۆ شتە پەراوێزکراوەکان

١

کە تەماشای ماڵێک دەکەم لە شەودا
یەکەم شوێنی پەنجەرەی رووناکییەتی
سەرنجم رادەکێشێ
مووی سپی پەنجەرەیە
لە شەوی تەمەندا
رێم بدە، با ئەو تاڵە رووناکییانە دەلیلم بن
بۆ سەفەرێک
کە چوونی هەیە و هاتنەوەی نییە.
شاعیری ئەرمەنی هوانیس شیراز دەربارەی مووی سپی دایکی نووسیویەتی:
هەر کاتێ تاڵێک لە پرچت سپی دەبێ
ئەی دایە گیان،
تارەکانی دڵم دەگرین
ئەگەر چی تۆ لە شەڕدا
هیچ کوڕت لێ بزر نەبووە
بەڵام ئەوانەی کوڕیان بزربوو لەوێدا
سپێتی بەفریان هێنا بۆ پرچت
من هیچ شتێکم ناوێ لە دنیا
جگە لەوەی،
بەفرێکی تازە نەبارێ
لەسەر پرچتدا.

٢

ئاوێک بووم نە سەرم دیار بوو نە بنم
کەنار نەبووا نەدەبووم بە ڕووبار
هەرچەندە کەمەرم باریکتر بێ
هێندە بە خوڕتر دەڕۆم و
هاژەم زیاتر دێ.
بەو بۆنەیەوە بۆ هەمان مەبەست، شاعیرێک نووسیویەتی:
سانسۆر نەبووایە شیعرم هێندە شەنگ نەدەبوو!
ئەو نەبووا، ئەو هەموو پەلکە رەنگینەم نەدەخشاند
لە دەوری مەعنادا
ناو قەدی شیعرم هەر چەند زراف بێ
هێندە ئاسانتر بە کونی دەرزیدا
تێدەپەڕی و چاوی رەقیبیش نایبینێ
مەلێکیش وتوویەتی:
هەوا هاندەرە بۆ فڕین
لە هەمان کاتدا ڕێگرە!
ئەو نەبووا ئیقاعی فڕینم لێ تێکدەچوو
بە تایبەتی ئەو کاتەی بەخۆم نازانم و
دوور دەکەومەوە لە زەوی
هەوا ماڵە
دوا جار دەرگایەکی هەیە بۆ داخستن

٣

بەرداشێک دەگەڕێ و بە بەرچاوی قوربانییەکانەوە رابردوو دەهاڕێ
نازانم بۆ سیاسەت هێندە لووت بەرزە و لە خۆبایی



بێ پرس دێتە ناو ماڵ و
دەست دەبا بۆ هەموو شتێک
تکایە! ساتێک ماوە لەو سەری ئێوارە من بەخۆڕایی دەیدەم
بە کوختییەک
بستێک ماوە لە زەوی دەیدەم بە گوڵە نەسرینێک
پشتگیریم بکەن ئەی شتە بچووکە پەراوێزکراوەکان
سیاسەت خەریکە خۆی دەکا بە سێبەری هەموو چڵێک
پشتگیرم بکەن!
دنیا بەو شتە وردیلە بچووکانەوە جوانە
سەرم گێژ دەخوا لەتاو کابووسی
ئەو هەموو شتە گەورانە.

# شیعر

دیاریکردنی پێکهاتەی شیعر ئێجگار گرانە، ئاو کۆکراوەی هەردوو گازی ئۆکسجین و هایدرۆجین نییە، ناتوانم قەناعەت بکەم ئاوی سەرپەلکی گیا، رووبارێکی ماندووی قەراغی شار، چەمێکی تووڕەی زستانە ئەوانە لێکدراوی ئەو دوو گازەن. شیعر لە چی پێکدێ؟ دەتوانرێ ڕیزێک لەو شتانە دیاری بکرێ کە لە پرۆسەی خولقاندنی شیعردا بەشداری دەکەن، بەڵام ئەو شتانە لە شوێن و کاتێکی شیعریدا دەبن بە شتی تر، بەهەمان خەسڵەت و سیمای خۆیان کە لەبووندا هەن بەشداری لە پرۆسەکەدا ناکەن. کە هانا بۆ بەفر دەبەی بباریٚ و زەوی داپۆشێ، تەنیا ڕەنگە لە جۆری باریندا لەو بەفرە بچێ کە لەدەرەوەدا دەبینرێ وەکی تر کلوکلوی روحە دێتە خوارێ نەک دڵۆپە ئاوی بەستوو. لە شیعردا هەمیشە نهێنییەک دەمێنێتەوە بۆ سەرسامبوون، ئەو نهێنییەشە وای کردووە هەر شاعیرەو جیهان و دەنگ و شێوازی خۆی هەبێ. لەکاتی شیعر نووسیندا هەر شاعیرەو خوو بە شتێکەوە دەگرێ، ئەو شتە ڕەنگە ڕەنگی سەر دیوارێک بێ، یا ڕەنگی ناو تابلۆیەک، یا گوڵێک لەناو پەرداخێک ئاودا، یا پەرداخە ئاوێک خۆی، یا تەپڵەیەکی جگەرە و شقارتەیەک، تاد. شیعر لەو ساتە بچووکانەوە دەست پێدەکا کە بەزەحمەت هەستی پێدەکرێ، ساتێک کە ئیتر لەوێوە گەشتی ئۆرفیۆس دەست پێدەکا بۆ جیهانی ناوەوە، ئەو شتانەش بیانوون یا دەلیلن بۆ دەربازبوون لە جەبەرووتی شوێن و چوونە ناو مەتاهەی زەمەنەوە. ئەو گەشتەی ئۆدیسۆس مەرج نییە لە دوای شکستەوە بێ. ئەگەر چی شکست دایکی هەموو داهێنانەکانە. شیعر کە دەیەوێ خۆی لە زەمەنێک دەرباز بکا لەناو رستەکانی خۆیدا توندی دەکا وەکو چۆن کەنار توند رووبار بەخۆی دەبەستێتەوە و بەرەو پێشی دەبا. شیعر بەو چەشنە لە زەمەنی رابردووەوە دێ و بەناو ئێستادا پەرت دەبێ لەشێوەی هولامێکی رۆحی خەون رەنگیدا. شاعیری یاخی هەمیشە لەگەڵ دوو زەمەندا رووبەڕوو دەبێتەوە، زەمەنێک کە لەدەرەوە هەیە. زەمەنێک کە داهێنان خولقاندوویەتی، تێپەڕاندنی ئەو دوو زەمەنە کاری شاعیرانی پێشەنگ و پەیامبەرە گەورەکانە. کە شیعر بخولقێ و پێک نەهێنرێ، ئەی بۆ دەوترێ



ئەو شاعیرە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی هەیە و ئەوەی تریش پێچەوانە؟ پرۆسەی خولقاندن لە بۆشاییدا نابێ، وەکو چۆن ئادەمیزاد لە تاریکستانی شوێن و زەمەنێکەوە بە نهێنی دێ و لەدایک دەبێ بەڵام سەرەتای نوتفەیی هەیە. شیعریش بەهەمان شێوە لە پرۆسەیەکی (فەرخ ئاسا)ییدا رەنگ و سیمای دایک و بابی وەردەگرێ بەڵام زادەیەکی نوێیە و وەکو بەرهەمێکی تازە تەماشا دەکرێ نەک وەکو بەشێک لەوان، بۆیە من لایەنگیری ئەو جۆرە بۆچوونەم کە دەقی شیعریی کەسایەتی تایبەتی خۆی هەیە، مەرجیش نییە هەموو جار نەوزاد بەدڵی بەرهەمهێنەری بێ. هەندێ جار هێندە چەتوون و یاخی دەبێ تا ئەو رادەیەی بۆ سەلماندنی خۆی بیر لەکوشتنی باوکی دەکاتەوە! سێ بەش رابردووی کەلتووری کورد شیعرە، ئایا شیعر دیوانی کوردە؟ پردە بۆ تێگەیشتن و پێگەیشتن، ئاوازە بۆ چڕین، پەنجەرەیە بۆ روانین، باخچەیە بۆ کرانەوەی بەیانی، ئاسمانە بۆ دەرکەوتنی ئەستێرەی ، شیعر چییە؟ عەقڵ و مەعریفە یا نەست و بێهۆشی؟ وشەیە یا مەعنا؟ هەمان پرسیاری ئەزەلییەو بە ڕەنگ و شێوەیەکی تر خۆیمان نیشان دەدا. هەندێ جار نەبوونی ئەنتۆلۆجیایەکی شیعری کوردی و خۆ دوورە پەرێزگرتنی شاعیران لە نووسینەوەی ئەزموونی خۆیان و نەزەر و باری سەرنجیان دەربارەی بوون و دیاردەکانی ئەو پرسیارە گەلێ ئاڵۆز و چڕتر و بۆشایی لەنێوان نەوەکاندا گەورەتر دەکەن، نەوە دوای نەوە دەڕۆن و ماڵئاوایی دەکەن بێ ئەوەی زانیارییەکی ئەوتۆ بەجێبهێڵن، بۆیە هەندێ جار ناهەقی گەورە دەرهەق بە هەندێ شاعیر دەکرێ. ئەنتۆلۆجیای شیعریمان نییە وەکو چۆن رەخنەیەکی چالاک و وردبینمان نییە تا تەماشاکردنێکی گشتگیر بۆ بەرهەمی قۆناغەکان (ئەگەر قۆناغ هەبێ!!) دێنێتە ئاراوە، زەمانی سەردەمەکان جیا دەکاتەوە، ئەزموونی شاعیران لەڕێی هەندێ بەرهەمەوە دیاردەخا، ئەگەر چی لە ئەنتۆلۆجیادا ئەو بەرهەمانە وەکو ترۆپکی ئەو شاخانە وان کە لە نەخشەی جوگرافیادا دیاری دەکرێن، بەڵام ئەوانە تەنیا چەند خاڵێکن و ئەزموونی شاعیرەکە لەوە فراوانتر و پڕ پیتترە وەکو چۆن شاخ تەنیا ئەو خاڵە نییە کە لە نەخشەدا دیاری دەکرێ.

شیعر پاشا نییە

پاشا بووایە،
لەمێژبوو سوپای کورتەباڵاکان
کورسییەکەیان لێ زەوت دەکرد
تاجیان دەفرۆشت بەهەرزان
شیعر شاخە
شاخ ناگیرێ بەئاسان.



## پەنهانی دەست

ئەمجارەش (دەست) کردمی بە بەرد و ئامادەی کردم
بۆ تاشین، تەماشاکە
لە نهێنی پەیکەرێکدا
پەنجەکانت ناگۆڕمەوە
بەچڵی گشت درەختەکان.
لەشیعر بابەتی قەبەو بچووک نییە،
هەندێ جار گەورەیی بابەت قورساییەکی ئەوتۆ دەخاتە
سەر سینە، هەناسە سوار دەکا.
کەچی وردیلە بابەت ئارامی دەبەخشێ و
خەیاڵ بەرزتر دەفڕێنێ
شیعر وەکو گوڵ بە گەورە و بچووکی ناپێورێ
وەکو با
وەکو ئاو
لەهەر کوێیەک دەست پێ بکا
ئەوێ دەبێتە سەرەتاو
کەس نازانێ کۆتایی لەکوێیە.

شاعیرێکی هاوچەرخی هیندستان لە شیعری ( زمانی با... ئەو دەستەی لە دەرگای شارەکان دەدا) دەستەکانی خۆی کردۆتە هەوێنی داڕژان. مانگالیش دابرال (تەمەن ٥٥ ساڵ) دەڵێ:

"لە کۆتاییدا بەتەنیا دەستێکم هەیە
دەستێک و بەس
جا بەو دەستەوە من چیم پێ دەکرێ؟
دەستەکەی ترم، دیارە بێ سوودە

سوودی نییە هەرگیز
زۆر جاران لە یادم دەچێ کە دەستێکی ترم هەیە
سەیرکە: بەم دەستە ئاو دەکێشمەوە
بۆ چێشت لێنان و
وشەی سوپاسی پێ دەنووسم
هەر بەم دەستە ئەڵقەی بنمیچی ناو پاسان دەگرم
تا هێزم تێدایە رایدەشەقێنم
کاتێ دەڕۆم بە ڕێگادا
ئاوەها، تا ئێستاکە ئەم دەستە چالاکە و ملهوڕیشە.
لەو کاتەدا،
دەستەکەی تر وەک کەروێشک
خۆی لەناو تەباران مات دەدا
یا لە چاڵی منداڵیدا رادەکشێ
لە وادەی لاوێتیدا،
لەنێوان تۆپ تۆپێن و ئەسپ سوارییدا
بەدرێژایی دوای نیوەڕۆیان
دەستی کچێکم لە نێو دەستدابوو
بەڵام ئەو دەستەی رادەشەقێنرێ
ناتوانێ هەست بەبوونی دەستەکەی تر بکا
بەردەوام ئەو دەستە
لە دەرگای شارەکان دەدا
بەم دەستە دەتوانم هەموو شتێک بکەم
گشت شتێک
بەڵام کە تخوبی ئاساییم تێپەڕاند
لەو دیو توانای ئاساییدا
دەستەکەی تر نارەزایی دەردەبڕێ و



هەڵدەلەرزێ لە خەفەتاندا"
ئەو دەستەی دەرگای شارەکان دەکوتێ
هەمان دەستە، کە ئەڵقەی بنمیچی پاسەکان دەگرێ.
لە پیکاسۆیان پرسی، دەتوانی وێنەی دەستێک دروست بکەی
وەک ئەو دەستانەی رافائیل دروستی کردوون؟
وتی، دەتوانم، رێک وەکو ئەوان بێ
بەڵام من دەستێک دروست دەکەم
وەکو ئەوەی خۆم دەمەوێ.
دەستێک لەدەرگای شارەکان بدا،
بەڵای سەرە، ئەو دەستە.
چرکە نەخۆشە زیندووەکان!
(لە کاتژمێرە درێژەکانی نەخۆشیدا)
ژیان بە ڕیتمێکی خاودا بە ئاستەم دەجووڵێ
بۆ ئەوەی نهێنی خۆیمان نیشان بدا
لەرەنگێکی تەواو خەمباردا.
هەموو کەسێ نەخۆش دەکەوێ، هەروەها هەموو شتێک
لە چۆلەکەوە تا پێغەمبەر و
لە گەڵاوە هەتا دەریا
هەموویان نەخۆش دەکەون و
لەگەڵ هەناسە کەفی سپی بەلالێوو
بە کەنار و دەنووکیاندا دێتە خوارێ
نەخۆشی دیوێکی چۆتەوە سەر دۆزەخ و
سێ دیوی چۆتەوە ناو بەهەشت.
کە شاعیرێ نەخۆش دەبێ
خوا بە چەرچەفێکی شینی تەواو لە بێگەردی ئاسمان
دایدەپۆشێ و

ئەستێرە دەکاتە دکتۆری و
شەو دەکاتە دەرمانی.
شاعیران هەر لای ئەو نازدارن!
لە دوا ڕۆژی دروستبووندا
خوا پارچەیەک لە بوونی خۆی
لێکردەوە و دای بە شاعیر
خۆڵی لەسەر ڕووی مانگ و
ئاوی لەبن قووڵترین دەماری خاک هێنا
کە ڕوحیشی کرد بەبەریا
فەرمووی،
لەو هەموو ڕەنگانە رەنگێ ببە
لەو هەموو دەنگانە دەنگێ
هەموویان هی منن.
شاعیر هات و لەو هەموو جوانییە وردبووەوە
نەیزانی کامیان؟
لەو هەموو ڕەنگانە کام رەنگ و
لەو هەموو دەنگانە کام دەنگ؟
وتی، خوایە سەرپشک بە
تۆ کامیانم پێ دەبەخشی
کامیان دەدەیتە ئەوان و
کامیان بۆ من؟
لەو نێو جوانییەکان مانەوە
بەش نەکراون
لەوساوە شاعیر دەسووتێ
بۆ ئەوەی پڕشنگی زیاتری



ڕەنگەکانی بەرکەوێ
شاعیر دەگریێ
بۆئەوەی تاڤگەی دەنگێکی زوڵاڵی بەرکەوێ
شاعیر دەمرێ
بۆئەوەی جوانییەک بدزێ و بیبا بۆ خۆی
ژیان پەی پێ نەبردرێ

٢

(ئیدیس سۆدرگران)ی ژنە شاعیری فینلەندی دەڵێ:
کە شەو دادێ
لەبەر هەیوانێ دەوەستم، گوێ هەڵدەخەم
ئەستێرە دەکەونە خوارێ و دەڕژێنە ناو باخچە
منیش لەناو تاریکیدا وەستاوم
گوێم لێیە! ئەستێرەیەک دەکەوێ و دەنگ دەداتەوە!
وریابە بەپێ خاوسی بەسەر گیادا مەڕۆ
باخچەکەم پڕبووە لە وردە پارچەی ئەو ئەستێرە شکاوانە.
نەخۆشی ئەو ژنە شاعیرەی لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا هەڵپاچی،
کەچی ئەو نەخۆشی کردبوو بە پەنجەرەیەک ئاسمانی بەو هەموو
گەورەیییەوە لێ دەهێنا ژوورێ
ژیانت خۆش بوێ
لە کاتژمێرە دوور و درێژەکانی نەخۆشیدا
لە ساڵانی بێزارکەری پەرۆشیدا
ژیانت خۆش بووێ،
وەکو ئەوەی ئەو کاتانە، ساتی کورت بن
وەکو کاتی گوڵ دەرکردن
لەناو وشکی بیاباندا.

٣

+ دوای ئەو هەموو ڕووداوانە
چی گۆڕاوە لەتۆدا؟
– من ژیانم بەو ڕووداوانە گرێ نەداوە
وەکو چۆن،
خۆر خۆی بە وەرزەکانەوە گرێ نادا
من ئیلهام لەوان وەردەگرم لەبووندا
وەرزەکان دێن و دەگۆڕێن
پێستەکان دەگۆڕێن
بەڵام خوێن لەبن ڕەقترین ئێسکدا
بەناو قووڵترین دەماردا دێ و دەچێ
من ئیلهام لەوان وەردەگرم لەبووندا
خودایە! تۆ باشترین شاهیدی شاعیری
شاهیدم بە.



## دەربارەی کۆمیدیای خواوەندان

یەکەمجار کە کۆمیدیای خواوەندی دانتی ئەلیگیریم خوێندەوە، لەدوا لاپەڕەی بەشی سێیەمیدا کە بەناوی (بەهەشت)ە نووسیم: تەمەن هەر تەنیا بەشی خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەکات! بەڕاستی ئەوە قسەی ناو دڵم بوو، مرۆ کە توحفەیەکی وا دەخوێنێتەوە تووشی جۆرە سەرسوڕمانێک دەبێت کە پێشتر بەخۆیەوەی نەدیوە.

ت. ئێس. ئەلیەت کە دۆزەخی خوێندۆتەوە و دواتر دوو بەشی (هەمستان– پاکژگە) و (بەهەشت)ی خوێندۆتەوە وتوویەتی، من حەزم لە خوێندنەوەی دۆزەخە، دواتر کە تەمەنی بەرەو ژوور هەڵکشاوە ئینجا توانیویەتی لەزەت لە خوێندنەوەی دوو بەشەکەی دوایی وەربگرێ.

هەندێک جار کە کتێبێک دەخوێنیتەوە، بەتۆبێ تەواوی نەکەی، من لە (دۆزەخ)دا وام لێ هات، حەزم نەدەکرد لەو دۆزەخە بێمە دەرێ، ئەوەی وەکو ئێمەمانان و لەو سەردەمە ناخۆش و پڕ لە ناسۆزەدا دەژین، هەمیشە لەزەتیان لەو جۆرە موعاناتانە وەرگرتووە کە کتێبی لەو چەشنە پێیان دەبەخشێت.

دۆزەخ ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بووە لە کۆنەوە بەڵام (بەهەشت) وەهمێکی شین بووە لەو شینەی ئاسمان و هەمیشە جێگەی ئومێد و خواستی بەشەر بووە، جێگەی شتە ونبووەکان بووە، کەس نەگەیشتۆتە ئەوێ، گەیشتبێت نەگەڕاوەتەوە، بۆیە هەقمانە شتێکی ئەوتۆ دەربارەی نەزانین.

دانتی زۆر حەکیمانە لە گەشتی دۆزەخدا ڤرجیلۆی شاعیری کردۆتە دەلیلی، لە پاکژگەدا سۆردیلۆی شاعیر و کەچی لە بەهەشتدا پیاتریشی کچی عاشقی سەردەمی منداڵی کردۆتە پێشەنگ کە لە تەمەنی لاویدا مرد و بەئاکام نەگەیشتن.

دانتی بەتەنیا عاشقێکی سەوداسەر و سەراسیمە نەبوو، ئەگەر چی ئەو زۆر لەژێر کاریگەری شاعیرانی ترۆبادۆردا بوو، بایەخی بە لیریک و بەزمی گۆرانی دەدا لە شیعردا، بەڵام ئەو حەکیم و حوکمڕانی عادل و دنیادیدە و وەستای دانابوو، بۆیە بیاتریشی کردە ڕەمزی خەونە ئەبەدییەکانی بەشەرو هەموو گەڕان و سووڕانێکی کردە بیانوو بۆ گەیشتن بەو خۆشەویستە بێگەردە لە بەرزترین ترۆپکی بەهەشتدا.

دانتی باشترین دەلیلە بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانەی پێیانوایە، شاعیران هەر تەنیا دەتوانن شیعر بنووسن، ئەو شاعیری بەتوانا و مەزن و دانای لێهاتوو، راوێژکاری عادل و مرۆڤی شەیدای بیروباوەڕی راست و خۆشەویستی بێوێنە و راستگۆ بوو.

ئەوانەی نەوەی دانتین لە ئەڵقە و پێچی رۆژگاردا دەردەکەونەوە لە ڕەنگ و
شێوەی جۆراو جۆردا، مادامەکی کۆمیدیا ماوەو دەخوێندرێتەوە
ئەوانە خوێی زەوین
ئەوان تام دەدەن بەبوون
بێ ئەوان هەموو شت بێ تامە

٢

(لەشم پارچە پارچە دەبێ و خوێنی لێ دەچۆڕێ
لەنێوان ئەوەی وتوومە و
ئەوەی هێشتا ماومە بیڵێم)
دوای پانزە ساڵ لە خوێندنەوەی کۆمیدیا
ئێستاش
بە پەرۆشەوە جارجارە دەچمەوە سەر لاپەڕەکانی و لەبەر چرای
ڕستە شیعریەکانیدا چاوم بە
شتی نوێ و جیهانی سەراسیمە و زەوی
نەدیتراو ڕووناک دەبێتەوە،
ئەی خۆری مەزن!
تۆ چەند لە ڕووناکی خۆت داوە بە دانتی
تا شەوقی وشەکانی هەتا هەتایێ تەواو نەبێ؟
ئەی ئاسمانی بەرین!
تۆ چەند لە ڕووبەری خۆت بەناوی ئەو تاپۆ کردووە
تا لە هەر تیلماسکێکتدا
دەیان ئەستێرەی تازەی ئەو دەردەکەوێ؟




ئەی گەردوون ئێستا تۆ چی شتێک هی خۆتە
کە دانتی هەموو شتەکانتی
ئاشناکرد
بە خۆشەویستی خۆی؟
لێم تێکچووە،
کامە دۆزەخ راستەقینەو
کامەیان وەهمە؟
لێم تێکچووە،
کامە بەهەشت هیدانتی یەو
کامەیان وەهمە؟
لێم تێکچووە،
کامە کتێب هی دانتییە
کام ئەستێرە هی ئاسمان و
کامەیانیش هی دانتییە؟
لێم تێکچووە.

---

– (کۆمیدیای خواوەند) سێ بەشە: دۆزەخ– پاکژگە– بەهەشت. لای زەردەشتییەکان پاکژگە– هەمستان–ی پێ دەڵێن.

– دوو دێری ناو کەوانەی بچووک هی ئەدۆنیسە لەدوا کتێبیدا بەناوی (کتاب/ أمس المَکان الآن)

## دوورترین هەست .. نزیکترینیان

شار پڕە لە شتی زیادەو دیمەنی لەیەکچوو
دەنگی لە یەکچوو
ڕەنگ و قسەو قسەو قسە
پڕە لە دەموچاوی ماندوو
-من تۆم کەی دیوە؟
تۆم لە کوێ دیوە؟
زەحمەتە یەکتری بناسینەوە
شار پڕبووە لە نامۆیی
-چی دەخوێنیتەوە؟
* شتێک وەکو ئاوێنە کۆم بکاتەوە
شتێک وەکو ئاو یەکم بخا
چۆن دەگەم بەوەی دەمەوێ؟
-جا چیم دەوێ؟ خۆم لە خۆم دەپرسم.
شار پڕبووە لە بۆشایی
پڕبووە لە ترس
ئەوەی دەتەوێ
یەکێکی تر فڕێی داوە
یا ئەوەتا کردوویەتی بەمۆمیاو
لە گەڵ شتی ئەنتیکە لەناو جامخانەی
پڕ شووشەو لاستیک و
داری جاو دایناوە
شار پڕبووە لە قسەو
پڕبووە لە مانشێتی گەورەو



پڕبووە لە چاوپێکەوتنی دووبارەو دووبارە
پڕاوپڕە لە گەرما
سۆربۆتەوە دیوارو
چاو و زمان و گوێ
سۆربۆتەوە ئەوەی هەیەو
ئەوەی دێ
من بەدوای شتێکی دانسقە کەوتووم
چۆتە ناو سوورایی دڵتەوە
تکایە دڵی خۆت بکەوە بابێتە دەرێ
زۆر شتمان بردۆتەوە (بڵند)
شتێکی نزیکمان بزرە (نزم)
زۆر تەماشای دەوروبەرمان کردووە (بڵند)
سەرنجێکمان بۆ ژوورەوە
نەناردووە
(نزم
(نزم
(نزم)
مەبەست لە ژوور: چوار دیوار و دەرگایەک و
پەنچەرە و شتی تر نییە
من ماندووم و ئەو هەموو مەعناو
مەغزایەم پێ ڕاڤە ناکرێ
یەکەمجار کە جوانییەک خۆیت نیشان دەدا
چ شتێک بە ئاگا دێ لە تۆدا
من ئەوەم مەبەستە
کە شەوان خۆت دەدەیتە بەر تریفە و

شەپۆلی ئەستێران

چ شتێک لەناختا دەجووڵێ

ئەو شتەم مەبەستە

کە تەماشای ئاوێک دەکەی

یا دەچیتە بەر سێبەری درەختێکی سەر ڕێگا

یا دەست دەبەی بۆ گوڵێک

بۆ دەستێک

چ دەجووڵێ، چ شتێک دەجووڵێ

لە ژێر پێڵوو

لە ژێر پێستدا

من ئەو شتانەم مەبەستە

ئەوانە وەکو خانەی هەنگ وان

بجووڵێیتەوە پڕدەبن لە هەنگوین

نەجووڵێیتەوە،

شەمێن

ڕەق دەبن و وشک هەڵدێن.



## غەریبی

*بۆ نزیکترین برادەر لە دوورترین شوێندا:*

هەندێک سات پڕاوپڕین لە هزری هەمەڕەنگ

لێوان لێوین لە وێنە

پڕین لە چریکە

خرۆشاوین وەکو رووبار

هەندێ سات بەتاڵترین لە گیرفانی

کون بوو

سووک و بێ هێزترین لە پووش

بێ پێزترین لە دەنکە خۆڵ

یا بەفری بەرهەتاو

شەکەت و ماندووین

وەکو بای پێ سووتا!

هەندێ سات پشت بەبەردێکی گەورەدا دەکەین

وردە دڕک لەبن پێمان دەردێنین

دەیکەین بە چاوی رۆژگاردا

هەندێ سات بەپێچەوانەوە

رۆژگار لە سەر دڕکەکانمان هەڵدەخەین

تەماشا.. برادەر تەماشا

ئەستێرەیەک و ئەستێرەیەکی ترمان

ناکەن بەدووان

بەریەک دەکەون و

وردوخاش دەبن

گوڵێک و گوڵێکمان نابن بە باخچە

ئاوێک و ئاوێکمان نابن بەڕووبار
چاوێک و چاوێکمان نابن بەبینین
وشک بوو زەوی
لە دوای هاتنمان
کوێربۆوە کانی
لە دوای رۆیشتنمان
هەیهوو.. جارێ چیت دیوە
وەرە گوێ هەڵخە لە پشت دیوارو پشت دەرگا
گوێ بگرە
دەنگەکان چپەچپ دەچنە پاڵ یەکتر
داوی پیلان و
داوی خیانەت دەچنە ناو یەکدی
ڕەنگی زەلیلی و
ڕەنگی خەسیویش دەچنە ناو یەکتر
تەماشا ئەو فەرشە لەڕەنگی ئەوانە
رادەخرێ و
هاکا کەسێک هات
بە فیزەوە
بە سەر ئەو نازو نیعمەتە بڕوات
هەندێ سات دەڵێم،
جیاوازی
دەنگێکی دلێرو
دەنگێکی خەسیو بۆ هێندە کەمە؟
مەلێکی بچووک لەو دیو پەنجەرە دەخوێنێ
گوێ بەکەس نادات



پەشیمان دەبمەوە
هەندێ سات هەر بەخۆم دەڵێم،
جیاوازی
بێزاری و تەسلیم بوون زۆر کەمە
وردە بەردێکی سەر ڕێگا سەرنجم رادەگرێ
هەر زوو پەشیمان دەبمەوە
هەندێ جار پەلکێک
جاری واش هەیە یەک وشە
یا بە تەنیا
یەک دڵۆپ یا خاڵێک
لە مەرەکەب
رەش بێ تەنیا رەش
لە سەر لاپەڕەیەکی سپیدا
دەتوانێ سەد جاران
لە لای خۆی رامبگرێ و
گلم بداتەوەو
بێ منەت پەشیمانم بکاتەوە
من چیم هەیە جگە لە ڕستەیەکی درێژی بێ مەعنا
هەندێ سات ئەو رستەیە
بەئیقاعێکی خێراو
وەکی تر نەرم دەڕوات
تەماشا.. برادەر تەماشا
لە پشت ماڵی بچکۆلانەی
گەڕەکێکی خوارووی شاردا
دەستێکی باریک لە دەرگا دەدا

خێرا دەچم دەیکەمەوە
چڵێکی هاوڕێمەو لە سەفەر هاتۆتەوە
چەند هەنارێکی گرتووە
ئەو زستانەش شیرینی هەنارم لێ نابڕێ
کە هاتی برادەر
یەکەم شت
هەنارێک دەکەم بە دووان
وریابە وردنەبێ و بڕژێ و
پاشان پێمان
خڕ نەکرێتەوە.



## شەوی شاعیری ئێوارە!

شەو شاعیری ترە؟ شاعیری شەو زۆرن،
هەستم بە شەوی خەمباری زستان کرد)
شەوی یەڵدا، شەوی مەنفا)
شەو ئەما..)
شەو عەزاب)
شەوی هات و تاریکیش لەوێ جوانترە)
شەو وەکو پۆدرەیەکی ڕەش،)
لە سەرخۆ دەرژێتە سەر شەوونخونیم..)
شەو دەڵێی پۆلە ژنێکە)
چاو بەکل و عەبا پۆش..)
لە پشت شەوی گۆڕستاندا)
ژنەکەم چرا ناکوژێنێتەوە ڕەنگە بێتەوە)
لە ناو تاریکی شەودا لە سەفەر بگەڕێتەوە)
...)
(...)

کەچی شەو هێما و ڕەمزیش بووە بۆ زوڵم و ستەم ، شۆڕشگێڕان هەردەم خەونیان بەڕەوێنەوەی دیوە. ئەو هەموو شیعرە بۆ شەو نووسراوە، ئەو هەموو دیوانە ناوی شەوی لێنراوە، کەچی شاعیرێک بە شاعیری شەو نەناسراوە .

ئانا ئاخماتۆڤا تەنیا دیوانێکی هەیە بە ناوی (ئێوارە)و هەر بەو تاکە دیوانە بوو بە شاعیری ئەو ساتە ناسکە کە لەناو لۆچی ئاوابووندا جوانییەکانی دەشارێتەوە، وەکو چۆن شاعیر لە ناو لۆچی تۆقاندنی ستالیندا لێمان بزربوو.

# له ئێوارەیەکی پایزیدا

دەرگای هەموو ئێوارەکان بکەرەوە
زەبروزەنگ بە سەرچوو
کەس نایێ ئێوارە بخنکێنێت و
بە خەتێکی جدانۆفی لە سەری بنووسێ:
کەس ئەو قەحپەیە نەخوێنێتەوە
کە ڕێک لە قەدیسە دەچێ.
لە بەر دەرگای ئێوارەکانت وەستاوم
گۆڕەکان لە هەموو شوێنێکدان
(ئەو گۆڕانە پەیامی وشەکانی تۆ بوون)
وشەکان کە وەکو قەلەڕەش دەسووڕانەوە
بۆ دەرخستنی شەوی نەگبەتی
لە پشت دیواری شێداردا
بەدەم تەپڵی شەڕو
بەبن باڵی بازی سەرکەوتنەوە
خۆشەویستی هەتک کرا ئەی ئانا
لە بێدەنگی قاوەیەکی کاڵدا مردین
کە گوێمان لە دەنگی پێگەیینی مێوەیەک نەبوو
لە ناو باخەکاندا
کە هەستمان بە ئێوارە نەکرد
بۆ یەکتربینین
(ئایا تۆ فریشتەی یا باڵندە)
وام بەخەیاڵدا دێ
تۆ سێبەری لەناو نووری چاودا.



شەو دیوارەکان تەسک دەکاتەوە
تارۆخی تەنیایی
ئێوارە دیوارەکان درێژ دەکاتەوە
دەیانبا تا ونبوون
تکایە، تیلماسکی ئێوارەیەکت بنێرە
کات هێندەی نەماوە
با ئەستێرەکان بێنە خوارێ
باوی ئاسمان نەماوە
لە پشت گۆڕستانی خوارووداا تەنیایی دەمکوژێ
بەدەم مەستبوونی شیعرەوە
ئێوارەیەکت بنێرە
لە ئێوارە سوورەکانی ئیرهاب
ئیترهەموو ئێوارەکان خڕ دەبنەوە
کە رۆیشتی لە گەڵتا دەڕۆن
(بەڵام..
(کوا ماڵەکانمان لە کوێن؟؟)
جا ماڵمان بۆ چییە ئانا گیان.
جوتیارێک بەسەر پشتی تراکتۆرەوە
ئەو قانە زەوییە دەکێڵێت
کە هەتاو زەردی کردووە
زەوی بەیار پڕ وەحشەتە
شیعر زەوی نەکێڵراوە
دەمی وشەکان زیاتر دابگرە ئەی ئانا
تا قووڵتر رۆبچێ
تۆوەکانمان باشتر دەڕوێن.

شەڕکەرێک بەسەر سێرەی تفەنگێکەوە
تەماشای پێشە خۆی دەکا
لە بەرانبەری دەڕوانێ و
تەنیا ئەو دەبینێ
شیعر ئاوڕدانەوەیە بۆ تەنیشت
بەتایبەتی لەو ساتە تووش و
ئاڵۆزو خەمبارانەدا .
ئێوارەیەکت دەتوانێ
تەنیشتەکانمان نیشاندا
وەکو ئەوەی دوژمنێک نەبێ
لە سێرە دانیشتبێت
بۆ کوشتنمان



## خودا حافیزی بەس نییە

١

کە ماڵێک بەجێ دەهێڵم
بیر لەوە دەکەمەوە چۆن دەرگاکەی
لەبن و بۆرتکەوە دەربێنم
بیدەم بە پشتی رۆژگاردا
تل بخۆم و لێم نەبێتەوە
کە شارێک بەجێ دەهێڵم
بیرلەوە دەکەمەوە چۆن دەستم
بەدەرگای ماڵەکانیدا هەڵبواسم
تا لە نیوەی شەودا بەچەپۆک
پێیاندا بکێشم،
بیکەوە قسەیەکم ماوە بیڵێم،
زەحمەتە جێتان بهێڵم.

٢

خودا حافیز ئەی بێگەردترین بەیانی
کە بەجلی سپییەوە لە ئەزمڕ دەهاتیە خوارێ و
لەلای دار سنەوبەرەکانی دەباشان
لە ساردی خۆت لوولت دەدام
چنگت پڕبوو لە دیاری
خودا حافیز ئەی مەستترین چرا
لە شەقامی ئیبراهیم پاشا
کە شەوان دادەڕژایتە خوارێ و
لە کۆڵانە تەنگەکانی سابوونکەراندا

تووشی یەکتری دەهاتین
هەردووکمان مەست
تابەری بەیان لەبن دیوارە قوڕەکان
دەماینەوە
خوداحافیز ئەی سەرسامترین ئەرخەوان
لەناو قەدی گردی سەیوان
ئەی خەمبارترین بەرد لە بازیان
خوداحافیز!
تکایە هەموو بەیانییەک تەماشای
گزنگ بکەن لەخوار گۆیژە
تەواو لای خانووە قوڕەکان
رەنگی من کەوتۆتە ناویان
لێکیان جیامەکەنەوە
با لە تەنیاییدا نەمرێ

٣

دەنگێک دێ غەریبتر لە هەموو دەنگەکان
بانگی ئاسکەکان دەکا
بۆ کانی ئاسمان
تەمەن بەشی ئەو هەموو جودابوونەوەو
خوداحافیزی و لە یەک دابڕانە ناکا
بێنەوە قومێک لە جوانی پێکەوە بخۆینەوە
کە لەبن پێستدا مێرووله دەکا
نوخبی بێکەس لە بەرانبەری ئەدمۆنس و
لە گەڵ هەموو باڵندە تەریوەکانی تانجەڕۆ
لە گەڵ کەروێشک و سمۆرەو تاژی و



سەگ و پشیلەو کەمتیارو
گوڵەکانی لای حاجی حان
بیخۆینەوەو مەست بین بەجوانی
هەموویان

٤

ئێستاش لەبیرمە ئەوکاتەی سەگەکانی
لای قەسابخانە پێمان دەحەپین
ژنێکی کلاوبەسەر لەخانووە قوڕەکانەوە
هاواری کرد،
سەگی پیس چیت داوە
لەو غەریبانە؟!
چیت داوە غەریبن
غەریبن لەناو دارکە باینجان و
بڕکە تەماتەو گیای ڕۆخی جۆگە
مارێکمان لێ پەیدابوو
هەیهو!
ماری پیس چیت داوە لەو غەریبانە
ئەو هەموو دوژمنە لەکوێ دەهاتن؟
لەوساوە تا ئەمڕۆ شەڕ سەگەو
دەحەپێ
مارەو بەقاچ و قولماندا هەڵدەگەڕێ
تکایە رێ بدەن خواحافیزی بکەم
لەو بەیانییە تەنکەی بەسەر و رووی
قلیاسانەوە بۆتە تەمێکی نارنجی
خوداخافیز.. ماڵئاوا؟

# کتێب

کتێب چاکترین هاوڕێیە
خودێ ئەگەر قسەکانی خۆی لە کتێبدا
تۆمار نەکردبا
چۆن دەبووە خاوەنی گەردوون و
ئەو هەموو کائیناتە
چۆن لەدەوریدا خڕدەبوونەوە؟
سیحری کتێب لە سیحری ژیان
پڕ ئەفسوونترە
هەموو جوانییەکان بێ سیحری کتێب
لایەکیان بەتاڵ دەمێنێ
من بۆ خۆم ناتوانم جیهانێک بێنمە بەرچاوان
کتێبی تێدا نەبێ
ماڵێکیش کە کتێبی تێدانەبوو
وەکو لانک وایە بێ منداڵ راژەنرێ
(یەکەم جار لە حەرفێکەوە، لە هێماو ئیشارەتی سەر دیواری
ئەشکەوتەوە تا کاغەزی لەبان، پێشتریش پێستی مامزو کەروێشک، ڤێجا
هەزارو یەک شەوەو ئەلیازەو کۆمیدیاو دۆن کیخوتەو شەتەحات و
فتوحات و چی و چی.. تاد)
پێش ئەوەی یەکەمین ڕستە بنووسرێ
جوانی لە هەموو شوێنێکدا
نووستبوو
کتێب بوو بەخەزێنەی هەموو جوانییەکان
(دایکم ئامۆژگاری دەکردم،



زگت بەچاوت بسووتێ
کۆر دەبی هەندەی سەری خۆت
بەسەر کتێبدا شۆڕبکەیتەوە.)
کتێب چاوی تێکداوم کەچی
بەرچاوی روون کردووم
دەلاقەی ماڵم پێ جوان بوو
بۆ ئەوەی کتێبی تێدابنێم
حەزم لە کونج و گوڵدان و شووشە نییە
کتێب جوانترین گوڵدانە
کە گوڵەکانی لەبۆن ناکەوێ.
(خێزانم بۆڵە بۆڵ دەکا:
هەموو شوێنێکی ماڵ پڕبووە
لە کتێب
هەندێکیان ببەخشە
رێکی ماڵ تێکمەدە، تکایە)
برادەرەکانم دەڵێن،
لە دوورەوە دەتناسینەوە
بن باڵت پڕە لە کتێب کە دەڕۆی..
بمناسنەوە.
من برادەری کتێبەکانم
حیکایەتی بەر لە تۆفان ئەوان بۆیان گێڕامەوە
دەنگی خودێ کە بانگی قابیلی کرد،
کوا هابیل؟
موغامەرەی ئۆرفیۆس و
شەڕی تەروادەو ترس و لەرزی

سەربازەکان لە ناو ئەسپە ساختەکاندا
دەنگی مرۆڤی یاخیبوو
بەهەشتی ونبوو
حیکمەتی بەیدەبا
ئەو کاتەی جورجێک داوی تۆڕێکی بەتینی
دەقرتاند
کە ئالآبوو لە پەڕوباڵی
پۆلە چۆلەکەیەکی بەسەزمان
شەوەکانی شەهرەیارو
ڕەنگەکانی سەر سێدارەو
برینی مەسیح و
دەستی باریکی مایکڵ ئەنگیلۆو
من ئەوانەم هەموو لە کتێبدا بینی
حەزم دەکرد،
لەوێبام لەوێ
لای هەموویان بام
ئەوسا من دەبووم بە کتێب
لە چاوی هەوردا دەباریم
لە ئەستێرەدا دەدرەوشامەوە
بمناسنەوە،
لەبن ئاسمانێکدا ئۆقرەم لێ بڕاوە
خۆم و پرۆژەی شیعرێکی تازە
بۆ دیتنم پێویست بەماندووبوون ناکا
لە هەر جێگەیەکدا بەئاستەم سەرهەڵبڕی
لچکێکی خۆشەویستی من



دەبینی وابە سەرتەوە
شین دەچێتەوە
کتێبێک لە بەرگی بایەکی بەیانیدا
وای پێ وتم
کتێب چاکترین بەیانییە
لەشەوی درێژی گەردووندا .

## دەربارەی شارەکان

قوبلای خان داوا لەمارکۆ پۆلۆ دەکا
باسی(ڤینسیا)ی بۆ بکا
ئەویش دەڵێ. باسی هەر شارێکم کردبێ
لە شاران
شتێکم وتووە دەربارەی (ڤینسیا).
لە شارە نادیارەکاندا، ئیتالۆکالڤینۆ
رەگ و ڕیشەی ئەو شەقام و
گەڕەک و ماڵانەمان نیشان دەدا
کە لەهەوادا
بەهەڵواسراوی ماون
هەڵمژینی هەوایان
لە هەڵمژینی هەوا دەچێ لای ماسییەک
شارێک
کە یەکەمجار دیومانەو دواتر
لە بیرمان چۆتەوە
هەرچەن دەگەڕێین
شاران تەی دەکەین
هەر ئەو شارە دەبینین
کە یادەوەری دروستی دەکاتەوە
یەکەم خۆشەویستی وایە
چەند دوورتر بێ
هێندە زووتر دەگەڕێتەوە.
مارکۆ پۆلۆ لەو فێڵەوە دێتەدەرێ
کە قوبلای خان دەستە پاچەو



سەرسامە لە بەرانبەری
بەنهێنی ئەو شارانە دەست پێدەکا
کە ئەو دیونی
کەچی لای ئیمپراتۆر تەتاردا
دەشێ ببن بەپرۆژە
بۆ خەونی دەسەڵات
مارکۆ پۆلۆ ئەڵقە ئەڵقە
لە دەرەوەڕا دێتە ناوەوە
لە سەرەوە دێتە خوارێ
قوبلای خان بەپێچەوانە
لە بچووکەوە بۆ گەورە
لەناوەوە بۆ دەرەوە
وەک لەرینەوەی سەر رووی ئاو
فراوان دەبێ ئارەزووی
دەسەڵاتی
خەونی فراوانبوون دەیباو
نابینێ،
دۆزەخ لەژێر پێیدا دەڕمێ
لەو شوێنەی هەموو رۆژ
خۆری حوکمی تێدا هەڵدێ.
لە شارەکاندا
ئەتڵەسی قوبلای خان قەد دەکرێ
دەچێتە ناو کابووسەوە
کەچی شارە نادیارەکان
هێشتا دەدرەوشێنەوە
لەبن پێست و

لە نێوان پێڵوودا
شاری تر ماوە
لەودیوی بینین و
لە خەیاڵی گەڕیدەیەکی ترو
لە ئارەزووی خانێکی تردا.
خۆری سەر تاج و سەر کورسی
زوو ئاوادەبێ
خۆری سەر نووکی قەڵەم دەمێنێ و
لە بەرزیدا دەدرەوشێنەوە
دوای دیتنی شارەکان
پێویستمان بەباخچە هەیە
بۆ پشوودان
پێویستمان بەپەرداخ و
دۆشەک و
بالیف و
جێگایەک هەیە بۆ نووستن
پێویستمان بەپەنجەرەیەک هەیە
بۆ ئارامی
پێویستمان بە پارچە زەویەک هەیە
بۆ مردن
کە لێیەوە دەست بکەین بەگەشتێکی جیاواز
بەناو بۆشایی و
هیچیدا
شارەکان بەجێ بێڵین
بۆ شەوی ترو
بەیانی تر



لەو گەشتەدا
هەر شارەو دیمەنێکی ئێجگار خێرای
دەخاتە هەگبەوە
ئەوەی جێگەی سەرسامییە
دوای ئەو هەموو شاری خەون و
شاری ئارەزووە
دوورو نزیکانە
دەبینە میوانی شارێک
کە بەڕێکەت ڕێمان تێی دەکەوێ
کەس هەڵینابژێرێ
جگە لەپیاوی ئازاد.
فێڵی زمان وای کردووە
لەگەڵ زەویدا تەخت بێ گۆڕی خان و
پڕ گوڵ و گوڵزار بێ
گۆڕی گەڕیدەو شاعیران
یا تەواو بەپێچەوانە
قسەیەک هەیە بۆ ئەو دیمەنانە ڕاستە
کە دەڵێ،
هەردوو گۆڕ
بە تەنیا لە سەرێ دەبینرێن
کەچی لە ژێر قورسایی گڵدا
تاریکن هەردووکیان
چاو چاوی تێدا نابینێ.

---

(*) (شارە نادیارەکان) ڕۆمانی ئیتالۆ کالڤینۆیە، قوبلای خان و مارکۆ پۆلۆ جگە لەوەی دوو کەسایەتیی مێژوون دوو پاڵەوانی ڕۆمانەکەشن.

# زیندە خەون

خەونێکم دیوە ئەمما چ خەون بۆم ناگێڕدرێتەوە
سەرەتای خەون لە قەیسەرییەکدا
وەکی بڵێی هەمووی دوکانی
گچکە گچکە بێ
ئەوێم لێ دەبوو بەکونە مشک
(ڕێویەکی کلک درێژ هەڵدەهات)
خۆی لەدوکانێک دەپەستا
هەمووی شووشە بوو
کەس نەیدەتوانی لینگە کلاشی تێ بگرێ
(هەر کەس لە پێش دوکانی خۆیدا
بۆی لە تەختەیان دەدا
ئەها هات ئەها هات
ڕێوی لمۆزی بەئاستەم دەهێنا دەرێ و)
لەشی بردبووە ناو شووشان
وریابن باشووشە نەشکێ
بەپارێز لێی دەچنە پێشێ
ڕێوی خۆی دەشووشەیەک داوێ
دوو سێ زەلام سەری شووشەی لێ دەگرن
زەفەری پێ دەبەن و
ڕێوی دەگرن
(گۆڵە کەرێک دەزەڕێنێ. یەک هەرا دەکات:
(کورتانەکەت دڕاوە)
دەزەڕێنێ و لووشکان داوێ



باوشێک کوتاڵ بەر دەبنەوە
تۆپە حەریرو جەلسە خلۆر دەبنەوە
کووتاڵ وەک تەمێک دەتەپن بەسەریەکدا
گۆڵە کەر مەست و غلوورە)
دەزەڕێنێ و گوێ بەکەس نادا
بەو دەنگە لە خەوێ بەئاگادێم
دەزانم ڕێوی مرازەو
شووشە دڵەو
زەڕینی کەر خراپە
هەر هێندەم بۆ ساغ دەبێتەوە
وەکی دی ڕێوی و شووشە
کەرو کووتاڵی حەریرو جەلسە
ئەوانە بەتەنیا لە خەودا
بەو پەیوەندییەوە دەبینرێن
نیازمە ئەو خەوە بەشێوەیەکی تر ببینم
بەهەواو نەفەسێکی تر لێکی بدەمەوە
موسیبەتی بەردەم فڕندەو
ئاژەڵ و زیندەوەران
مرۆیە.
ئەو بەڕۆژێ حەشر دەگێڕێ
بەشەوێ خەونی پێوە دەبینێ
ڕێوی چ خەونێک دەبینێ؟
هەر تەنیا فەرخە کۆترو
بێچووی تازە سەرپێ کەوتوو
جووکە جووکی ناو هێلانەو

بن پەلکی داران دەبینێ
یا لە خەوی ئەوانیشدا
شێرێک دێ و پەلامار دەدا
دەست و پێ پەل دەداو
سک دەدڕێنێ؟
هەمان یاساو ڕێسای کۆنە
خەوی ئێمەو
خەوی ئاژەڵان دەزڕێنێ
ڕێوی فرسەتیم لێ دێنێ و
خەونەکانم پێ دووبارە دەکاتەوە
سەری شووشەی هەڵدەگرم و
ڕێوی لەوێ ئازاد دەکەم
لەو خەوەشدا کەرەکە دەزەڕێنێ
کەر دیتن لە خەودا
نەباشەو نەخراپ
ئەو حاڵەتی مت بوونە لەبەینی
تێگەیشتن و تێنەگەیشتندا
کەچی زەڕینی خراپە
هەموو مرۆ خڕببنەوە
ناتوانن قەناعەت بە کەرێک بکەن
نەزەڕێنێ
کەچی ڕێوی بەدوو قسان لەکونێ دێتە دەرێ
خەونێکم دیوە چ خەون چۆنی وەگێڕم
کەس باوەڕم پێ ناهێنێ
مرۆ هێندە خەونی بەلەخۆی بچووکتر دەبینێ



تا توانای گەورە بوون
بزر دەکات
لە وڵاتی بچووکەکاندا
درەختی بڵندمان بۆ چییە؟
هەموو لەبن دارو دەوەنی گچکۆکە
جێگەمان دەبێتەوە

........................................

(*) ئەوانەی لەناو دوو کەوانەدان قسەی ناو ڕۆمانی (زیندەخەو)ی فەتاح ئەمیرییە، خەونێکی ناو ئەو ڕۆمانەو حیکمەتەکانی (بەیدەبا) ئەو چەند ڕستە بێ سەروبەرەی پێنووسیم.

## بۆ شیرین ک

وەکو وەفایەک بۆ برادەرایەتیمان:
ژنێک تەنکتر لە پەلکی ناو پیاز
شەرم نامگرێ ئەگەر پێم بڵێن
کامە شتی گرانبەهایە
دەیگۆڕیەوە بەتاڵی پرچێک
عەیب نییە،
ژیان کە خۆی لێوان لێوە لەتاریکی
تاڵێک ڕووناکایی هەموو
گۆی زەوی دێنێ
دووڕو مەرجانی بن ئاوێ
هەرچی هەیە دەریان دەهێنم
رایاندەخەم لەبن پێی ژنێک
کە هەرچی پاکی گەردوونە
کۆی کەیتەوە
ناکاتە تۆسقاڵێکی ئەو
ئەو بەپێڵاوی پاش پانی بەرزەوە
دەچێتە بەهەشت
لە حوکمی ئەودا
گوێ بەفەرزو واجب نادرێ
ئەوی لەو قبوڵ دەکرێ
بۆ کەس نالوێ
ئەو تەنیا جوانی دەرناخا
بە تەنیا لەزەت دەرنادا



لەشێک نییە رووت و قووت
بن پێستی پڕە لەمەعنا
لە هەموو مەعنایان بڵندتر
هێلانەیەتی
کە وەکو گۆڕێک نەوییە
کەچی بەپشتی نهێنی بەرزدا هەڵگەڕاوە
تاگەیشتۆتە تاقی ئاسمان
هێلانەی ئەو عاسیترە لە هی هەرچی
هەڵۆو بازە
زەینی خۆت بدێ
چی جەربەزەو ناقۆڵایە
چی شاعیرو بلیمەت و
یاخی ئێجگار بەڕەڵڵایە
چی پێغەمبەرو زانایە
کە بەزەحمەت لەزەویدا
جێیان بۆتەوە
کەچی لەوێ
لە هێلانەی پڕ ئەفسوونی سکی ئەودا
شەوی درێژی ئارامیان
ئالاوە لە ڕۆژی چاوەڕوانیدا
ترسیان نەبووە لە هیچ کەس
فیرعەون نەیتوانی دەست بدا
لە مووسا
تا ئەو رۆژە پێستی ژنێک
داڵدەی دابوو لەناو خۆیدا

شەرم ناکەم ئەگەر بڵێن
کامە شتی گرانبەهایە
دەیدا بەپەنجەی باریکی ژنێک
عەیب نییە
ئەوەی ژیان لەدەرێی خۆیدا
ئاڵۆزی دەکا
ئەو رێکی دەخاو
جیای دەکاتەوە
(دەریا ملیۆنەها رادەژەنێ
بەشەپۆلی ئاوازداری
منیش، گوێم هەڵخستووە
بۆ دەنگی دەریا
منداڵەکەم رادەژەنم) ژنێک دەڵێت.
ژن گەنمە با لەسەرخۆ دەیهەژێنێ
شەرم ناکەم هەموو شتی گرانبەها
بگۆڕمەوە بەو گوڵەگەنمە
کە هەر دەنکێکی
لایەکی گۆی زەوی دێنێ

---

(*) ئەوەی ناوکەوانە کۆپلەیەکی ژنە شاعیری چیلی گابریلا میسترال– .



## دەربارەی شیعر

بەفر زۆر لوغز حەل دەکا
کە باڵی گەورەی دایان دەپۆشێ
ئەو زەویەی لە ڕەشەمێدا
دیار دەکەوێ
هەمان زەوی ئەوەلی کانون نییە
بەفر زۆر شتمان دەگۆڕێ
کەچی خۆی لەوەتی هەیە
هەر هەمان شتەو ناگۆڕێ
زمان لوغزەکان حەل دەکا
شتەکان دەگۆڕێ
ئەو شتەی لەدەرێ دەیبینی
هەمان ئەوە نییە
کە زمان دەیدرکێنێ
کەچی پاشگرو پێشگرو
فەرمان و ناو و ئاوەڵناو
هەمان شتن و قەت ناگۆڕێن
نهێنییەک هەیە لە بەفرا
شتێک هەیە لە شیرینی هەنگویندا
زار تامی ناکا
شتێک هەیە لە شینایی ئاسمان
چاو نایبینێ
شتێک هەیە لەشەودا
تاریکی پەی پێ نابا

شتێک هەیە لەنەمری
بەزەحمەت دەردەکەوێ .

٢

شاعیری ئەمریکایی لۆرەنس فێرلینگ هیتی دەڵێ، خەڵکی ئەسکیمۆ ئەو جۆرە شێتایەتییەیان بۆ ئاشکرا کردم کە پێی دەوترێ (بیبلۆکتۆ). ئەوەی تووشی بێ، جلەکانی دەدڕێنێ و بەڕووتی بەناو بەفرو شەختەبەندا ڕادەکات، تا لە لووتکاندا ون دەبێ.

شیعر ئەو نەخۆشییەیە
کە تووشی بووی،
لووتکە بۆ لای خۆی بانگت دەکا
ئەوسا زەحمەتە
جلەکان نەدڕێنی و
بەپێ خاوسی ڕانەکەی!

٣

بەفر نهێنی هەڵگرە
کە دەتوێتەوە، ئەوجا دەبینی
چی لەبن باڵ و
تووکی سنگیدا
خۆی حەشارداوە.

لە زمانی عارەبیدا شیعرو قژ لە یەکترەوە نزیکن، هەردووکیان بەو حەرفانە دەنووسرێن (ش،ع، ر) هەر تەنیا سەرو بۆریان جیاوازە، کەچی لە یەکتری دەچن:

–هەردووکیان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازن
–هەردووکیان تا پەرێشان و پەشێوبن جوانترن
–هەردووکیان خۆڕسکن، بەڵام بەخۆڕسکی نامێننەوە



–هەردووکیان زۆریان لێ فڕێ دەدرێ و کەمیان دەمێنێ
–هەردووکیان...
–هەردووکیان...

هەندێ جار کە شیعرێکی یابانی دەخوێنمەوە، هەست دەکەم چەند پوخت و سادەو بێ گرێیە، وەکو بەشەری ئەوێ.

شیعری ئینگلیزی چۆن رێک و شیکەو بۆینباخ دەبەستێ وەکو مرۆڤی ئەوێ، هەمیشە دوگمەی سەرەوەی کراسی کراوەیەو پانتۆڵی جینزی لە بەرە شیعری فەرەنسایی.

شیعری...
شیعری...

شیعری هەر وڵاتێک نەک تەنیا ریتمی ئەوێ وەردەگرێ، لە دەستووری جلوبەرگ و سادەیی و ئاڵۆزیشدا لە مرۆی وڵاتەکەی دەچێ.

تکایە فیشەکدان لە پشتی
شیعری کوردی بکەنەوە
شیعر ناچێتە شەڕەوە
دەچێتە دڵەوە.

# برادەرێکی کۆن لە ئەزەلەوە

بەبۆنەی سەد ساڵەی مردنی پۆل گۆگان لەشاری بۆستن لە ئەمریکا، بۆ یەکەم جار دوای پەنجا ساڵ لە بەندی، دەرگای گەنجینەی ئەو شارە، لە سەر تابلۆی لە (کوێوە هاتووین؟ ئێمە کێین؟ بۆ کوێ دەچین)ی ئەو هونەرمەندە کرایەوە.

دەرگا لە ڕووی ئەو پرسیارە بکەنەوە
کە ناخی سەدەکان دەهەژێنێ
لە کوێوە هاتووین؟
ئێمە کێین؟
بۆ کوێ دەچین؟
لە تاریکی مەییوی ئەو دیوی بووندا
بەپێی نادیاری جینەکانەوە
لەوادەی جووت بووندا
لەزەت دایناوین
ئەی خاوەن لەزەت لە کوێ بوو بەر لەبوونی؟
ئەو چۆن چووە ناو دەماری پشتی کۆماوەی
گەردوون و
ئەو هەموو قەرەباڵغییە لە کوێ هات؟
لە بێدەنگییەوە؟
زاوزێ پڕە لە پرسیار
پڕاوپڕ لە نهێنی
هیچ شتێک لە هیچەوە نابێ
هەندێ جار وا مەروا مەزەندە دەکەم
خەیاڵ یەکەم سەرچاوەی ئەو بوونەیە
بەڵام خەیاڵ خۆی هی کێیە؟



هی کێن؟
یەک و دوو نین؟ سەدو هەزارو ملیۆنان؟
لە کوێوە هاتووین و دەچین بۆ کوێ؟
لە دوورایی ئاسمانەوە
بۆ قووڵایی زەوی
لەو نێوانەدا، ئێمە نیشانەی پرسیارین
ئایا من و مێرووڵەیەک
من و باڵندەیەک
من و مارو
من و ماسی و
من و ئاژەڵێک
کە هەردووکمان بەسەر پشتی کەشتییەکەی نوحەوە
پەڕینەوە سەر وشکایی
بۆ هەمان شوێن دەچین؟
یا روحی من دواجار دەچێتە ناو
جەستەی باڵندەیەک
ئاژەڵێک
بەردێک
دارێک...؟!
خەیاڵیش باڵی سیمرخی نییە
تا لە دەشتی کاکی بەکاکی پرسیارەکانەوە
هەڵمانگرێ و بمانباتەوە
سەر ئاوی تۆفانی وەڵامێک
ژیان و مردن
وەکی دەنگ و بێدەنگی

هەردووکیان لە نهێنیدا ئەژین

کەچی هەمیشە بێدەنگی ترسناکترە

سەرسوڕهێنە

(ئەگینا ژیان لە مردن خۆشترە)

بۆ کوێ دەچین؟

لەو خۆشییەوە بۆ کوێ؟

ئەو هۆڵە چۆن چۆڵ بکەین؟

دەستی ئەو فالسە بۆ بەردەین؟

ئەو دەرگایە بۆ کلۆم دەین؟

ئەو پەردەیە بۆ هەتا هەتایێ دادەینەوە؟

ئەو باخچەیە بۆ ئەبەد بۆ ئاو نەدەین؟

ئەو چرایە بۆ لەو تاریکییە چڕەدا بکوژێنینەوە؟

ئەو ئاگرە بۆ لەو سەرمایە بەستووە

بەرنەدەین

ئەو ئاگرە بکەینەوە

ئەو چرایە پێبکەین

هەر تەنیا چەند بستێک گەرم دەبێتەوە

تەنیا چەند باڵێک رووناکی بەردەکەوێ

پرسیارەکە ئەوەیە،

ئایا ئاگر لەوێدا گەرم کەرەوەو

چراش رووناکی بەخشە؟!

کەس نەهاتۆتەوە ئەوەمان پێ بڵێ؟

لە سەر زەوی

سنوورو ئاین و خێزان و دەوڵەت و چی و چی

لە یەکترمانی دابڕیوە



لەوێ، هەمووی کراوە بە سێ سنوور

(دۆزەخ، پاکژگە، بەهەشت)

لە یەکێک، دەپرسن،

وڵاتت کوێیە؟

بەهەشت

ئەوی تر؟

دۆزەخ

ئیتر زمان و خێزان و دەوڵەت و چی و چی نابن بەبەر بەست لە نێوان مرۆدا

کە زمان نەبوو لەش زمانێک دەدۆزێتەوە

بۆ لێک تێگەیشتن

کە ئاین نەبوو روح ماڵێک دەدۆزێتەوە بۆ ئارامی

کە خێزان نەبوو

کە دەوڵەت نەبوو

کەچی نەبوو

کەچی نەبوو

ئای لەو هەموو کۆت و بەندە کە نەبوون

تۆبڵێی ئازادی تەواو لەوێ بێ؟

# بۆن

بۆن لە سروشتەوە دێ
مرۆ لە شووشەدا خڕی دەکاتەوە
سیحری جوانی خۆی پێ دەسەلمێنێ
بۆن لە پەپوولە دەچێ
بەباڵە ناسکەکانی دەفڕێ
خۆی بە ئاگری هەستەکان دادەدا
یەکەمجار، بۆن دەچیتە ناو لووتەوە
لەوێوە، هەر بۆنێک و بەڕێگەیەکدا
شۆڕ دەبێتەوە
هەندێکیان دەچنە دەماری تەسک و باریکەوە
هەندێکی تر شادەمار دەگرن و
هی تر دەچنە ناو ریشاڵی دەماری مێشکەوە .
ڕەنگ هەیە بۆنی هەیە
کەچی بۆنی دیار نییە
بۆن لایەنی نادیاری بوونە
سیحری شاراوەی پشتی شتەکانە
ماڵی کۆن بەبۆن دەناسرێتەوە
جلی کۆن
بیری کۆن بەبۆن دەناسرێتەوە
بۆنی ساردو گەرم هەیە
کۆن تێکەڵەبۆنی ساردو
بۆنی تیژی
لووت دەزوورێنێتەوە



بۆنی ئارام بەخش هەیەو هی ئارام شکێن
بۆنی سووک و گران هەیە
هی هەرزان و گران
بۆن لە پەلک و لە ڕەگ و لە قەدی دارو لە تۆو لە بەرو
لە گوڵ و هەندێکی لە لەشی ئاژەڵ بەرهەم دەهێنرێ
هی تر لە مادەی کیمیاوی
سەرچاوەکانی بۆن: بەری داری جۆراوجۆر
پەلکی مێخەک و گوڵەباخ و وەنەوشەو
زەنبەقەو ئەرخەوان و یاسەمین و
گوڵی داری پرتەقاڵ (قەداح)
پایتەختی جیهانی بۆن لە شاری گراسی خوارووی فەرەنسایە
کەچی گەلێ شار هەیە ناوبانگی بە بۆن دەرکردووە هەر لە هیندەوە تا یۆنان
لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا
نهێنی دروستکردنی بۆن لە شوێنێکەوە دەگۆڕێ بۆ شوێنێکی دی
بۆنی ناوچەی شاخاوی جیایە لە هی ساراو دەشت و دەر
بۆنی پەلکی تەڕ جیاوازە لە هی وشک
بۆنی زستان و هاوین جیاوازە
بۆنی ژن و پیاو
بۆنی جەللادو قوربانی
بۆنی شوێنی دیارو هی نادیار
لە لەشی مرۆشدا، بۆنی بەشی خوارووجیایە
لە هی سەروو
بۆنی قژو بۆنی قاچ جیایە
بۆن لە کەپوویەکەوە بۆ کەپوویەکی دی دەگۆڕێ
ئەوە هەمووی نیعمەتی مرۆیەداویە بەسروشت

بۆن دێ بۆن دێ بۆنی بێگانان دێ
بۆن دێ بۆن دێ بۆنی ترسێکی ئەستوور دێ
بۆنی بەردباران بۆنی گەڵاهەڵوەران بۆنی گیا
بۆنی باران بڕان بۆنی بەفر سووتان بۆنی رووناکی کوژران
بۆنی دووری بۆنی بۆنی بۆنی
بۆنی تیرۆر لە هەموو شوێنێکەوە دێ
بۆنی تیرۆر دێ و دەیەوێ
رەگی هەموو بۆنەکان بقرتێنێ
چڵی هەموو بۆنەکان هەڵپاچێ
هەوری هەموو بۆنەکان راماڵێ و نەهێڵێ بارانی
بۆن بباریێ.
هەموو شتێک بۆنی خۆی هەیە
دوو شت بۆنیان نییە
یەکیان ئاوە ئەویتر مردن
یەکەمیان هەموو بۆنەکانی تێدایە بۆیە هیچیان دیار نین
دووەمیان هەموو بۆنەکانی تێدا بزر دەبێ
مردن مەملەکەتی بێ بۆنە
خودایە! رەحم بەهەمووان بکەو
لووتیان بەقەد پەنجەرەیەک بکەوە
تابۆنی ژیان هەڵمژن.
من بیر لەوە دەکەمەوە، ئەگەر مردووەکان
هەستی بۆنکردنیان بخەنەوە کار
بیر لە گەڕانەوە دەکەنەوە
ئەوسا تخوبی نێوان ئێمەو مردووەکان
بەبۆن ناپێورێ.



## وادە ناوەختەکان

هەندێ جار نووسین لە کاتی خۆی دوا دەکەوێت، شتێک لە ناو دەمارەکاندا دەجووڵێ، ئاهەنگ و خرۆشان لەناخدا دەگێڕێ، کەچی گرێی زمانی پێ ناکرێتەوە، تێ دەئاڵێ و ئاڵۆزی دەکات، ناوترێ ئەوەی دەتەوێ. چ قەیدی دەکا، چ شتێک لەوادەی خۆیدا دێ؟

تەمەن هەمووی بریتییە لە هاتنێکی بێ وادە
کاتەکان کە دێن لە شوێنی خۆیاندا نین
شوێنەکان لە کاتی خۆیاندا دەرناکەون.

هەندێ جار کە تەمەن هەڵدەکشێ بەرەو ژوور، دامێنت دەبینی پڕە لە گوڵی هەمە جۆر، ئەوساکە نەتدیون کە سەرکەوتووی بۆ سەرێ و بەسەر چرۆی نەپشکووتووی ئەو مێرگانە بازتداوە، تراژیدیای ژیان لەو جێ هێشتنە گێلانەیە دەست پێدەکات. هەندێ جار هەورێک دێ سک پڕو باڵ قورس و مل درێژ، دەڵێی هاکا کوندەی خۆی کردەوە، ئەوەی هەیە سەر ئاوی بارانی دەکەوێ. ناباریێ و مل دەنێ و لەو کەرخەی مەبەستە پڕوشکێکی لێ ناباریێ.

کوا ئەو کاتەی باران شێت بێ لە سەر شەقام
بەرۆکی ئەم و ئەو بگرێ
لە هیچ سڵ نەکاتەوە
لچکی هەموو شتێک بادا.
دەستی ژنێک ئێوارەکانم دەکاتە پەپوولە
بەڵام نازانێ لە کوێ بیانفڕێنێ!
پەڕی باڵندە لە دەم و چاوم دەخشێ
بۆنیان پڕە لە تەنیایی
سەبووریم پێیان دێتەوە
ئەوەی ئەو جۆرە بۆنەیان لێ دێ
وردە وردە کەم دەبنەوە.

پەڕەکان دەبارن کوا وادەی بارینە؟
کۆلیسترۆڵی خاک گەیشتۆتە ئاستی سست بوون
فشاری خوێن ڕۆژەکانی پڕکردووین لە گێژبوون
کوا وادەی بارینە؟
بەهەڵە تێم مەگەن
من خەمی ئەو تۆوەم لەڵدا شین بووە
کە وادەی چاندنی تێپەڕبووە
تەنیایی دەمترسێنێ بەتایبەتی کە عەقڵی ئێمە
گیرۆدەی توونێلە
لەو سەریدا سێبەری هابیل دیارە
بەسەر لاشەی قابیلەوە
لەولاوشەوە هێزی تەسلیم بوون خەوتووە
لە زنجیردا ملی کزی شۆڕبۆتەوە سەر ئەژنۆ
ئەو دیمەنە دەمترسێنێ
بەڵام رامدەهەژێنێ
ئەو ترسە هەر چەند ئەستوورە
ناگاتە تەنیا قەترەیەک
ترسی ئەو گۆمەی لە شەوی عێراقدا
خرمان دەکاتەوە ناو خۆی.
باڵندە هەمیشە خەون بەکوژرانی خۆیەوە دەبینێ
راوچیش خەون بە تاپرو
بە تانجی و بە هاتە هاتی
دەوری نێچیر.
خاک قورسە کە بەپێتەوە دەنووسێ!
سووکە ئەگەر بیخەیتە ناو باڵەکانت!



دارستان وەهمە لە خوێنی تۆوێکدا
ئەو تۆوە نەڕوێ
با دەیبا
گڕی هاوین دەیهاڕێ
ئەو تۆوەم مەبەستە، شین بووە لەمندا
نازانم بۆ ناڕوێ لە خاکی ئازیزدا!؟

# مانگی نیوە مۆر

*من کتێبە کراوەکانم خۆش دەوێ*

*مارگرێت دۆرا*

لێیان پرسیم بۆ ناوی دیوانی خۆت ناوە (مانگی نیوە مۆر)؟ ناوو ناونیشان سیحرو ئەفسوونی خۆیان هەیە، ئەوانەی نیوەیان بەدەرەوەیەو نیوەیان بزر پڕ ئەفسوونترن لەوانەی هەموویان لەبەر هەتاودا دیارەو هەوا لێی دەدا، لەشی نیوەڕووت، درەختی نیوەکەسک، ئاسمانی نیوەشین، کاغەزی نیوەسپی، تاد... ئەو نیوانە سیحری بەردەوام بوون و تەواوبوونیان تێ ئالاوە، بەڵام بۆ نیوەمۆر؟ مۆر رەنگێکی ئاوێتەیە لە نێوان سوورو شیندا، من خۆم گرفتاری رەنگی شینم، کەچی لە هەندێ قەسیدەی دیوانەکەدا سوور بۆتە رەنگی شەڕو ئەنفال و دەردەسەری، بۆیە دەبێت رەنگێک هەڵبژێرم ئاوێتە بێت تا مانای گشتی ببەخشێ بەهەموو بوونەوەرانی ناو دیوانستانەکە!

من کتێبە کراوەکانم خۆشدەوێ. دەقە کراوەکان... هەروەها ماڵە کراوەکان... باخچە کراوەکان... ژنە کراوەکان... وشە کراوەکان ئەگەر بتەوێ تەلیسمی ئەو مانگە بشکێنی، داوات لێ دەکەم ببیتە ئاسمان، ئەوەی ئەو ئامادەیەی تێدا نەبێت زەحمەتە بتوانێت کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدا. لەو کتێبەدا هەندێ دیمەن ئەبەدین دەکرێ لە هەر شیعرێک و دیوانێکی دواتردا سەر هەڵبدەنەوە، بۆ نموونە، دیمەنی باپیرم لە گۆڕستانی شێخ ئۆمەردا... من باپیرم نەدیوە، ناتوانم وەسفی بکەم وەکو ئەوەی هەبووە، ئەوەم لە باوکم بیستووە، بەڵام بەوجۆرە وەسفی دەکەم کە من پێویستم پێیەتی بۆ درێژەدان بەبوونی خۆم، ئەوەی خەیاڵ دروستی دەکا زۆر فراوانترە لەوەی هەیە بۆیە من هەردەم وێنەی خەیاڵم لا گرنگترەو لەبوونیشمدا بایەخی زیاترە.

دواتر دیمەنی شارەکان... ئەو شارانەی چارەنووس لەسەر شێوەی شارێک دروستیان دەکا کە لە یادەوەریدا سڕاوەتەوەو هەر جارەو بەشێوەیەک دەینەخشێننەوە کەچی هیچیان لە شاری یەکەم ناچن.

شار وەکو منداڵەکانمان وان، هەریەکەو تام و خۆشی خۆیان هەیە، ئەوانیش



بەشێکن لە ڕوحمان و چوونەتە ناو قیرو چیمەنتۆو خشت و بۆڕی و دەنگ و قەرەباڵغی و دەرگاو پەنجەرەو شتەکانی ترەوە.

ئینجا دێمە سەر دیمەنی لەش، هەر لە لەشی خۆمەوە تا لەشی باڵندەو مێروولەیەک، کە سەرچاوەی هەست و خرۆشانە. نایشارمەوە کە من لەش لەسەرووی هەموو غەریزەیەکەوە بە ئاوی پاکی و پاکبوونەوە دەزانم نەک پیس بوون.

چوارەم دیمەن کە چاو و دەست و گوێ و خوێن و دەمارو ئێسقان بەئازارییەوە گرفتارن ئەویش ئەنفالە، ئەو وشەیەی لە شەش پیت پێکهاتووە، هەر پیتێکی بارتەقای دۆزەخێک ئاگری تێدا کراوەتەوەو هێندەی ئاسمانێک هەڵدەکشێ لە دەربڕیندا، ئەوە دیمەن نییە، زنجیرەی دیمەنە نادیارەکانە کە هێزی خەیاڵ هەر چەندی بەگوڕبێت ناتوانێ ئەوەندەیان دیار بخا کە پێی بناسرێنەوە، ئەوە ناوی نەوەیەکی بزربووە، ناوی ریزە شاخێکی نغرۆ بووە، ناوی رۆژگارێکە کە ڕۆژو شەوی نەبووە، بەیانی ئەنفال وەکو نیوەڕۆی بووە، نیوەڕۆی وەکو ئێوارەی بووە، ئەویش وەکو شەوی بووە.

یەکشەممەو دووشەممەو هەینی وەکویەک بووە، ئەو رۆژگارە مانگی نەبووە، رۆژی نەبووە، بۆیەکەی (ئەنفال) ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە کەوتۆتە نێوان بوون و نەبوون، حەشری لافاوی نووح بووە لە سەردەمێکدا کە کەشتی نەبووە، نوح نەبووە، هەر ئاوی ئاگر! بەرزبۆتەوە شەپۆلی داوە، ئەوانەی لەو سەردەمەدا ماون، هەندێ وردە باڵندەن، هێندە فڕیون تاباڵیان سووتاوە.

ئەنفال یادەوەری ئەو باڵندانەیە کە فڕینیان لە بیر چۆتەوە، من وەکو دیدالوس بەباڵی شەمێ وە هەر چەندی ویستم لە فەزای ئەو گەرماییە دۆزەخییە نزیک ببمەوە باڵم تواوەتەوەو بەپەلە پڕووزێ خۆم گەیاندۆتە بەردێک و بۆ هەوڵی فڕینێکی تر خۆم مەڵاس داوەتەوە.

# دەرپەڕینی چەخماخە

(ئەوە منم، ئەوەش ژیانمە) بەو رستە کورتە جان جاک رۆسۆ پەنجەرەکانی لەبەردەم توندترین رەشەبا کردەوە.

من لەبن پەلک و پووش و پەلاشدا دەیشارمەوە.
ئایا ئەو هەموو هەورو تاریکییە جوانی ئاسمان بزر ناکا؟
ئەوە منم! تەمێکی تەنکم بەسەر لاجانگی بەیانییەوە چاوەڕێی رەوینەوە دەکەم.
ئەوە منم! دووکەڵێکی باریک بەسەرشانی ئاگرەوە، کزەبایەک خۆڵەمەیش لادەداو
پۆلووەکان بەڕووتی دیار دەکەون،
ئەوە منم! پەردەیەکی مۆر بەسەر شووشەی حەزەکانمەوە
بایەک لەلای باکوورەوە هەڵدەکا، پەنجەرە دەهەژێنێ،
قووماشی تەنک لادەدا ژووری تەنیاییم بەدیار دەکەوێ:
لە بەر ئاوێنە رۆحم رووت کردۆتەوە
شتێک هەیە لەمندا پێشتر نەمدیوە
لە ناو قەفەسی سینەدا
مەلێک شێتانە دەخوێنێ
چۆن بتوانم
دەرگای لێ بکەمەوە
بفڕێ و ئاسمان بکاتە هی خۆی
ئەی مەلی کێوی، چۆن ماڵی بووی؟
شەرم لەمن مەکەو باڵ لەیەک بدەو بفڕە
ئاسمانێک لەو دیوی قەفەس و پەنجەرە چاوەڕێتە
بتبا بەرەو دوورترین دارستان
ئەی مەلی خۆم ئاسا هەڵکورماو
لەبن ئێوارەی حەزێکی بچکۆلانە
دەرپەڕەو
بەسەربانی ماڵەکانەوە تێپەڕە
بۆ شوێنێک کە کێشەی راوچی و
پێکرانی تێدا نییە



بچریکێنە
بەئاوازێک بخوێنە کە نەی نەیوتووە
لە بەندی و ئەسارەت دا
ئەوە منم! باڵی وشەکان دەبەستمەوە بەخەیاڵ و لە تۆڕی رستەی موعەمما بەندیان
دەکەم
منداڵێک فێربووە شەوان کە دەنووم
داوی باڵەکان دەکاتەوە
(ئەوەی گەورە پێی ناکرێ بچووک دەیکا)
هەر وشەیەو دەفڕێ بۆ دوورگەی حەزێکی گەڕۆک
لەو دوورگانەی هیچ فڕندەیێک پەیان پێ نەبردووە
تۆڕیش دەبێتە گوریسێک
دەئاڵێ لە ملم
بەر لەوەی بخنکێم بەئاگا دێم
ئەی هێزی لافاو لەناخی وشەدا، هەڵیکە!
ئەوە منم! چل و هەشت خەزانی تەمەن
دەگۆڕمەوە بەلافاوێک
هەرچی هەیە رایبماڵێ
کە نیشتەوە
مرواریيەک لە سەر ئاوێ دیار بکەوێ
تیشکی بدا لەهەر شتێ لەم دنیایە
بیکا بەنوور و
مرواری
شاعیر ئاوهایە: مرواری فرۆش نییە
تا جۆرکێکی گەورەی لێ پرکا
ناخی دەریایە

هەموو ئەفسوونی لە مرواریيداخڕ دەکاتەوە
گەردوون دەکاتە مرواری
بۆ ئەوەی هەرکەسێ بەشی خۆی لێ ببا
کەچی دەریاکان هەر پڕبن
ئەوە منم، ئەوەی هەمە ناکاتە رستەیەک
لەو شیعرەی نەمنووسیوە
ئەوە منم! خەو بەوەوە دەبینم
لە ژوورە بچکۆلانەکەم بێمە دەرێ
بێ ئەوە شتێک بدۆڕێنم




## پەرت بوون لە شوێنەکاندا

شەموو (سبەینەکی زوو):
لە بەرزایییەکانی کەلکەسماق
هەندێ وردەگوڵی کێوی هاتوونە سەر رێگا بۆ پێشوازی منە یا بەیانی؟
یەکشەم (هەندێک درەنگتر):
لە سەرچنارەوە تا دەباشان
بەڕیز سنەوبەر وەستاون
بەرزم دەکەنەوە بۆ ئاسمان
دووشەم (نیوەڕۆ):
لە فولکەی دەستەکە ریزێک گوڵەباخ
کراون بەپەرژین
بۆ ئەوەی سەیارەی لوغم رێژ
ئەوان بکوژێ
نەکو ئێمەی شاعیر بمرین!
سێشەم (ئێوارە):
ئێوارە پڕە لە زەردەپەڕ
بەقومێک و دووان برم ناشکێ
نوخبی پایز، هەمووی دەخۆمەوە
چارشەم (بەیانی):
سەرجێگای نووستنم پڕبووە لە باڵندە
هەندێکیان ماڵین
ئەوانی تر لە قلیاسانەوە دوام کەوتوون میوانی یەکجارین
(ئێوارە):
باخچەکەمان پڕە لە کللۆ

بەتەماشا کردنیان بێزارم
ئەوان لە تیرۆریست دەچن
چی چاندوومە دەیخۆن.
پێنجشەم (بەیانی):
لە دوکانی گوڵفرۆشەکانی تەنیشت قەیسەری
لەبەرچی گوڵەکانی بازاڕ
لە گوڵی دەشت و دەر ناچن؟
(نیوەڕۆ):
بێژەرێک بەو گەرمایە کاسی کردووم
هێندەی باسی ناوەڕاست و
خوارووی عیراقم بۆ بکا
خەیاڵی نیوەڕۆ دەمبا،
ئەرێ چی دەبێ گەر ئێمەش
وەکی ئیرهابی فەلوجە
سەری ئەو عیراقە ببڕین؟!
(شەو):
برادەرەکانم لە دەوری مێزێکدا
هەریەکەو چمکێکی کەونیان گرتووە
(وریابن نەکەوێ)
لە پڕ پیری موغان شەقێکی لێ دەدا
کەون پەرت دەکا لە ناو مەست بووندا
هەینی (لە بەیانییەوە تا ئێوارە):
لە گۆمێک دەچم بەدەوری خۆیدا خول بخوا
لە کامە لاوە روحم بشکێنم
کۆتایی بەو وەڕسییە بێنم؟



هەفتەیەکی تر:
رۆژەکان هەمان رۆژن کاتەکان
جیاواز
کەسەکان هەمان کەسن خۆشەویستییەکان جیاواز
لەتێک هەیە لە هەفتەدا نییە
لە دروێنەی شەو و رۆژەکاندا خرم کردۆتەوە
خەون بۆ خۆی بردووە
هەموو کاتەکان پێشکەشی تۆیە
بەمەرجێک نەیدەیتە هەرزەیەک
قەدری نەزانێ.

# بەبۆنەی چاپکردنەوەی دیوانی مەولەوی

کە باسی زمانی شیعری رامبۆ دەکرێ دەوترێ، فەرەنسییەکەی بۆنی ئالاردینی لێ دێ، ئەو ناوچەیەی تێیدا لە دایک بووە. ئەو قسەیە بۆ مەولەویش تەواو دروستە. مەولەوی یەکەم شاعیری کوردە کە دەتوانێ لە رِێی شیعرەکانیەوە، جوگرافیای ئەو ناوچەیە بزانێ کە شاعیر تێیدا ژیاوە. بەڵام مەولەوی هەربەوە نەوەستاوە بەڵکو ئەو سروشتەی هەورامانی کردۆتە بەشێک لەخۆی، بە جۆرێک هەست دەکەی سروشت حاڵەتی شیعرەکەی وەرگرتووە نەک پێچەوانە. ئەوکاتەی مەولەوی خەفەتبار بووە هەست دەکەی لکی درەختەکان شۆڕو پەلکەکان سیس و رەنگ پەڕیون، وەختی خۆشی بەجۆرێکی دی. کە نامەی بە با ناردووە، هەست دەکەی بایەکی پەلەپەل و خێرا بەسەر بەردو گوێ ئاوان بازدەدا، وەکی دی نەرم و لە سەرخۆ خۆی لەقەدی داران دەسووێ.

مەولەوی یەکەم شاعیری کورد بووە، وردەکاری ژیانی خۆی کردۆتە شیعر، ژیانی خۆشەویستی و پەیوەندییە روحییەکانی و ژیانی ناو لادێ و سووتانی کتێبخانەو دیاری ناردن... تاد. لای ئەو ژیان و وشە لە یەک دوور نەکەوتوونەتەوە. من خۆم کە یەکەمجار چوومە (سەرشاتە) هەستم کرد پێشتر ئەو شوێنەم دیوە، پێی ئاشنام لەرِێی شیعرەکانی مەولەوییەوە.

هەندێ لەو نووسەرانەی دەربارەی شیعرەکانی مەولەوی نووسیویانە دەڵێن، مەولەوی ژیانی هەژاری لە هەورامان بردۆتە سەر، پێم وایە شاعیرێک بەو شێوەیە سروشت بخاتە ژێر رکێفی شیعرەکانیەوەو ئەو هەموو قاسیدو دۆست و بەردەستە لە ناو سروشتدا بۆ خۆی بدۆزێتەوە زەحمەتە بەهەژاری ژیابێ. وابووایە لێرەو لەوێ لە شیعرەکانیدا هەست بەو ژیانە دەکرا، بەتایبەتی کە مەولەوی وەکو وتم بایەخێکی زۆری بەژیانی کەسی خۆی داوە. خۆ هەرنا وەکو ئەحمەد ناڵبەند برسیەتی و نەداری لە چەند رستەو کۆپلەیەکیدا دیار دەکەوتن.

کە باسی ژیانی داهێنەرانمان دێتە پێش هەمیشە ئەو پرسیارانە دێنەوە یادمان: ئاخۆ شاعیر چۆن ژیاوە؟ چ زمانێکی زانیوە؟ چی خوێندۆتەوە؟ چۆنی نووسیوە؟ ئەو



خانمانەی لە شیعرەکانیاندا هاتوون راستەقینەن یا مەجازی؟... تاد. بۆ مەولەوی پرسیارەکان زیاترن، چونکە کەسێک لە گوندێکی ناو ئەو شاخانەوە ئەو هەموو سەنعەت و داهێنانە رەوانەی بەرهەم هێنابێ، ئەو نوێکردنەوانەی لە شیعردا کردبێ، ئەو هەموو دۆست و کەسایەتییە نامە و دیاری بۆ ناردبێ، مەحوی لە خانەقاکەی خۆی لە سلێمانی یەکەم جار دیبێتی و یەکسەر ناسیبێتیەوە دەبێ چ کەسایەتێکی پایە بڵندو چ جۆرە ژیانێکی پڕ لوغزو پڕ مەعنا ژیابێ.

مەولەوی شاعیری داهێنەری سروشت کە دواجار هەر بە پەلە دارێکی سروشت مرد. نهێنی گەلێکی لە دوای خۆی جێهێشت کە وەڵامدانەوەیان فرە زەحمەتە، بۆیە تاکە رێگا ئەوەیە پەنا ببەینەوە بەر دەقەکان بۆ دۆزینەوەی برِێک لەو نهێنییانە.

# گۆڕان

مەرج نییە (ئادەم و حەوا لە بەهەشت دەرکرابن)
لەو شوێنانەدا کە یەک جۆر رەنگ و
یەک دوورایی و
یەک شێوەی ئاخاوتنی هەیە
ئەندێشە گیر دەخوا، چۆن بفڕێ؟
بەهەشت چەند دوورە لە پێستی مرۆ؟
چەند دوورە لە چاوی
چەند دوورە لە دەنگی خوێنی؟
مەرج نییە
مەرج نییە
مەرج نییە
هەموو دەرچوونێک رێگا بێ بۆ پەشیمان بوونەوە
یا هەڵبژاردنێک بێ بۆ مردن
(هەندێ جار ژیان دەچێتە پشت مردنەوە)
(مەرج نییە هەر لە پێشی بێ)
مەرج نییە
مەرج نییە
مەرج نییە
بەهار پێش وەرزەکانی تر بێ
یا رۆژ بچێتە پێش شەو و
دەریا بکەوێتە دوای رووبار
دەتوانم بڵێم:
جۆگە بەرەو رووبار دەکشێ



ئەویش بۆ کۆشی دەریا
یا:
دەریا هەیەو جۆگە هەیەو رووباریش
هەر یەکەیان بەجۆرە نەغمەو
سەدایەک دێن و دەکشێن.
پرسیارەکان زۆرترن لە وەڵام
ئادەم و حەوا جۆگەلەو رووبارن
یا دەریا؟
سەرزەمین بەو هەموو گۆڕان و هەژان و
تێکەڵاو بوونەوە جوانە
بەو هەموو رەنگ و دەنگەوە
بە هەموو خەیاڵە بەرزو نزمەوە
بەو هەموو سەرکەوتن و شکستەوە
بەو هەموو گەیشتن و بزربوونەوە
دوای ئەو هەموو قسانە دەتوانم بپرسم:
ئایا ئەوە دەرکرانە
یا هەڵبژاردن؟
ژیان بەو تەرزە دڵگیرە
کە زەن ناکەی لە کوێوە دێ و کوێ دەڕوا.
مەرج نییە
مەرج نییە
مەرج نییە
خۆر هەموو رۆژێک بەیەک جۆر هەڵبێ
وەکو چۆن مەرج نییە دەنگی رووبار
هەمان دەنگ بێ بەیانی و ئێوار

یا بەهەمان گوڕوتین بێ
بەهاری گەنجی و
بەهاری پیری
مەرج نییە
مەرج نییە
مەرج نییە
گەنجی لەو سەرو پیری لە مسەربێ
عەشق و پرسیار لە کوێ بوون
گەنجی لەوێیە
ئەوێیە مێرگ و لالەزار
سوننەتەو هەردەبێ
لە شوێنێکدا سەر دەربێنێ
ئاوی سازگار.



## شیعری یەک ڕستەیی و ئێجگار کورت

کە خەیاڵ و مانا خەست دەبنەوە، وشە دەچنە پاڵ یەکدی و تام دەچنە ناو یەکدی و بۆن دەچنە سەر یەکدی و وەکو روحی گەورە دەشنێتەوە لە ناو جەستەی دەلال و شەنگدا. ئەو جۆرە رستانە لە قسەی ئەو پیاوانە دەچن کە ئەزموونی ژیان هێندە قاڵی کردوونەتەوە، رۆژگار هێندە تەپ و تۆزی لە زمانیان داماڵیوە بەتەنیا پوختەکەی ماوە، وەکو شیرینی ناو هەنجیر. شیعرێک لەو ڕستانە دروست کرێ بێ شک مەغزاو مانای جودا هەڵدەگرێ.

کە دەڵێ:

کەنار چارچیوەی ئاو نییە پرچیەتی.

ئەوە شیعرێکە بێ کەمو زیاد چەندین وێنەن لەناو ئاوێنەی وێنەیەکدا، چەندین ئاوازن چوونەتە دەنگی ژێیەکەوە، چەندین هەناسەن لە هەوای ناو فلووتێکدا. دەبا لە ئاو فێربین، چارچیوەکان بخەینە ناو شەپۆلی خۆمانەوە، دەرەوە بکەینە بەشێک لە خۆمان. بەواتایەکی تر کە خۆمان نەبین دەرەوە چییە؟ پێدا بڕۆ و سەدو یەک دیمەن و مانا هەڵڕێژەو هەر تەواو نابێ. هەر لە وەسفی جموجۆڵی ئاو تا هێزی سەوزبوون و نەخشاندن و بەخشین.

کە وتت، هێڵ ژنێکە لەسەر سک درێژ بووە. ئەوە وەسفی هێڵە یا وەسفی ژن، پەیوەندی گرتنێکە لە تەواوبوون نایێ، دۆزینەوەی جوانییەکی هەست پێ نەکراوە. ئەوە خەیاڵی شاعیرە کە شتێک دەبینێ، لە چاوی کەسانی تردا بزرە.

لەوەش بترازێ دەرکەوتنی نەستێکە کە تەفسیری زۆری لە پاڵ دایە. نایشارمەوە کە ئەو جۆرە ئەندێشانە هەر لە منداڵییەوە بە دەماری وردو درشتدا دەکشێن، کە دەگەنە ئەو سەری تەمەن هەموو روح پڕ دەکەن لە بۆن و بەرامەی خۆیان.

لەو جۆرە شیعرە یەک رستەییانە فرەن. کە دەڵێی:

ناوک چاڵێکە لە سەر بەردی لووس!

پەیوەندی گرتنێکی سەرلەنوێیە لە گەڵ سروشتدا، شوبهاندنێکی فەوقەلعادەیە، دەرخستنی هێزێکی ئیرۆتیکییە کە بەرد دەخاتە حاڵەتی جەستەوە. ناوک کە سێ

بەشی جوانی لە خۆیدا خڕکردۆتەوەو بەردیش کە ئاو هێندە خۆی لێ خشاندووە تا شوێنێکی چاڵ کردووە بۆ پشوودانی خۆی، بۆ داڵدەدانی.

یا کە وترا، فرمێسک ئەستێرەیە هەڵنایێ دەبارێ!

ئەو جۆرە بروسکە شیعرانە دنیا بۆ چەند ساتێکی کورت ڕووناک دەکەنەوە. ئەوانە شێوەی خەونیان هەیە، کورتن وەلێ هەست بەو کەمخایەن و کورتییەیان ناکرێ.

ئەی هێزی ئەفراندن لەبن دوورترین دەماری جوانیدا، دەرکەوەو بە جارێ داگیرسێنە هەرچی هەیە لەمندا، شاعیر بەو نیازە دەژی و چی تری مەبەستە؟

**

هەندێ جار نەشئەی شیعریی ئەوانی تر ناو سییەکانم پڕدەکەن لە بۆن و بەرامە، من بەو بۆنانە دەکەوم بەپشتدا. هەندێ جار باخچەی ئەندێشەی خەڵکی تر گوڵی وا دەگرێ، ئەسەف دەخۆم لەو باخچە زڕانەی ناسیومە. هەندێ جار جۆگەی بەخوڕی شیعری ئەوانی تر هێندە مەزەدار دەڕوا، پیاو لە بیری دەچێتەوە لە کوێوە دێ و بۆ کوێ دەڕوا؟ ئەو نەشئەو هەناسەیە مولْکی هەمووانن، ئەو گوڵە ئاگرینانە ماڵی هەمووانن، ئەو ئاوە شیرینانە هی هەمووانن.

بۆ من وەکو ماڵی دۆست و کەسی خۆمی لێ دێ بێ ئیزن ڕوویان تێ دەکەم، چەندی تێیاندا بمێنمەوە کەس نییە ڕووی گرژ بکاو پەلەم لێ بکا کە بڕۆم. ئەو قسانەم تەسلیم بوون نییە، بەڵکو ڕێزلێنانە لە تواناو ئەفراندنی خەڵکی دی، بەشایستە هەڵسوکەوت کردنە لەگەڵ ئەو توحفە گرانبەهایانە کە ماڵەکەی خۆمم پێیان ڕازاندۆتەوە، جوانییە! مەلی دەنگخۆش و دانسقەش لە قەفەس دادەنرێ و خزمەتی دەکرێ. ئەوانە لەوانەش زیاترن، هەستی مرۆڤن لە حاڵەتی ئەو پەڕی بەرزی و ناسکیدا. مەعناو مەغزای بڵندن لە بوونی بەشەردا، بۆ ئەوە نەخوڵقاون بێ بایەخ بکرێن. یەکەمین کەسیش کە ئەرکی ئەو پاراستنەی لە ئەستۆیە شاعیران خۆیانن.

ئەمجارە من دەچمە بن چەتری نیلۆفەری تەلیسمی ژنانی پشتۆن، ئەو شوێنانە دەگەڕێم کە بە ئاستەم شەقیان بردووە لە پەنا ئەو (خاڵانەی کە بە چەقۆ هەڵکەنراون). دەرگای ئەو جۆرە میحرابە کریستاڵییە بەهاسانی ناکرێتەوەو بە هاسانیش داناخرێ.

ئەمجارەو بۆ نموونەی شیعری دووبەیتی، هەندێ لە ڕستە مرواریییەکانی



شاعیرانی پشتۆن دێنمەوە، تۆ بڵێی جورئەتی دەربڕین لەوەش هێوەتر بڕوا.

(قەدەر مێردێک و منداڵێکی دامێ
ئەی خودا! کە گەورەو بەهێز بوو من پیرو لاوازم ئەوسا.)

*

(دەمی من هی تۆیە، پەلاماری بدەو سڵ لە هیچ مەکەوە
لە شەکر دروست نەکراوە تا هێندە زوو بتوێتەوە.)

*

(ئایا مەجنونێک نییە لەم دێیە؟
ڕەنگی شەرواڵم خەریکە گڕ بگرێ لە سەر ڕانم).

*

(وەرەو ماچم بکە بیر مەکەوە لەوەی موجازەفەیە یا ڕەنگە بکوژرێی
پیاوانی ڕاستەقینە هەمیشە لە پێناو خۆشەویستی جوانێکدا شەهید دەبن)

*

ئەی بەهار! داری هەنار گوڵی داوە لە باخچەکەمدا
من هەناری سنگی خۆم هەڵدەگرم بۆ خۆشەویستی دوورم.)

*

یەکێ خەریکە دەمرێ بۆ جارێک بینینم
یەکی تر گۆیە خەوی دێ لە سەر جێگای دەرم دەکا.)

*

لە سەر خۆ دەستت بگێڕە لەبن باڵم
هەناری قەندەهار گوڵیان گرتووەو پێش وەخت پێگەییوون.)

*

لە ڕۆخ گوڵەکان پشوو دەدا خۆشەویستم
شەونمی ناسکترین ماچم دایدەپۆشێ.)

زمانی دەربڕینی ئەو جۆرە شاعیرانەم وەکو دەرکەوتنی بەیانی دێتە بەر چاو لە پاکی و جورئەت و سادەییا. ئەو جۆرە بەیانییە کە (پڕە لە شەونمی دووڕو لوئلوئی لالا،) پڕ دەکەن جامی یاقووتی شیعرم لە مانا.

# دەق و خوێندنەوە

شتێک دەمێنێ لە دەقدا نەوتراوە، نهێنییەک دەمێنێ، ئەوە کاری خوێنەرە پەییان پێ ببا، بیانباو لە هەگبەی ئەزموونی خۆیدا هەڵیانگرێ، لە شوێن و کاتی تردا دەربکەونەوە. ئەو دەقانەی نهێنی ئامێزنین، هەناسەیان کورتەو زوو زەمەن دەستەمۆیان دەکا.

دەق جەستەیەکی هەلاهەلایە، زۆر جاران نووسەر سەری سووڕ دەمێنێ: ئایا وەکو خۆی بەو هەموو زام و برینەوە نیشانی خوێنەری بدا؟ یا بەسەر تەرزە داوی نادیارو پۆدرە تەکنیکی بەرز بیانشارێتەوە، دەقی جوان کامەیان؟ ئەو کات کاری نووسین و نەشتەرگەری لە چییدا جیادەکەیتەوە؟ جێگەی هەڵزڕاندن و تەقەڵ و دوورینەوە هێمان بۆ ئازارێکی پێشوو، کەچی دەق ئێستایە، هەم ئازارەو هەم جوانی. ئازاری زامێکی کۆنە لە ئێستادا دەتریوێنێ یا بە پێچەوانەوە هی ئێستایەو هەموو رابووردوو دێنێتە ژان، کەچی لە نووسیندا، لە تۆمارکردنی ئەو ئازارەدا جوانییەک بەرهەم دەهێنرێ کە زەمەن شانازی پێوەبکا، ئەویش لە بەر ئەوەی ئەفراندن هێزێکی دڵنیاکەرە لە مرۆڤدا، هێزی تێکدان و رووخاندن نییە.

پرۆسەی نووسین بەقەد دروستبوون و لە دایکبوونی بەنیئادەم دژوارو زەحمەتە، رێک وەکو ئەو دەخولقێ و کۆتاییشی ئارامبەخشە، تەنیا شتێکی کە لە ئەو نەچێ، ئەوەیە وەکو ئەو نامرێ!

ئەو نهێنییانەی لە دەقدا بزرن و ناوترێن هەر لەبەر ئەوە نییە کە رەنگە ناقۆڵاو عاسێ بن، جا کوا دەقێک هەیە بێ هلاکی و ماندووبوونێکی پرۆمیثیۆسانە نووسرابێ، بەڵکو ئەو جۆرە نهێنییانە وەکو وڵداش وان یارمەتی لەدایکبوون دەدەن، بەڵام رۆڵیان دیار نییە، وەکو دەماری نێوان دایک و کۆرپە وان، پرۆسەی ئەفراندنم وادێتە بەرچاو، بەشێکی نهێنییە قووڵەکان دەچنەوە ناو منداڵدان و ئەوی تر لە گەڵ دەقدا دێنە دەرێ و دەبن بە بەشێک لە جیهانی دەرەوە.

ئەو وردە پەنهانییانە وەکو دان وان بۆ مەلی خەیاڵ رۆدەکرێن تا پێیان ببێ بەدوای دەقەوە، ئەوانە شەوقی خوێندنەوەن، پردی بچووکن خوێنەر دەپەڕێننەوە بەرەو دیوەکەی تری دەق.



لە کاتی نووسیندا هەندێک ئازار هەن لە دوورترین دەمارەوە دێن کە دەگەنە سەر زاری وشە دەبنە زەردەخەنەی گوڵ و لەناو پەلکی ئەندێشەدا دەگەشێنەوە، یا خۆشییەک لە هەمان دوورییەوە دێ کە دەگاتە جەستەی دەق دەبێتە زام و ئازار.

خودایە! زمانی ئازار رەوان کە بۆ ئەوەی ئەو هەموو گرێ و گۆڵە دەروونی مرۆڤ کرمێ نەکەن!!

# هەتا تۆش ئەی ئیرۆسکێ!

١

دەستم تەزیوە بەسەر دەسکی دەرگاوە
ناحەوێمەوە
وەکی وێستگە وایە جێگا
لێی نامێنمەوە.
سەرەتا بەلەش دەستم پێکرد
دەبوو بزانم ئەنجامی لەش فەنابوونە.
دەستم لە ناو زەویدا رواند هیچی لێ شین نەبوو
زۆر شتم دواند
کەس حاڵی نەبوو...
لەو شارە نامۆم وەکی ئاسکەکان!
دەمی شۆفلّی شارەوانی دێ
بۆ رێکخستنەوەی ساختەی شار
فرێم دەداتە کەنار.
ئەی نارەوەنی تەمەن داری مانگ ئەی دار!
گوێ مەدە گێژەڵووکەی هار
گوێ مەدە بای سەرسەری بێ شوومار
باجوانی هەر برژێ
بەڵکو بە پەلک و قەدتدا بێتەخوار
تۆ هەردەم چەند پەنجەیەک بڵندتری
لە دەمی خەفیەو سەگ و سوار
بشنەوە ئەی داری مەزەدار
سەر لە نوێ دەرکەوە



لە رۆخی دڵ و لە بۆنی گوڵ و
لە یەکەم رۆژی ساڵ.
لە ماڵی برادەرەکانمدا پرسیاری پوونگ دەکەن:
پوونگ چییە؟
کەی پەیدابووە؟
کێ هێناویەتی؟
ئاو دەگێڕێتەوە: ماسییەکی وردیلە بووە لەزاری قرشێکدا
نەمهێشت قووتی دا
لە کۆشی چاڵێکدا شاردمەوە
بوو بەگۆم.
بۆنیشی هەر بۆنی ئاسمانە
کەتێکەڵ دڵۆپێکی بزر بووم دەبێ
هی رۆحە لە لەشدا
هی بەیانە لە گزنگدا هی ئاوازە لە سینەی کون کونی نایدا.
پوونگ رابردوو نییە
ئێستایە لە کۆشی سبەینێ
دوورە لە نزیکایی
گەورەیە لە پشتی بچووکیدا.
خوداحافیزی لە پوونگ ناکرێ
لێت نابێتەوە بۆنی
وەکی منداڵی.
خوداحافیزی لە منداڵی ناکرێ
مردن دواجار
گەرانەوەیە بەرەو منداڵی!

٢

دوا(ئیرۆسکێ) دەکەمە گوڵێکی سپی
لەبەردەم مزگەوتی گەورەدا
دەیدەمە کوڕێکی(ئێزدی)
کە بۆ کرێکاری هاتۆتە ئێرە
ئەویش بیداتە کچێکی(گاوان)
پیرۆزە ئەو عەشقە لە هەمووان
دوا ئیرۆسکێ دەکەمە بلووزێکی خوری ملدار
دەیکەمە بەر سنەوبەرێکی سەر ڕێی(دەباشان)
کە چاوەڕێیە هوزارێکی عاشق بێ
بۆ گردی هین!
دوا ئیرۆسکێ دەکەمە کەوێک لەوانەی
قاسپەیان دەفرۆشن بەڕاوچی
دەیکوژم ئەو کەوە
ئەو کەوە دەکوژم
کەوی وا بۆ مردن باشە!

٤

پاڵتۆیەکی رەشم لەبەرە تا خواری ئەژنۆ
دەستم تەزیووە لە بەفری وشە
لە سەر رێ وەستاوم
چرای بەردەمی کۆشکێک لێم دەدا
سبەینێ لەو شوێنە
پەیکەرێک دەوەستێ
رێبوار بەلایدا دەڕوا



لەبەردەمیدا گوڵێک دادەنێ.
دوا ئیرۆسکێ دەکەمە ماچێکی سپی
لە سەر پیرەمەگروون
بەرەڵلای دەکەم بفڕێ.
دەیکەم بەئای ئای جۆگەیەک
نەسڵەمێتەوە
سنووران ببڕێ.
دەیکەم بە عەتری ناو دەستەسڕێک
رۆژگاری بێ وەفا بڕوا کەچی بۆنی عەهدو وەفا لە ئەو نەبڕێ.
دوا ئیرۆسکێ پەنجەرەیەکە دایدەخەم
دەمەوێ بچمە دەرەوە
هەوای ژوورێ خنکاندمی.

---

(*) کانی ئاسکان، دەباشان، گاوان... گەڕەک و شوێن لە سلێمانی

## ڕۆحە وردوخاشەکان

**شەرمەزاری:**

کە نەتوانم هێندەی ڕووناکی بەخشندەو
میهرەبان بم
شەرمەزارم.

**برایی:**

شەپۆل دەبێ بەبرای شەپۆل
لە ڕووبارێکدا.
درەخت دەبێ بەبرای درەخت
لە دارستاندا.
ئەی مرۆڤ بۆ نەبێ بە برای مرۆڤ
لە کەرکووکدا؟

**چا:**

لە ماچی کچە زنجییەک دەچێ
تا تۆختر بێ
تامی خۆشترە.

**بۆینباخ:**

دەڵێن: بۆینباخ مەبەستە
کە دوگمەی کراس داناخەی
بە ژوورێک دەچی
پەنجەرەی لە سەرپشت بێ

**پێڵاو:**

پەپوولە ئامۆژگاریم دەکا:
ڕەنگی پێڵاوم ڕەش نەبا



کەس تەماشای جوانی باڵی نەدەکردم.

**شین:**

ئەگەر ئاو لە بێزاریان ڕەنگی گۆڕا
کە پێویستیم بەشین بوو بۆ شیعرێک
لە چاوی کچێکی قەرز دەکەم

**تیر:**

بۆ ئەوەی بزانی کامە تیر
ژەهراوییە
دەبێ بپرسی: کێ دەیهاوێ؟

**کەوان:**

ئەو دوو دەستە
دەکرێ ببێ بە باوەش
نەک کەوان.

**پینەدۆز (١):**

دڵ پێڵاوی نییە.

**پینەدۆز (٢):**

چەند دڵم بە پێڵاوی هەژاران دەسووتێ
کە لە ژێردەمی چەکوشدا
هەڵدەلەرزن.

**غەریبی:**

بالیفم دەتوانێ پێتان بڵێ
لەو دوورەوە
چۆن خەوم لێ کەوتووە.

**چەرچەف:**

گوڵەکانی ناویم لێ ببوو بە کابووس

باڵندەی کە دەفڕین نەدەگەڕانەوە
هەر شەوێ
لە گۆمی ئەسریندا
لایەکی باخچەی ناو چەرچەف
تەڕ دەبوو.

**پەنچەرە:**

شەونییە لەوێوە نەڕۆم
بەبیرم نایێتەوە جارێکیش
لەوێوە هاتبێتمەوە
ئەی خودا!
چەندە زەحمەتە دووری!

**ژەهر:**

تەواو بێنە بەرچاوی خۆت
پەپوولە کە ژەهر هەڵمژی
چۆن دەمرێ
هێشتا نزیکی بکەوە
چەند پەپوولەیەک و
چەند گوڵێک..
باخچەیەک و
چەندین باخچە
بینێ بەچاوی خۆتەوە
شارێک کە ژەهری هەڵمژی
چۆن دەمرێ؟!

**سەگ:**

سێبەرت لێت نابێتەوە



بەوەفایە
بۆ پاراستن لە پشتت دەڕوا.

**رق:**

کەیفی بەچرای ژوورەکەی
خۆشی نایێ.

**بیر:**

هەر بیرێک دەبینم
گومان دەکەم لەوەی
رەنگە،
یوسفێکی تێدابێ!

**ماسی:**

هەریەکەو بۆ مەبەستێک
تەماشای ئاو دەکا
ماسی بۆ چ مەبەستێک؟

**رەمزی شکاو:**

ئاوێنە کە تەڵخ بوو
بەزەحمەت
دیمەنی ناوی دەبینی
کە شکا
بەشێواوی دەردەکەوێ
شتی جوانیش!

**گۆڕان(١):**

تەنیا رابردوو ناگۆڕێ.

**گۆڕان(٢):**

هەتا چاو بڕدەکا

هەر توولەڕێیە رابردوو
هێزی کافووری لە خۆمدا
دەشڵەقێنم
تا ئەو ڕێیە بزر نەکەم
کە دەمگەیەنێتە داهاتوو.

**هەیهوا!:**

دۆڵ ناتوانێ شانازی بەخۆیەوە بکا
حەسوودی بەلووتکە دەبا

**نێرڤانا:**

چەندی سەرکەوین
گۆمی پوونگ نزیک دەبێتەوە
خوا بەهادارترین جوانی
لەوێدا شاردۆتەوە.
لە دیوانەکانم بڵاوم



## دووەم پۆرترێتی گۆران

"شاعیران وەک پێغەمبەران هەمیشە لە سەر هەقن"

عەبدوڵڵا سلێمان (١٩٠٤-١٩٦٢) کە لە دنیای شیعرو ئەدەبیاتدا بە(گۆران) ناسراوەو ئەم نازناوەش لەلایەن ڕەشید نەجیبی شاعیری نوێخوازەوە بۆی هەڵبژێردراوە یەکێکە لە دیارترین لووتکە شیعرییەکانی ئەدەبی کوردی.

گۆران لە هەڵەبجە لە دایک بووە، لە سەرەتاوە تا ڕۆژانی کۆتایی ژیانی باروگوزەرانی خراپ بووە. لە هەرەتی لاویدا نووسیویەتی:"ئاخ مردن، بۆ ناتگەمێ؟ بەخوا مردن بۆ من بە کامی دڵ گەیشتنەو لە خەم هەڵخستنە" ئەوە یەکەم نووسینی گۆرانەو لە دوا تەمەنیشدا: کاکەی فەللاح لە کتێبی"کاروانی شیعری نوێی کوردی"دا دەگێڕێتەوە: ساڵی ١٩٥٦ سەر لە نوێ لە بەندیخانەی کەرکوک یەکترمان گرتەوە- مەبەستی لە گۆرانە- دەمدی زۆر زیاد لە پێویست گینگڵەی مەینەتی و ناڕەحەتییەک دەدات. ڕۆژێک لێم پرسی: ئەوە بۆ ئەوەندە پەست و ناڕەحەتی؟ وتی: پەژارەی منداڵەکانم دایگرتووم، بڕوا بکە ئەوەندەم لەم ڕووەوە تەنگ و چەڵەمەو گیروگرفت هەیە، گرتن و بەندیخانەم لە دەرەوە زۆر لەلا خۆشترە، چونکە گرتنەکەم هەرچەندە سەبارەت بە بیروباوەڕو خەبات و ئاشتیخوازییە، منی لە زۆر ئەرکی باوکایەتی، کە ناتوانم بەجێی بێنم دوور دەخاتەوەو تا رادەیەکی باش ویژدانم ئاسوودەو دڵنیا دەکات".

بەڵام ئایا ئەو بارودۆخەی گوزەران یەک زەرە کاری کردۆتە سەر هەڵوێستی شاعیرانەی گۆران؟

کاتی بەستنی کۆنفراسی مامۆستایان لە شەقڵاوە، داوای مۆڵەتی کردووە لە دائیرەی ئیسکانی سلێمانی کە لە وێ فەرمانبەر بووە، مۆڵەتیان پێ نەداوەو ئەویش بۆ ئەوەی بەشداری کۆنفراسەکە بکات و ئەو شیعرە بخوێنێتەوە کە بۆ ئەم بۆنەیە ئامادەی کردووە گوێ بەبڕیاری بەڕێوەبەر نادات و دەڕوا، لە ئەنجامدا لە کارەکەی لای دەبەن و مووچەکەشی دەبڕێ کە تاکە سەرچاوەی ژیانی بووە.

گۆران هەتا لە ژیاندا بوو تەنیا دوو دیوانی خۆی بە چاپ گەیاندووە"بەهەشت و

یادگار" و" فرمێسک و هونەر" هەردووکیشیان لە پەنجاکان چاپ کراون، زۆر ئەسەفی بۆ ئەوە خواردووە کە نەیتوانیوە هەموو بەرهەمەکانی خۆی چاپ بکات.

بە هۆی زیندان و تێکەڵبوونی گۆران لەگەڵ کاری سیاسی و خەباتی ئاشتیخوازانەوە دوو ئاراستە لە ژیان و بەرهەمیدا دەبینین:

هێنانی کۆمەڵێک بابەتی جیهانی بۆ ناو شیعری کوردی و تێکەڵاوبوونی شاعیر لە گەڵ کێشە مرۆییەکانی ئەو سەردەمە، کە سەردەمی نێوان شەڕی یەکەم و دووەم بوو، پاشان لە دوای شەڕی دووەمەوە ئەو کێشانە کەوتنە دۆخ و باری جیاوازەوە. ئەو تێکەڵبوونە کەسایەتی گۆران-ی بەرەو ئاقارێکی بەرینتر بردو کردی بە زمانحاڵی سەردەمی جەنجاڵی شەڕو ململانێی ئاشتی و مانەوەی بەها مرۆییەکان.

ئەگەر چی کاریگەری ئەو جۆرە ڕووداوانە لای هەندێک شاعیری تریش ڕەنگی داوەتەوە وەکی مەلا حەمدوون و زێوەرو بێکەس، بەڵام لەلای گۆران پەڕیوەتەوە ناو کەسایەتی شاعیرو بۆتە بەشێکی گرنگ لە کەسایەتییە ئەدەبییەکەی.

ئاراستەی پێچەوانەی ئەوەش ئەو زیانە هونەرییەی ئەو جۆرە تێکەڵاوبوونە لە لایەنی شیعریەتی شاعیری داوە، ئەوە کێشەی بابەتە گەورەکانە کە مامەڵەکردن لە گەڵیاندا کارێکی زەحمەت و دژوارەو کەمجار شاعیر دەتوانێ فریای شیعرییەت بکەوێ تێیاندا. بۆیە دەبینین شیعرە ڕۆمانسییەکانی گۆران شیعرییەتێکی بێ پایان ناسک و مرۆییانەیان تێدایە کەچی بەشێک لە شیعرە سیاسییەکانی تا ئاستی دروشم لە ڕاستەوخۆیی نزیک بۆتەوە.

گۆران جگە لە شیعر، کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی نووسیوەو پەنجەرەی لە ڕووی بابەتی شیعریی خۆمانەو بێگانە کردۆتەوەو چەندین بەرهەمی هەمە جۆریشی لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕاوەو لە کۆتایی ژیانیشیدا ماوەیەک موحازەرەی پێشکەش بە قوتابیانی بەشی کوردی کۆلیجی ئەدەبیاتی بەغدا کردووەو ماوەیەکیش سەرنووسەری ڕۆژنامەی"ژین" بووە لە سلێمانی و لە ڕۆژانی شەڕی دووەمی جیهانیشدا چۆتە یافاو لەوێ سەرپەرشتی بەشی کوردی ڕادیۆی ئینگلیزەکانی کردووە لە دژی فاشییەت.

لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە ناوی خۆی و ناوی"خورشید" چەندین بەرهەمی



بڵاوکردۆتەوە کە هەموویان گەواهی پێشەنگی زەوق و سەلیقە و توانای فیکری و ئەدەبی گۆران دەردەخەن.

لە گۆرانم پرسی: شاعیری ڕاستەقینە ئەبێ چۆن بێ؟

وتی: سەیری ئەم فەرشە بکە کە لە بەردەمتدایە، بەم ڕەنگ و گوڵانەی تێیدایە، چێژی ساکارو سادەو چێژی هونەرمەندی شاعیری جیا دەکەیتەوە.

چۆن؟

لە یەکێکی ساکار بپرسە: کام گوڵ و کامە ڕەنگت بەدڵە؟

دەڵێ: سوورە زەقەکە.. کەچی شاعیر بۆ ڕەنگە کاڵەکانی دەوروبەری ئەو ڕەنگە زەقە دەگەڕێ! ئەم بیرەوەرییە کاکەی فەللاح دەیگێڕێتەوەو دەڵێ: گۆران حەزی لە ڕەنگی کاڵ بووە.

«ئەگەر خیلقەت نسیبی عومری تۆی مەحکومی ئەو دەورە نەکردایە، خوا عالم لە کام عەرشت دەسوو داوێن».

# فیکرەی شیعریی

ئەگەر چی شیعر لە وشە دروست دەکرێ وشەش لە ئاوازو خولیا، کە وەکی گەردیلەی ناو ڕووناکی کاریان درەوشانەوەیە، بەڵام کە شاعیر دەستیان بۆ دەبا بە جۆرێکی جوداو لە نەسقێکی تردا دەریان دەخا، پرۆسەی شیعر نووسین ئەوەیە، بۆیە سەروەتی شاعیر بریتییە لەو فەرهەنگی وشەیەی هەیەتی، پرسیارەکەش ئەوەیە، ئایا ئەو جۆرە وشانە بە تەنیا موڵکی شاعیرن؟ بەو شێوەی لە شیعردا دەردەکەون، بەڵێ. واتە ڕەنگی ئەو موعانات و کەش و هەوایەیان پێوەیە کە لە ناخی شاعیردا پەنگ دەخواتەوە، گۆران لە شیعری "ئافرەت و جوانی" دا دەڵێ: بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە، ئەو دوو وشەیە ئاسمان و ئەستێرە هەردووکیان کە ئەستێرە لە ئاسماندا دەبینرێ، بەڵام شتێک هەیە لە پشت ئەو ڕستەیەوە کە فیکرەی شیعرییەو وا لە خوێنەر دەکات ئەو ڕستەیە وەکی ڕستەیەکی ڕووت وەرنەگرێ، کاتێک ئەو فیکرەیەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە رستەکانی دواتر دەخوێنینەوەو دەگەینە شاڕستەی شیعرەکە کە دەڵێ:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاوهەرگیز
بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز

شیعری"ئافرەت و جوانی" وەکی تای تەرازوو ئەو سەرو ئەو سەری بەو ڕستەیە ڕاگیراوە، بۆیە هەموو جارێک کە ئەو شیعرە دەخوێنمەوە هەست دەکەم گۆران وەکی وەستایەکی کارامە دەیەوێ هەتاومان نیشان بدا، بەڵام ڕاستەوخۆ خۆری خۆی دەرناخا، سەرە تا لە تاریک و رووناکی بەرەبەیانەوە دەست پێدەکات لە ناکاو هێزی گەرموگوڕی ڕۆژ دێتە ناوەوە، مەنتقی تاریکی دەشکێنێ، گۆران لە بەر ئەوەی شاعیری مرۆڤ بووە نەک هی سروشتی ڕووت بۆیە لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ: کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەڕوانی.. تەلیسماوییە وەک هی دڵداری؟

کۆلن ولسن لە کتێبی"مرۆڤ و هێزە نادیارەکان" زانیاری بەسەر دوو جۆر دابەش کردووە، زانیاری مانگی کە بریتییە لەو کۆمەڵە زانیارییانەی مرۆڤ لە ڕێی ڕوح پێیان دەگا. لە ڕێی سیحرو پەنهانییەکان، و ئەوی تریش هی خۆرییە کە زانست و مەنتق و عەقڵ بەرهەمیان دێنێ.



شیعر ئەگەرچی لە ناو هیچ جۆرە زانیارییەک خۆی پاوان ناکاو دەکرێ سوودیان لێ وەربگرێ بۆ پەرەپێدانی شێوازەکانی دەربڕین، وەلێ تەواو گیرۆدەی زانیارییە مانگییەکانە، لەوەش زیاتر خۆیشی بەرهەمهێنی جۆرە زانیارییەکە کە لە هیچ شوێن و کاتێکدا دەست ناکەوێ جگە لە ناو شیعر خۆی نەبێ، بۆیە دەبینین لە فەلسەفەو ئایندا حسێبێکی تایبەتی بۆ شاعیر کراوە کە غەیب ناسە بۆیە لە قورئاندا دەڵێ "الشعراء یتبعهم الغاوون" و ئەفلاتوونیش لە کۆمارەکەی خۆیدا وەدەری ناون، چونکە ئەوان جۆرە فیکرەیەک بەرهەم دێنن کە فیکرەی تارماییە یا ڕاستتر فیکرەی شیعرییەو جیاوازە لە هی فەلسەفەو ئایین. سەلیم بەرەکات ڕای وایە کە شیعر کێڵگەی مەعریفە گەلێکە، واتە هەموو جۆرە مەعریفەیەکی تێدا دەچێنرێ و دەڕوێ، مەرجیش نییە ئەوەی دەیچێنی هەمان جۆرت بۆ بەرهەم بێ، لە زانستی کشتوکاڵدا تۆو کاتێ دەچێنرێ هەندێک گۆڕانی تێدا ڕوودەداو دەبێتە مایەی گۆڕان لە جۆر لە شیعریشدا وایە.

لە شیعری تازەدا کە وەزن و ئیقاعی باو ئەو ڕۆڵەی جارانی نامێنێ هەندێک جار شاعیر پەنا دەباتە بەر جۆرە ئیقاعێک کە دەکرێ پێی بوترێ ئیقاعی فیکرە.

# وەزیفەی شیعر

هەندێک جار ئەوانەی بەها و بایەخی شیعر ناناسن لە ژیانی ڕوحی میللەتان و کەساندا لەخۆڕا جۆرە بیرکردنەوەیەکی چەوت دەردەبڕن گوایە شیعر زیادەیە، یا لە واقیعی ئەمڕۆدا جێگەیەکی ئەوتۆی بۆ نەماوە، وەکو ئەوەی هێندە تەکنەلۆژیاو زانست و کۆمپیوتەر لە ناو کوردەواریدا گەشەی کردبێ جێگەی بەو مندالە ناشەرعییە لەق کردبێ!

بەر لە هەموو شتێک ئەوانەی ئەو جۆرە بۆچوونانە دەردەبڕن ئاگاداری کلتووری خۆرهەلات نین، کە شیعر کۆلەگەی سەرەکییەتی و پاشانیش بەشێکی گرنگە لە مانەوەو بەردەوامبوونی زمان و بوونی نەتەوەیی کوردو تا ئەمڕۆش ئەو بایەخە لە زیادبووندایە، شیعر ئەلبوومی تاڵ و شیرینی ڕۆژگارەکانی کوردە، لە خەباتی سیاسی و حوجرە و بۆنە گشتی و شەخسییەکاندا هەر شیعرە کە ئامادەبوونی تەواوی هەبووە، سەرەڕای ئەوەی کە شیعر بەتامترین و بۆنخۆشترین خۆراکی ڕوحی مرۆیەو ئەگەر میللەتێک بتوانێ شیعر لە بوونی خۆیدا بسڕێتەوە ئەو میللەتە دەچێتە ناو تابووتی لەناوچوونی خۆیەوە.

ئیمپرتۆئیکۆ لە وەزیفەکانی ئەدەبدا باسی بایەخی دانتی دەکاو دەڵێ ئەگەر دانتی نەبا مومکین نەبوو زمانێکی ئیتاڵیایی یەکگرتوو دروست ببێ لە کتێبی"دەربارەی فەساحەت لە زمانی قسەپێکراوەدا" دەبینین دانتی ئیدانەی ئەو هەموو شێوە ئاخاوتنە دەکا کە لە ئیتاڵیادا هەبووەو پێشنیاز دەکا کە زمانێکی میللی نوێ بدۆزرێتەوە کە دواتر"کۆمیدیای خواوەند"ی پێ نووسی. ڕاستە چەندین سەدەی ویست تا ئەو زمانە بووە زمانی هەموو خەڵکی . ئیکۆ لەوەش زیاتر دەڕواو دەڵێ: ئەگەر ئەوەش نەبوایە ڕەنگە یەکێتی سیاسی وڵاتەکەش ڕێگای جێبەجێ بوونی لە بەردەمدا ئاوەڵا نەبوایە.

نالی موعجیزەیەکی لەو چەشنەی دانتی کردووە لە شیعری کوردیداو ئەو زمانەی ئەو پێی نووسیوە بۆتە زمانی بەشی هەرە زۆری ئەدەبیات و خیتابی سیاسی و بەیاننامەو پەیڕەوی حزبەکان و بڕیارە یاساییەکانی پەرلەمان و حکوومەت بەو



شێوە ئاخاوتنە دەنووسرێتەوە لە بەشێکی گرنگی وڵات کە ڕەنگە ئەوە لە داهاتوودا بە بارێکی دیکەدا بکەوێتەوەو بەفراوانتریش بێ، مادامەکێ ئەم ناوچەیە بەشێکی گرنگە لە دەسەڵاتی کوردی ئێستاو ئایندەدا، ئەوە زمانی شاعیرە کە ئەو ڕۆڵە دەبینێ و ئەوە شیعرە دەتوانێ ئەو موغامەرەیە لە زماندا بکات، بۆیە شیعر چەندە بە ڕوحی تاکەوە گرێدراوەو لە پەنهانترین دەماری ناو ئاگایی و نائاگاییەوە دێ، هەمیشە دەچێتە ڕوحی تاکەوەو لە ڕێی تاکەوە پەیامی خۆی دەگەیەنێ، وەلێ ئەنجام دەبێتە گرنگترین خانە لە بونیادی نەتەوە، مەرجیش نییە ئەو جۆرە شیعرە بۆ میللەت و قەزیە گەورەکانی نووسرابێ، دیسان (نالی)زیندووترین نموونەیە.

# هەڵکەندنی مانگ بە برژانگ

## یاریکردن لەگەڵ هەندێک پیتدا

١

پیت یا حەرف دانەی ئەلف و بێیە، بەرەکەت و فەڕیشە، لە هەندێک ناوچەدا بە پەنجە تووتەشی دەڵێن و بە مانای هەندێکیش دێ. هەموو ئەوانە شتی بچووکن چەشنی تۆو دەنکە گەنم، بەڵام بەخشندەو بەفەڕن، من مایل بەو شتە وردیلانەم و هەمیشە مایەی دڵنیایی و ئارامین و سەرنجم لە هەموو لایەکەوە لارە بۆیان، ڕەنگە سەرەتا کەس خۆزگەیان پێ نەخوازێ کەچی کە بەریان دەبینرێ ئەوسا شاگەشکەو مەستوور دەبین لە ئاستیاندا، ژیان بەو شتە بچکۆلانەوە ماناو بەهای دیاردەکەوێ ئەگەر هەر شتی زل و قەبە هەبان تووشی گرفتێکی بنبەست دەبوو، هەر بۆ نموونە لە مرۆڤدا بێنە بەرچاوی خۆت، ئەگەر پەنجەو چاو و برژانگ و چی و چی نەبووایە، جەستە چۆن دەبووە دەعبایەکی سەیرو سەمەرە، دڵیش بەو بچووکییە ئەو هەموو سیحرو فەڕەی تێدا خڕدەبێتەوەو ئەو هەموو خەون و خەیاڵە بە خوێندا دەنێرێ بۆ دوورترین وردە دەمارو دەیانخاتە ناو کانگای ئەڤینەوە، هەموو شت لەو وردییەوە گەورە بووە، جاری واش هەیە هی گەورە لەگەڵ ڕۆژگاردا وردبۆتەوە، ئێستا هەقیقەت لە دوا پەرەسەندنیدا هێندە وردبۆتەوە جاری وا هەیە بە زەحمەت دەبینرێ، ئەوەش بەو مانایە نییە کە هەقیقەت نییە ئەگەر بەچاویش نەبینرێ زۆر ژیانی ورد هەیە بەچاو نابینرێن کەچی لەژێر مایکرۆسکۆبدا بە هەزاران. پیت وێنەی هەیە وەکی چۆن مۆسیقای هەیە، خەیاڵی هەیە وەکی ئەوەی ڕێساو واقیعیشی هەیە، جەستەیەو ئەفسوونیش، نیشتمانی پیتەکان هیچی کەمتر نییە لە باخچە کە شانازی بە گوڵ و مەلەکانییەوە دەکا، واوێک کە هێندەی پەلکی باریکی گیایە لە پاش و پێش و لە ناوەندی وشەکان دەڵێی کارمامزە دەبەزێ بۆ گرتنی تاژی ڕێ و کاف و سین و جیم پێی ناگا، کە بوون بە دووانیش ئەوە دەیان خەیاڵی دوور دەبەنە ئەوپەڕی سنوور، میوەش کە لاسوور بوو ئەو کات تام و نەشئەی زۆرتر دەبەخشێ، هەر پیتەو بە تەنیا لاوازە کە چوونە پاڵ یەکتری و کەوتنە حاڵەتی تەباییەوە بەهێزو گەرمتر دەگەڕێن لە



گەرووودا وەکی ڕێ(ڕ)و میم(مم)و.. ت و ، کەچی هەندەک تاک و تەنیایەو هەرواش دەمێنێ.. لە منداڵێکم پرسی جیاوازی نێوان خێ و خێ؟ گوتی یەکیان وردەو ئەوی دیکە درشت! ئەو هەردووکی بەخێ ی تام تێگەیشت. دەزانم کە گەورە بوو ئەوسا هێزی تجرید لەلای گەشە دەکاو دەزانێ یەکیان پیتەو ئەوی دیکە خێی خواردن و ناو چێشتە.

لە باخچەی پیتەکاندا باڵ لێک دەدەم، پەپوولەی شیعر دەنیشێتە سەریان، هەلاڵەیان دەمژێ و بۆنێک دەکا کە پێشتر هیچ لووتێک نەیکردووە، پیت هەیە پان و پۆڕ وەکی گوڵەباخ پەڕی خۆی هەڵدەخا، هەیە وەکی تاووس دەیانکاتەوە، هەشە باریک و زراڤ، هەیە دڵخۆش و هەشە غەمگین.. هەندە لەگەڵ ژیان هەستاون و دانیشتوون ڕەنگ و خەسڵەتی ئەویان گرتووە.

ئەوەی من دەیکەم لە دیمەنی باخچەدا نمایشکردنییەتی، باخچەوانییە، ئاودان و بژارکردن و سەر و گوێ کردنی لقەکانە، نەرمکردنەوەی خاکی ژێرییەتی، دەشزانم ڕەگی هەریەکەیان پەرش و بڵاوە بە دەوری خۆیدا، ئاووهەوا لەو دەوروبەرە وەردەگرێ کە تێیدا نەشونوما دەکا، ئەوەش نیعمەتێکی گەورەیە مرۆ بە سروشتی بەخشیوەو ئەویش کردوویەتی بە شوێنی ئارامی و خۆشگوزەرانی بۆی، پیتەلۆژیم کردۆتە بیانوو بۆ ئەوەی ڕستەی دواترم لێ قبووڵ بکرێ، ئەگینا بابایەک لووتی دەتەقێ بە لووتمەوەو دەڵێ مانگ بە برژانگ چۆن هەڵدەکەنرێ؟! مەبەستیش هەڵکەندنی یادەوەری مرۆیە لە ئاست نزیکترین دۆستیدا کە زمانە. شەو چۆن خڕدەبێتەوە لە دەوری تریفەی مانگدا، ژیان ئاوها کەوتۆتە داوی زمانەوە، برژانگیش ئامرازی پاراستنی جوانییە لە چاودا تا بینین تۆز نەیگرێ و لێڵ دانەیێ تەماشا.

هەر لە سەرەتاوە دەچمە ناو هەوایەکی پاکەوە، واتە لە دەرێ لەودیو دیواری زانراوەوە پەپوولەی پیتەکان هەڵدەفڕێنم، هەندێکیان سادەو ئەوی دیکە خاڵدارن، شنەی خەیاڵ باخچەکانیان دەلەرێنێتەوە، ئەو هەموو ڕەنگە لە هەوادا پەرت دەبن و نەشئەیەک دەبەخشن، من ناوی لێدەنێم پیت پژان.

## ۲

پیت هەیە خاڵدارو هەن دەڵێن ئەو جۆرە پیتانە مایەی شوومن بە تایبەتی ئەوانەی سێ خاڵیان هەیە. خاڵ جوانە بە تەبەشەوە، بە کوڵم و چەناگەوە، وردەخاڵی سەر ڕوومەتیش. پیتیش لە دەموچاو دەچێ، خاڵ بۆ شوومە بەسەریەوە؟!

پیتی بێ خاڵ لووس و بێگەرد خۆیان دەنوێنن، هەندێکیان لە شووشەو کریستاڵن، ئەوانی تر مەڕمەڕو یاقووت. هەن بێ باڵن وەکی ل م، هەن باڵدار وەکی گ ز. ڤ پیتێکی گوناحە، خاڵدارەو بە زۆری خراوەتە ناو سنوری ناوچەگەرییەوە، پەیمانت دەدەمێ ئەی پیتی دۆست! تا ماوم دژی ئەو تەلبەندە بجەنگم کە زمانی پڕکردووە لە دڕک و دڵم پڕ بکەم لە ئەڤین. بە پیتی یەکەم و یەکەمین سەرەتا دەست پێ دەکەم، پیتێک کە نیمچە شەرمنەو کەمێک دوودڵ و تەماوی. هەموو سەرەتایەک هەر وایەو هەر بەو شێوە نادیارە دەست پێدەکات، تا دێ جوانتر دیار دەبێ و شیرنتر دەنوێنێ.

یەکەمین پیت لە گەڵ یەکەمین هەناسە، نیشتە سەر شانی یەکەم مرۆڤ و ناوی نرا ئادەم. کێ یەکەم جار بانگی کرد؟ کێ بوو ناوی نا؟ بەو ئەلفە دەست پێ دەکەم، ئەو (ئێ)یە. سوێندم بەو ئەلفە کە سەرەتایە، دەست نەدەم لە شتێک کە مایەی شەرمەزاری بێ، دەست بۆ هیچ نەبەم ئەگەر دڵنیا نەبم دژی بەشەر نییە.

ئەلف لە هەموو زمانەکاندا دەکەوێتە پێشی پێشەوە، جارێک لە ڕاستەوە دەست پێدەکاو جارێکی تر لە چەپەوە. لە کوردییدا ئەو شەرمەی هەیە (ئ)، لە عەرەبیدا بێ شەرمە (أ) و لە ئینگلیزییدا تەواو دڵنیاو ئارام لە سەر دوو قاچ دەوەستێ(A). سوپاس بۆ ئێ! کە لە زمانی مندا تەواو شێوەی میللەتەکەمی گرتووە، دوودڵ و نائارام، ترسێک بە دوایەوە، بۆیە هەمیشە دەنووسێ بە پیتی دوای خۆیەوە. بەداخەوە جورئەتی دال و ڕێ و واوی نییە، کە بێ ترس بە تەنیا دەچنە هەموو شوێنێک و لە هەموو ڕێیەکیش دەدەن و لە هەموو شوێنێک و لە هەموو ئاوێکیش دەپەڕنەوە.

ئێ پیتێکی خاکییە وەکی چیانشینان بێ فیزو سادە، هەر تەنیا قوڕگ بجووڵێ، ئەو دێتە ناو حەوشەی ڕازو دەنگێک دروست دەکا کەمێک گڕو کەمێک نێرانە. ئەو پیتە



لەبەر ئەوەی یەکەم جار ئادەمی ناسیوە، هەر بەو ناسینە هاتۆتە ناوەوەو هەرواش ماوەتەوە. بەوپەڕی دڵنیاییشەوە حەرفێکی دنیایی نییە بۆیە لە ناو هەموو فەرهەنگی کوردییدا کەمتر وشەیە بەدو خراپ و کەمتر ئۆین و مەکربازی هەیە بەو پیتە دەست پێ بکا، بە پێچەوانەوە زۆربەی وشەکانی ئەو نیشتۆتە سەر تەوێڵیان هەموویان مایەی ئارامی و بەختەوەری و فەڕن. هەر لە ئاو و ئاگرەوە بگرە تا ئاسمان و ئەڤین و ئەسرین و ئازادی و ئەستێرەو ئەرخەوان و ئەندێشەو ئاخ..

خۆ هێندە نەزان نیم ئۆین و ئەوق و ئیعدام و ئەتک.. هەن ئەوانیش بەو ئی یە دەست پێ دەکەن.. بەڵام ئەوانە هەموویان بچنە سەر یەکتری ناگەنە ئێ.. ئێمە هەر ماوین لە (ئاران).

(ئ) هەندێکجار جێی خۆی دەداتە هێ، ئەوەش هەر لە شەرمەوە دێ، ئەگین ئەو ئەسپە چۆن بەرلەوەی بحیلێنێ بووە هەسپ و ئەو ئێسک و پروسکە چۆن بوو بە هێسک و ئەو ئاودەنگی یە بووە هاودەنگی؟! کامیان جێگای خۆتان بەخشی؟

عەرش بە پیتی ئەلف دەست پێ دەکا، ئەو عەرشە پان و بەرینە چەند باوەڕی بەو پیتە بوو، پاشان بووە گێژەلووکەو و پیت باران.. پیت باران بوو.. پیت باران، تا لافاو هەڵی کردو هەندێک پیت دوو دوو، هەندێک بە کۆمەڵ، چوونەوە سەر پشتی زمان و لە بەرزایی شەویلاکدا مانەوە، بیست و هەشت بوون، بیست و نۆیەمیان ئەو کۆترە بوو کە چوو هەواڵی وشکایی بێنێ، چڵی ژیانی گرت بە دەنووکی.

## ۳

شاعیران و هونەرمەندو ڕابەرانی سۆڤی هەریەکەو بە ئاراستەیەک هەوڵی ناسین و ناساندنی دنیای حەرفەکانیان داوە. لە ناو شاعیراندا ئەدۆنیس و لە ناو هونەرمەنداندا شاکر حەسەن ئال سەعید و لە ناو سۆفییاندا ئیبنو عەرەبی دیارترینیانن لە ناو عەرەبدا. بەش بەحاڵی خۆم شتێکی ئەوتۆم لە ئەدەبی کوردییدا نەخوێندۆتەوە کە باسی دنیای سەراسیمەو ڕەنگاڵەیی پیت بکاو هێندە خەرمانەی خەیاڵ هەڵبدا بە دەوریاندا . کورد هێشتا لە ئاگر نەهاتۆتە دەرێ، میللەتی ئاگرەو پەلاسی خۆڵەمێش، داماڵێنی ئەو بەرگەش دژوارە.

ئینبو عەرەبی چەندین بەشی کتێبی (ئەلفتوحات ئەلمەکییە)ی تەرخانە بۆ باسی پیت و ژمارەکان، ئەو سی ساڵان خەریکی ئەو کتێبە بووە بۆیە ئێستا توێژەرەوان بە پوختەی بەرهەمەکانی دەزانن و لە ساڵیادی لە دایکبوونیدا ساڵی١٩٦٤ لە میسر یەکەمین جار ئەو کتێبە بە هەوڵ و کۆششی دکتۆر عوسمان یەحیا بڵاوکرایەوە.

لە میسر ساڵانی بەری ئەو تەقلیدە کەلتوورییە هەبووە. لە سەد ساڵەی بیرمەندو ئەدیبێکدا بەرهەمەکانیان ساغ کردۆتەوەو پێشەکی و لێکۆڵینەوەیان بۆ نووسیوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە پێویستییان بەو جۆرە ساغکردنەوەو پوختەکردنانە هەبووە، لەوانە بەرهەمەکانی ئەبو عەلای مەعەری و فتوحاتی ئیبنو عەرەبی کە لە دکتۆر عوسمان چەندین نوسخەو هەزاران لاپەڕەی بەرهەمەکانی کۆکردتەوەو تورکیاو فەرەنساو کێ گەڕاوە بە دوایاندا. من کارەکانی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بە هاوشێوەی ئەوان دەبینم. ئەو جۆرە شەونخوونی و ساڵەهای ساڵ گەڕان و پشکنینەکاری دانسقەی لێ دەکەوێتەوە. کاتی خۆی تەها مەحموود تەها وای کرد لەگەڵ بەرهەمەکانی جیمس جۆیسدا، بۆیە ئێستا ئەو کەڵە ڕۆماننووسە لە ڕێی دکتۆر تەهاوە لەناو عەرەب دەناسرێتەوە. ئەو زیاتر لە پێنج ساڵان جیمس جۆیسی خوێندوەو بە دوای بەرهەمەکان و وردکارییەکانی ژیانیدا گەڕاوە، چووەتە دبلن و سێ ساڵان لەوێ ژیاوە هیچ شوێنێک نەما لەوانەی جۆیس لە بەرهەمەکانیدا باسیان دەکا ئەو سەردانیان نەکا. ئەو گەڕان و سۆراخکردن و توێژینەوەیە جگە لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی وەکی (یۆلیسیس)، مەوسوعەیەکیشی دەربارەی جیمس جۆیس لێ کەوتەوە کە سەرچاوەیەکی پڕ زانیارییە دەربارەی ئەو نووسەرەو بەرهەمەکانی.

فتوحاتی ئیبنو عەرەبی چەند سفرێکە من هەر کتێبی یەکەم و سفری یەکەمم دیوە کە دەستەی گشتی میسر بۆ کتێب چاپی کردووەو ئەنجوومەنی باڵای ئەدەب و هونەرو زانستە کۆمەڵایەتییەکان هاوکاری پەیمانگای تۆێژینەوەی باڵا لە سۆربۆن سەرپەرشتییان کردووە، فتوحات یەکێکە لە سەرچاوە دانسقەکانی تەسەوف و بەشی زۆری ئەو کتێبە کاتی خۆی لە ئەستەنبوڵ دۆزراوەتەوە. ئەو شارە زۆر نهێنی ڕۆژهەڵاتی تێدایەو هەندێکیان هێشتا نەدۆزراونەتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە نوسخەیەکی فتوحات کە بە هی بایەزید ناسراوە ئەوی



تریش بە دەستنووسی فاتح ناسراوە دکتۆر عوسمان دەڵێ ، لە (دار الکتب السلیمانیة) لە ئەستەمبوڵ دایە لە ژێر ژمارە ٢٧٥ و ئیسماعیل سودەکین نووری گێڕاویەتیەوە کە قوتابی ئیبنو عەرەبی بووە.

چەند بەشێکی فتوحات تایبەتە بە دنیای حەرفەکان و ژمارەکان کە دەکاتە نیوەی کتێبەکە.

خوا لە مرۆڤدا پیتەکانی خۆی نووسیوەتەوە بۆیە بە جوانی بیانبینەو بە ڕێزەوە بیانخوێنەوە.

ئایا پیتی ناشیرین هەیە؟ هەر پیتەو جوانییەکی تێدایە پێویستی بە دۆزینەوەیە.

گەردوون لە چوار توخم پێکهاتووە، ئاو و ئاگرو خاک و هەوا پێنجەمیش شیعرو ئیقاعە کە دەبێتە سەروەری توخمەکان.

شیعریش لە زمان دروست بووە ئەویش لە پیتەکان و دەنگەکان و ڕەزمەکانیان.

لای سۆفییەکان هەر پیتەو هێمایە بۆ توخمێک لەو چوار توخمانە، ئەوانیش نیشانەن بۆ وەرزێک لە چوار وەرزەکانی ساڵ، ئەلف لایان هێمایە بۆ هەوا، ئەویش نیشانەی بەهارو پایزە کە تێیاندا هەوا لە جووڵەدایەو خۆش و فێنکە، میم هی ئاوە، ئاویش واتا زستان. شین هی ئاگرە ئەویش واتا هاوین.

تەسەوف پیتی لە سەرابی غەیبدا دەبینی لەگەڵیاندا دەکەوتە سەما، هەردووکیان وێڵ بوون بەدوای دەرکەوتنی جوانی خوادا، شاعیران لە کۆت و پێوەندی غەیب هاتوونەتە دەرێ سفرەیان لە سەر زەوی ڕاخستووەو حەرفیان لەو قوڕولیتەیە ڕزگار کردووەو گەشتیان لە خورپەی ناو خوێندا دەست پێکردووە.

شاعیرو سۆفییەک، لای ئەویان حەرف جەفایەو لای ئەمیان سەفا، لای ئەویان دوورییەو لای ئەمیان وەسڵە.

شبلی دەڵێ: من خاڵی ژێر بێم(ب)
بەو پێیە عابدو مەعبودێک جیادەکرێنەوە.
شاعیر خاڵی سەر نوونە.
بەو نوونە جیادەکرێنەوە عاشقان.

## ٤

(ئاتمان) وشەیەکی کوردی نییەو دەشێ وشەیەکی جیهانی بێ. لە بیری کۆنی هیندو چینییەکاندا بۆ کرۆکی کەسایەتی مرۆ بەکاردێ و مەبەست زاتی ڕەهایە کە دوای مردنیش لە کۆتی بوون ڕزگاری دەبێ و هەر دەمێنێتەوە.

لە ئۆ بانیشاددا کە دەقێکی نیمچە شیعری و نیمچە فەلسەفییە نوقمە لە تەمی ڕوحدا، ئاتمان هێزی بەردەوامبوون و درەوشانەوەیە هەرکە دەرکەوت ئیتر کوژانەوەی نییە، ئەو هێزە دەبینرێ و نابینرێ، لەو جێیەی کە دەبینرێ کاتییەو لە شوێنە هەمیشەییەکاندا نابینرێ.

(شنکارا) کە باوکی فەلسەفەی هیندییەو لە سی و دووساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، بەو تەمەنە کورتەی گۆبەندێکی ڕوحی لای هیندییەکان دروست کرد کە تا ئەمڕۆ مرۆڤایەتی وابەستەی خۆی کردووە.

داریۆش شایگان کە یەکێکە لە بیرمەندە دیارەکانی دنیای تێکەڵی خۆرهەڵات و خۆرئاوا لە دوا کتێبدا دەچێتەوە ناو بیرە سۆفیگەرایییەکانی ئەو فەیلەسووفە. ئەو میللەتانەی سێبەری ڕابردوویان پان و پۆڕە بە زەحمەت دەجووڵێنەوە، کەچی دەبینین هیندییەکان و چینییەکان تێکەڵ بە جیهانی مۆدێرن بوون و جێگەی گرنگیشیان گرتووەو وازیشیان لەو کەلتوورە دەوڵەمەندەی خۆیان نەهێناوە، ئێمە بە پێچەوانەی ئەوان ڕابردوومان باریک و زراڤەو هەر بە ئاستەمۆکە دیارە بەدوامانەوە دەکشێ و ئەوەی مایەی ئومێد بێ دوو شتە، یەکیان ئەو هەموو ڕابردووە تاریک و پڕ لە جەورە کەچی نەتواینەوەو وەکی میللەت هەر ماوین ئەوی تریان داهاتووە، بەڵام نابێ غافڵ بین لەوەی داهاتوو بە هەمان ئەو کەرستانە زامن ناکرێ کە ڕابردووی پێ بەڕێ کرا، ئێستا لە شوێنێکی نادیاری مێژوودا، لە گەروویەکی دژوارتر لە ڕابردووین، نەپەڕینەوە، شەپۆلی هەزار بە هەزار دەمانبا و ئەو ڕوحە لاوازو جەستە ماندووەمان بە تاشە بەردی زەبەلاح وردوخاش دەبێ.

لە هەشتاکانەوە دوو ئاراستەی فیکری لە ناوماندا لە جموجۆڵدایە، یەکیان وابەستەیە بە ڕابردوو بە بیانووی ڕەسەنایەتی و بارودۆخی کەڵەکەبوو، لە جێگەی خۆی دەخولێتەوە، ئەوی دیکە تێپەڕاندن و نوێبوونەوەیە، تا ئێستا ئەو ململانێیە ساغ



نەبۆتەوەو لە هەر جومگەیەکدا یەکێکیان زاڵترە.

لە بیرو ئایین و فەلسەفەی هیندی و چینییەکاندا ئەگەرچی ئەوانیش لێوانلێون لە میتافیزیک وەلێ جیاوازی بنەڕەتی ئەوان لەگەڵ زۆر لە ئایینەکانی دیکەی خۆرهەڵات بایەخدانە بە مرۆڤ و بە هێزو توانای ئەو. بەو واتایەی ئایینەکانیان لە خزمەتی مرۆدایە نەک ئەو بکرێتە خۆراکی ئاگری سەرکەوتنی ئایینەکان.

پیتەکان دانەی دانن بۆیە ئەو هەموو داوەیان لە دەوری دانراوە، ئەگینا ئەلف خۆی هێندەی دەنکە نیسکێکە ئەو مانگە چۆن لە تاقی ئاسمانێ لەو دوورییەوە کە دیارە چۆن دەشوبهێنرێ بە دەنکێک لە ناو سینییەکی زیویندا.

ئەلف لە ئاودێرو ئاوەژوو و ئاوەدانیدا، هەریەکەیان سەربوردەو گێڕانەوەیەکیان هەیە، چۆن دروست بوون؟

ئەلف ئەو ئاوازە نەرمەیە کە سەرەتای سەمفۆنیاکانی پێ دەژەنرێ، هەموو ئامێرەکان سەرەتا بەو ئاوازەو لە سەر ئەو تەلە دەلەرێنەوە، بۆیە گومان دەکەم، ئەلف پیتێکی کەمانچەیی بێ، چونکە ئەو یەکەم ئامێری ناو ئۆرکسترایە، خۆ ئەگەر فلووت بێ ئەوەیان گونجاو و دروستترە و ئەویش هەوای ناو هەناوی مرۆیە کە دێتە دەرێ جەرگی کون کونی فریای ناکەوێ و ئەو هەموو ناڵەو نەوایەی لێ دێتە دەرێ.

پیتەکان سەمفۆنیان و زمان و زمانۆکەو گەروو لێوەکان و ددان و پووک و مەلاشوو سییەکان... ئەوانە ئامێرەکانی ئۆرکستران و کەسیش بێزار نابێ لە ئاوازیان. بیژەنە ئەی شاعیر بیژەنە، تۆی کە چەند سەد ساڵ جارێک ئامێرەکان توند دەکەیتەوەو ئامێرو تەلی جودا دادەهێنی و مۆسیقاکان پاک دەکەیتەوە لە دەنگی نەشازو گرێ و گۆڵ.

## ٥

(بێ) حەرفێکی سۆفییانەی بێدارە، بۆنی بەیبوونە لە بورجی بەڵەکدا، بەیانییەک نوێژی شیعرم لەو بورجە کرد. ئەو بورجە بنی باخێکی بەرچاو و والایەو پڕە لە بەردی بەزێن و بەسام، سەری گەیشتۆتە کاکێشان و ناوی جێگەی بلوێرژەنی بلیمەت و باڵداری بن باڵ شین و بێری و باوانی بێ نەواو بێوەژنی لەش و لار بادەییە، بەهاری بەهرەمەندییەو بریقەی برین و بگرەو بەردەی بیلبیلەیە لەگەڵ

دیمەنی دڵڕفێن و بەلاڵووکیدا . شەوێکیان لە بەڵخەی هەورامان تەماشای ناو قووڵایی شـــەوم دەکـــرد، دیمەنی بورجی بەڵەکم هاتە پێش چاو لە ناو تەمی ڕووناکی کاکێشاندا، ئەوە (دەشتی)یە لە بەردەمی بورجێکدا بانگم دەکا، بەهلول وەرە ژووری، من شەرابم لە بەهێ و ڕۆح گرتۆتەوەو لە بن دوورترین دەماری عەشقدا هەڵمگرتووە، وتم کاکێشان ڕێیەکی بەهەڕمێنە هەر چەندی پێیدا دەڕۆی هەر وردە ئەستێرەیەو درەوشانەوەی زیاتر دەبەخشێ، سەری بە ئاستەم هەڵبڕی، تەپ و تۆزو گاز سپی دەچوونەوە"ئێستا من وام لەناو هەزاران سندووق" مەبەستی توحفەی دانسقەو گرانبەهایە، کە وەکی دوڕ لە بنی ئاوێدان، ئەوە ئەفسانەی تازەیە لە شیعردا لێوانلێو بوو لە دەروشانەوە.

عەبەسە دەشتی گیان عەبەسە!

سەیرکە هەموومان پیر دەبین بەدیار عەشقەوە

دێوەکە ئەمجارە تۆو قەلاّ پێکەوە دەخاتە سندووقەوە، کە دێنە دەرێ هەردووکتان قەلاّن و هەردووکیشتان دەشتین.

درەنگە شەوێ شنەیێ کەوتە خوێنمەوە

شنە نییە دەشتی گیان!

ئەوە هەوای لووتکەی ئۆلپە لێت دەدا

دەتباتە سەر خوانی خواوەندان

کە هاتیتەوە

سەبەتەی ئەندێشەمان پڕ بکە لە هێشووی ڕەزەکان ناو لەپمان پڕ بکە لە بۆنیان

ڕۆحمان تێر بکە لە فێنکیان...

(بێ) حەرفێکی بریندارەو بازرەقەی بازێکە لە بورجی بەڵەکدا، بنۆڕە بەردە بازی وشەو باوبۆرانی ئاوازو بێچووە مانای بێ باوان، ببینە بژاری باخەوان لە دژوارترین وەرزی ساڵ، دەترسم بەفرێکی ئەستوور ببارێ و ڕێ نەدا ئەوەی لە ناو بورج دایە بێتە دەرێ، زستانێکی بێ ئامانە دەشتی گیان زستانێکی بێ ئامانە!

بورجی بەڵەک: دیوانی شیعری کەریم دەشتییە... سەد لاپەڕەی قەوارە بچووکە، دەکرێ ناوی دیوانە شیعری عومریش بێ، هێندەی شیعر تێدایە بەشی سەردەمێکی



زۆرمان دەکا، هێندەی حیکمەت تێدایە بەشی چەند نەوەیەک دەکا، هێندە جوانی تێدایە بەشی مەملەکەتێک دەکا، هێندەی ئاوازو هێندەی ئیلهام و هێندەی هێمنی تێدایە بەشی هەموو شتێک دەکا، ئەوە قەدەری شاعیرە لە هەر جێگاو هەر سەردەمێک. بێ: بە بورجی بەڵەک هەڵگەڕاو لەو شوێنەی دەبوو تەماشای دەرێ بکا، چاوی بڕییە ناوەوەو تێر تەماشای خۆی کرد. گریانی خۆی بینی بە چاوی پەلکەکانەوە، ڕەنگی خۆی بینی لە سیمای ئێوارەکاندا، بزەی خۆی دی بە دەنووکی مەلەکانەوە، گوتیان ئێرە جێگای ناجێگایەو لە دەرەوەی کاتدا کاتێکە هەر دەگرین و هەر پێدەکەنین و هەر دەمرین و هەر زیندوو دەبینەوەو هەر دادەگیرسێین و هەر دەکوژێینەوەو هەر دەنووسرێین و هەر دەسڕێینەوەو هەر دەبارێین و هەر دەتوێینەوەو هەر.. هەر.. هەر.. هەر عاشقین.

٦

(ت) حەرفێکی نامۆو ئاڵۆزەو بە تایبەتی کە دەکەوێتە سەرەتای ڕستەو بەرایی وشەوە جێگیرو هەناسەبڕە لە کۆتاییەکاندا. تەمەن لەگەڵ مردندا دوو وشەی گرنگیان هاوبەشە، میم و نون کە هەر یەکەیان هێماو دەلالەتی جودا لە خۆ دەگرن. یەکیان گەرم و ئەوی دیکە ساردو یەکیان بەرانبەر ژمارە (٧)و ئەوی دی ژمارە (٩) هەردوو ژمارەش تاکن. ئەو هەموو پیتسازییە لە شیعرێکی نەوزاد ڕەفعەتدا بەرجەستە بووە:

هەنە تەمەنیان باخچەیەکە

هەموو سەر لە بەیانییەک

گوڵێکی تیا دەپشکوێت

هەندێکیش لە هی من دەچێت

دار هەنجیرێکی زەردباوە

هەموو ڕۆژێک

هەنجیرێکی باقۆ دەبێت

دەمەو خۆراواش لە خۆڕا

تەپ دەکەوێت

نەوزاد ئەو شیعرەی لە کۆتایی هەشتاکاندا نووسیوە. پیتی(ت) لە وشەی تەمەن و تەپ دا هەریەکەو لە پیاسەی ئێوارانێک دەچێ بەرەو ڕووی زەردەو بە کۆشێک نائومێدییەوە.

شیعر بە کورت و درێژی نییە، هەموو ئەو شیعرە کورتانەی نەوزاد نووسیونی شیعری هونەری دانسقەو پڕ جۆش و بێ گرێن و خاسیەتێکی گرنگیان تێدا بەرجەستەیە ئەویش پاکییە، پاکی ئەو هەستە مرۆییانە کە دەبنە خەسڵەتی ئەدەبی زیندوو، کاتێک لە شیعرییەتدا دەتوێنەوە.

تەمەن ڕاکردنە بە دوای تراویلکەدا ئەوە پوختەی ئەو ناهوودەییەیە کە لە شیعری نەوزاددا چینەی کردووەو لە کاتی خوێندنەوەیان توانای شاعیر وامان لێ دەکات کە تووشی دڵەڕاوکێیەکی قووڵ بین، ئاخۆ ئەو ڕێیەی گرتوومانە کوێرەڕێ نییە؟

مرۆ هەمیشە دەتوانێ بە یەک ڕێیاندا بڕوا ئەوەش بەشێکە لە کارەساتەکە، خۆ ئەگەر بیتوانیبا لە یەک کاتدا دوو سێ ڕێیان هەڵبژێرێ ئەوسا ئەگەرەکانی شکست و پەشیمانی کەمتر دەبوون و کۆتاییەکانیش هێندە نزیک و کەمەرشکێن نەدەبوون، بەڵام مرۆ دەتوانێ بەو هەست و ئەو هۆشە کەمەوە دەرەقەتی گرفت و ئارێشەو بگرەو بەردەی ئەو چەند ڕێگەیە ببێتەوە؟ پێموایە ئەوەی داهێنەران دەیکەن شتێکی لەو چەشنەیە، هەوڵدانێکە بۆ ڕزگارکردنی مرۆ لەو تاکە ڕێگایە! لە ڕێی دۆزینەوە و زیندووکردنەوەی ئەگەری ژیانەکانی دیکە، هەر بۆیەشە دەکرێ بڵێین مەحاڵە داهێنەران یەک ژیان بژین و بەس، ئەوان چەند ژیانێک دەژین و بانگەشە بۆ فرە دیدگاو فرە ڕەهەندی دەکەن.

ئەو شیعرەی نەوزاد شێوەیەک لە نائومێدی گۆدۆیی تیدایە، ئەوەی سمۆئیل پیکیت لە چاوەڕوانی گۆدۆ هەستی پێدەکا، نەوزاد لەو شیعرەیداو لە زۆر شیعری دیکەی ناو دیوانی"پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە" بەشێوەیەکی کارامە دەری دەبڕێ.

(ت) حەرفێکی تەواوە نە جێگەی خاڵێکی تێدا ماوەو نە دەشتوانی شتێکی لێ لاببەی، دەموچاوێکی تەماوییەو دوو کونی چاوی ڕەش دەچێتەوە، بۆ دەربڕینی دەبێ زمان توند خۆی لە بەشی پێشەوەی شەویلاک گیر بکاو کاتێک بەرەڵڵای دەکا دەنگێک دروست دەبێ، ئەو دەنگە (تێ)یەو کەمێک دەگیرێ و هەمان شێوەی (د)ی هەیە لە دروستبوودا بۆیە هاوسێیەتی لە دەنگ و دەربڕیندا.



نەوزاد ڕەفعەت بە شێوەی دروستبوونی(ت) شیعر دەنووسێ سەرەتا بەهرەو سەلیقەو ئاوازی لە دوندێک گیر دەکا دەیەوێ بیگرێ، دەفڕێ دەبێتە باز، باڵ لەیەک دەدا دەفڕێ و لەوی ترا دەنگێک دروست دەبێ و بەهرە دەتەقێ و شیعر دەزێ.

٧

(چ) حەرفێکی گیرو عاسێیە، بەزەحمەت لە نێوان زمان و ددان و بەشی سەرووی شەویلاک دەردەپەڕێ، ئیشی ئەوەشە شێوەی جۆرە بلحییەکی پێوە دیارە، ئەو پیتە لە ئاژەڵێکی زل دەچێ کە بێچووەکانی دوای خۆی دابێ، هەر جارەو هەڕەشە لە بێچووەکانی دەکرێ، ئەگەر یەکیان بمێنێ دەبێتە (ج)و خۆ ئەگەر هەرسێکیان بڕفێنرێن ئەوا پاک و لووس و بێ نوقتە دەمێنێ و دەبێتە (ح)ێ حاپوول، ئەو وشەی حاپوولە چەند سەرنجی ڕاکێشاوم لە منداڵیدا. ئەو چین و ماچینە بۆ چینەکە نەچین؟ کە دەچین ماچین ماچینە بۆ چینە؟ ئەو حەرفی لێرەوا ڕونوالی چڕوپڕ دڕندەو ورچ و جانەوەری گەورەیە، پڕ کەمتیارو داڵ و بەراز، بەشفرەی تیژو چڕنووک و لموزیان کەسکایی دەشێلن و لکی تازە دەشکێنن.

پیتە تایبەتیەکانی کوردی وەکی خۆی بە فەڕن و لە هەمان کاتیشدا مایەی دەردەسەرین، چ و گ و پ... هەریەکەیان لە هێڵ و خاڵدا دەوڵەمەندن وەلێ هەردەم دەبنە ئامانجیی هەڕەشەی ئەم و ئەو، زۆرتریشیان کە بەر ئەو جۆرە پەلامارانە دەکەون پیتی (چ)یە، ئێ باشە سێ خاڵ زۆرە بەشی دوو پیتی دیکەشی خاڵ پێوەیە.

(چ) لە وشەی چارشێودا کە بەسەر سەری ئەو ژنەوە بوو کە یەکەم جار شایەدی لە دژی ئەنفال دا، یەکەم جار لە بالیسانەوە گەیشت، چەشنی عیسایەکی مێ بەسەر قەنارەوە بەرامبەر جەللادەکان وەستا! خودایە! ئەوانە باڵندەیەکی باخچەی تۆ بوون بۆ وایان لێ هات؟ ئەو هەموو ئاوە هی چ دەریایەکی سوورە بەو شێوەیە لە چاویاندا سەری هەڵداوە؟ نێوانی بالیسان و بەغدا چەند دوورە، کە ئەوانە بە سەرپەرشتی تراکتۆری زامەکانەوە بە نۆزدە ساڵ گەیشتن نۆزدە ساڵی تەواو. نۆزدە ساڵ عومرێکە!

ئایا ئەوانە مەسیحین یا جوولەکە یا موسڵمان بە چ دینێک بیانبەخشن؟ چ یاساو ڕێسایەک تۆڵەیان دەکاتەوە؟ ئەو کەڵبە ژەهراوییانەی ناو قەفەس بچنە دۆزەخیش

ئەنفالی  دەکەن! ئەوانە تاعوونن لە شکڵی بەشەردا خودایا، خودایا!

ئێستا(چ) حەرفێکی یاخییە لە تەوقی حەللاجدا وەستاوە! دوای ئەنفال هەموو دنیا شەرم لە ڕەنگی چارۆگەی ژنەکان دەکەن، جەللادەکان نەبن،

ئەوان چ دڵێکیان هەیە، چ بەردێک؟ بەردیش وا نییە.

ئێستا دوای ئەنفال چ شتێک پێویستە:

یەکێک دەڵێ ڕقی پیرۆز!

نەء خۆشەویستی زیاترو

خۆشەویستی بەهێزترو

خۆشەویستی... ئەوەی بە خۆشەویستی تێکدەشکێنرێ بە هیچ هێزێک دروست نابێتەوەو ئەوەی بەختەوەری بنیاتی دەنێ بە هیچ هێزێک تێک ناشکێنرێ.

# پێڕست


ڕوونکردنەوەیەکی پێویست ..... 5
پێشەکی ..... 7
بۆنی مێخەک ..... 11
زمان و نامۆیی ..... 14
سیحری ئەنگوستیلە ..... 16
ئیکسیری شڵەژان ..... 19
وەرزی شڵەژان ..... 20
گۆڕە شووشەییەکان ..... 22
چیای ڕۆح ..... 26
بەرد و هاوشێوەکانی ..... 29
ئیمان بە باڵندە بێنن ..... 34
لە خەمی پایزدا ..... 36
کۆنشیرتۆی هاوبەش ..... 40
تخووبە تێکەڵاوەکانی لەش- ڕوح ..... 44
بۆ میهرەبانی پاریس ..... 47
قەسیدەی پەخشان ..... 50
لەپشت شەودا ..... 55
لەپێشوازی ساڵی تازەدا ..... 58
بە بۆنەی لەدایکبوونی"حەوا"ی ناو تاقیگەکانەوە ..... 61
پایزە میوان ..... 64
نامەیەک بۆ خەزعەل ئەلماجدی ..... 67
نەفخی باشوور ..... 70
تۆمارەکانی ڕۆژانی شەڕ ..... 73
ڕۆژانی سەرەتا ..... 76
هەزار و یەک شەوە ..... 79
سێگۆشەی مردن ..... 81
بۆ شتە پەراوێزکراوەکان ..... 84
شیعر ..... 87
پەنهانی دەست ..... 90
دەربارەی کۆمیدیای خواوەندان ..... 96





دوورترین هەست.. نزیکترینیان ..... 99
غەریبی ..... 102
شەوی شاعیری ئێوارە! ..... 106
لە ئێوارەیەکی پایزییدا ..... 107
خودا حافیزی بەس نییە ..... 101
کتێب ..... 113
دەربارەی شارەکان ..... 117
زیندە خەون ..... 121
بۆ شیرین ک ..... 125
دەربارەی شیعر ..... 128
برادەرێکی کۆن لە ئەزەلەوە ..... 131
بۆن ..... 135
وادە ناوەختەکان ..... 138
مانگی نیوە مۆر ..... 141
پەرت بوون لە شوێنەکاندا ..... 146
بەبۆنەی چاپکردنەوەی دیوانی مەولەوی ..... 149
گۆڕان ..... 151
شیعری یەک ڕستەیی و ئێجگار کورت ..... 154
دەق و خوێندنەوە ..... 157
هەتا تۆش ئەی ئیرۆسکێ! ..... 159
ڕۆحە وردوخاشەکان ..... 163
دووەم پۆرترێتی گۆران ..... 168
فیکرەی شیعریی ..... 171
وەزیفەی شیعر ..... 173
هەڵکەندنی مانگ بە برژانگ ..... 175